# چارەنووسی بێسەروشوێنان و موڵکە داگیرکراوەکانی شەڕی ناوخۆ دیار دەکرێن

**تایبەت بە رووداو**

لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بڕیار درا، چارەنووسی بێسەرو شوێنانی شەڕی ناوخۆ دیاری بکرێ و، کێشەی ئەو خانوو و زەوییانەی لەکاتی شەڕی ناوخۆ لەلایەن یەکێتی و پارتی دەستیان بەسەر داگیراوە یەکلایی بکرێنەوە. مەسعود ساڵەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند "لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوو لا رازی بووین پێداچوونەوە بۆ ئەو کێشانە بکرێت کە ریشەکەیان بۆ شەڕی ناوخۆ دەگەڕێنەوە، لەوانەش بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ، پاش پێداچوونەوە بڕیاری یەکلاییکەرەوەیان لەبارەوە دەدرێ".



لاپەڕە (2)

# پارێزگاری موسڵ لەترسی کوشتن دێتە هەولێر

**رووداو- لۆس ئەنجلس تایمز**

دورەید کەشموله، پارێزگاری موسڵ کە لەدوای کوژرانی، ئامۆزاکەی لە تەممووزی 2004 دا بووە پارێزگاری موسڵ، لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە بە بەکرێگیراوی کورد تۆمەتبار دەکرێ، رووبەڕووی زۆر هەوڵی تیرۆرکردن بووەتەوەو، لەوماوەیەدا برا و کوڕێک ونەوەیەکی و 9 ئامۆزا و 17 پاسەوانی تایبەتی کوژراون. ئەو دەڵێ "من ئازار دەچێژم، بەڵام بە بڕوای من ئەوەی روویداوە ویستی خوا بووە". کەشموله کە خۆی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا هەڵنەبژاردووە دەیەوێ بۆ ئەوەی بە ئارامی بژیت، پاشماوەی ژیانی لە هەولێر بباتە سەر.



لاپەڕە (9)

# سیاسەتم بە شیری دایکمەوە خواردووە



**رووداو-سوێد**

بێریڤان ئۆنگۆرور، 29 ساڵ، پاڵێوراوی پارتی چەپی سوێدی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا کە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ ئەنجامدەدرێ، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا گوتی، بەهۆی کوردبوون و لەدایکبوونی لە خێزانێکی سیاسی باکووری کوردستان دا "ئارەزووی من بۆ سیاسەت شتێک نەبووە هەڵیبژێرم، بەڵکو هەر بەشیری دایکمەوە خواردوومە". هەروەها گوتیشی ئەگەر ببێتە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا، ئەوا مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسینی کورد دەباتە پەرلەمانی ئەوروپا و هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی ئەوروپا و حکومەتی کوردستان و چارەسەری کێشەی کەرکووک و پەناخوازانی کورد لە ئەوروپا دەدات.

لاپەڕە (11)


ژمارە (41)

دووشەممە 2009/1/26

6ی رێبەندانی 2708

(750) دینار

Rûdaw

# رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net


# چوار حیزبەکە وەڵامی پارتی و یەکێتی دەدەنەوە

**رووداو- هەولێر**

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان رایگەیاند کە ئەوان وەک چوار حیزبەکە بڕیاریانداوە، ئەوبابەتانەی یەکێتی و پارتی لە روونکردنەوەکەیاندا بەرامبەر راپۆرتەکەی ئەوان وروورژاندوویانن بەمەبەستی ناشیرین کردنیان بەرامبەر جەماوەر روونبکەنەوە. هەروەها ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووش بە (رووداو)ی راگەیاند کە کۆبوونەوەیەک بەسەرۆکایەتی ئەمینداری یەکگرتوو بۆ ئامادەکردنی وەڵامەکە سازکراوە.

دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتی هەرچوار حیزبەکە سۆسیالست و زەحمەتکێشان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی لە رۆژی 2009/1/10 لەسەر رەوشی کوردستان و چاکسازیی لەحکومەت، کە بەرپرسیارێتی هەموو کەموکوڕی و کێشەکانیان خستووەتە ئەستۆی یەکێتی و پارتی، ئەو دووحیزبە لە رۆژی 2009/1/21 بە روونکردنەوەیەک وەڵامی ئەو راپۆرتەیان دایەوە، کەتێیدا ئەو حیزبانە بە پارە وەرگرتن لە چوار شوێنی کوردستان و لە وڵاتانی دەرەوە تۆمەتبار دەکەن و،دەڵێ ئەو حیزبانە کە ویستوویانە خۆیان بکەنە دەمڕاستی خەڵک، لەکاتی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت تەنیا ئەو داوای وەزیری زیاتر، پۆستی ئیداری زیاتر و زیادکردنی بودجەی حیزبەکانیان دەکرد.

سەلاحەدین بابەکر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بە (رووداو)ی راگەیاند کە رۆژی 2009/1/24 بۆ ئامادەکردنی وەڵامێک بۆ ئەو روونکردنەوەیەی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە، کە سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری یەکگرتوو سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی کردووە و سەرۆکی سێ حیزبەکەی دیکە ئامادەی نەببوون و، گوتیشی "لیژنەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی چوار حیزبەکە چەند خاڵێکیان دیاریکردووە کە ببنە بنچینە بۆ وەڵامدانەوەی روونکردنەوەکەی یەکێتی و پارتی، پاشان ئاراستەی سەرۆکی هەر چوار حیزبەکە دەکرێ بۆ ئەوەی رای خۆیانی لەسەربدەن پێش بڵاوکردنەوەی".

هەر لەوبارەوە قادر عەزیز لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)ی راگەیاند، نایانەوێ بکەونە ناو وەمکارییەوە، بەڵام یەکێتی و پارتی هەندێ شتیان وروژاندوە "بۆ ناشرینکردنی هەڵوێستی ئەو حیزبانەیە لە بەرامبەر جەماوەردا، دیارە ئەمە پێویست دەکات ئێمەش راستی مەسەلەکان بۆ ئەو خەڵکە روون بکەینەوە".

روونکردنەوەکەی یەکێتی و پارتی لەبەشێکیدا داوا لەو حیزبانە دەکات لەنێوان مانەوەو دەرچوون لەحکومەت خۆیان یەکلابکەنەوە، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانیش گوتی پێیانوایە بەو فشاریان دەخەنە سەر، بەڵام "لەنێوان بەشداریکردن لە حکومەت و مافی رەخنەو لە قاودانی کەموکوڕی و گەندەڵی و نا عەدالەتی بە دڵنیاییەوە دووەمیان هەڵدەبژێرین".

قادر عەزیز هەروەها رایگەیاند کە پێش ئەوەی یەکێتی و پارتیش داوای خۆساخکردنەوەیان لێبکەن مەسەلەی کشانەوەیان لەنێوان خۆیاندا باسکردووە.

قادر عەزیز، رەتیکردەوە کە ئەوان لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکان هاوپەیمانێتیان پێکهێنابێ و لەبارەی ئەوەش کە بڕیاری پێکهێنانی لیستی هاوبەشیان دابێت بۆ هەڵبژاردن گوتی "هێشتا هیچ بڕیارێکی لیستی هاوبەشمان نییە، هەرچەندە پێکهێنانی ئەو لیستە مافێکی ئاسایی و یاسایی خۆمانە".

هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (6)دا بخوێنەوە.

# گوندی بەلەکجاڕ ترسی کیمیاباران کردنی هەیە..ل 2



دانیشتوانی گوندی بەلەکجاڕی ناحیەی سیۆسێنان لەژێر ترسی 12 موشەکی نەتەقیوی ساڵی کیمیاباران دەژین (فۆتۆ: ئازیز مەحمود)

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو:

# هەموو کارەساتەکانمان بەهۆی عەنتەریاتی مینبەرەکان و دووبەرەکی مێزەر بەسەرەکانەوە بووە

**رووداو- هەولێر**

سەید ئەحمەد بەرزنجی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق و سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، رایگەیاند "هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر عێراق هاتوون، دەگەڕێنەوە بۆ عەنتەریاتی مینبەرەکان و دووبەرەکی مێزەر بەسەرەکان".

سەید ئەحمەد بەرزنجی، کە وتاربێژی مزگەوتی حاجی جەماله لەگەڕەکی موفتی شاری هەولێر، ئەوقسانەی لە دانیشتنی کردنەوەی (کۆنفرانسی پەسەندکردنی یەکتر لە عێراق) کە لەلایەن رێکخراوی تۆلێرانسی ئینتەرناشنال لە رۆژی 2009/1/20 لەهەولێر سازکرا، کردن. سەید ئەحمەد بەرزنجی، لە وتارەکەیدا لەو کۆنفرانسەدا گوتی پێویستە جیهانی ئیسلامی بۆ یەکگرتن چاو لە ئەوروپا بکات. ئینجاش لەکاتی باسکردنی کارەسات و کێشەکانی عێراق دا بەتووندی رەخنەی لە مەلایان گرت و پیاوانی ئایینی ئیسلام گرت و گوتی هەموو ئەو ناخۆشیانەی بەسەر عێراق هاتوون سەرچاوەکەیان مینبەر و مێزەر بەسەرکان بووەو، گوتیشی "ئەو قسەیەم لەگەڵ خۆشە"، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر عێراق هاتوون، دەگەڕێنەوە بۆ عەنتەریاتی مینبەرەکان و دووبەرەکی مێزەر بەسەرەکان، بە خوا سوێند دەخۆم ئەگەر ئێمەی خەڵکی مینبەرەکان و مێزەر بەسەر پێکبێین هیچ کێشەیەک لە عێراق دا نامێنێ".

بەڵام خەیروڵڵا بەسری، کە پیاوێکی ئایینداری شیعەیە و ئەندامی پەرلەمانی عێراقە لەسەر لیستی عێراقیە و، ماوەیەک نوێنەری مەرجەعەکانی نەجەف بووە، ئەوقسانەی سەید ئەحمەد بەرزنجی بە "بۆچوونێکی هەڵە"وەسفکردن و، ئەو حیزبانەی ئایین بۆ گەیشتنە دەسەڵات بەکاردەهێنن بە مەترسی دانان.

وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە 4 بخوێنەوە

لەسەر تۆمەتبارکردنی بەکوشتنی مەهاباد عەلی و داوای دەستگیرکردنی

# سالار جەبار بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دەداتە دادگا

**رووداو- هەولێر**



سالار جەبار کە هەفتەی رابردوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی بەکوشتنی ژنێک تۆمەتبار کراو، وێنەکەی وەک تۆمەتباری هەڵاتوو بڵاوکرایەوە، لە روونکردنەوەیەکدا کە بۆ (رووداو)ی ناردووە، ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوەو دەڵێ سکاڵا لەسەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تۆمار دەکات.

سالار جەبار، کە فەرمادەی لیوایەکی پێشمەرگەی زێرەڤانییە لەهەولێر، لە راگەیێندراوێکدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی بە کوشتنی ژنێک بەناوی مەهاباد عەلی عارف لە 2008/9/12 لەگەڕەکی ئاوبارەی شاری سلێمانی تۆمەتبارکرا. بەگوێرەی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو، سێ کەس بەکوشتنی مەهاباد تۆمەتبارن، دووانیان دەستگیرکراون و سێیەمیان کە سالارە هەڵاتووە.

بەڵام سالار جەبار لەو روونکردنەوەیەدا، دەڵێ کە بینینی وێنەکەی خۆی وەک تۆمەتبار لەچەند ماڵپەڕێکدا تووشی سەرسوڕمان بووە "لەو کاتەی ئەو ئافرەتە ناوبراوە کوژراوە، لە سلێمانی نەبووم و ئەو باسەم لەلا، لە غەریبیش غەریبترە، بۆ سەلماندنی راستی بوونی من لە هەولێر کە شوێنی دانیشتنی خۆم و ماڵ و منداڵمە، دەیان شاهێدحاڵ هەن کە من لەکاتی ئەو رووداوەدا لە هەولێر بووم".

سالار جەبار هەروەها دەڵێ کە داوای یاسایی لەسەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تۆماردەکات و، هەروەها هەموو ئەو ماڵپەڕو رۆژنامانەش دەداتە دادگا کە ئەو راگەیێندراوەیان بڵاوکردووەتەوە، ئەگەر داوای لێبووردن نەکەن. بەڵام سەرچاوەیەکی بەرپرس لەبەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لەسلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو کەسە "تۆمەتبارە بە پێی مادەی 406 و دادگا داوای دەکات، چونکە لەیاسا هەڵاتووە"، گوتیشی "ئێستا شوێنێکی ئاشکرای نییە، بڵاوکردنەوەی وێنەکەشی بە بڕیارێکی رەسمی بووەو یەکەمجاریش نییە وێنەی تۆمەتباری هەڵاتوو بڵاو بکەینەوە، ئێستا ئەو تۆمەتبارە بەکوشتن و هەڵاتن، بابچێتە دادگا و خۆی یەکلایی بکاتەوە". هەروەها گوتی "ئاساییە سکاڵا تۆماربکات، ئێمەش وەڵامی خۆمان دەبێت".

دەقی روونکردنەوەکەی سالار جەبار لە لاپەڕە 16 دا بخوێنەوە

# کوڕی پارێزگاری دهۆک زیندانی دەکرێت

**تایبەت بە رووداو**

بەهۆی کوتانی سێ قوتابی بە ژمارەیەک چەکدار، کوڕی پارێزگاری دهۆک دەستگیرکرا، عەقید فەرهاد ئەتروشی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی دهۆک، لە لێدوانێکدا بە (رووداو) راگەیاند" کوڕی پارێزگاری دهۆک و دوو برادەری، ئێستا لەزیندان دان و کێشەکەیان دەدرێتە دادگا".

سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوکێشەیە بەهۆی شەڕە قسەیەکی نێوان کوڕی پارێزگارو چەند قوتابییەکی قوتابخانەی نوهات لەرۆژی 2009/1/20 سەری هەڵداو، رۆژی دواتر کوڕی پارێزگار بە دوو ئۆتۆمبێلی پڕ چەکدارەوە چووەتە سەر قوتابخانەی نوهاتی نمونەیی و لە سێ قوتابی ئەو قوتابخانەیە دەدەن، لەکاتێکدا پۆلیس زۆربەی کات لە بەردەم ئەو قوتابخانەیە دەوەستێ بۆ پاراستنی ئەمنییەتەکەی. دکتۆر عەبدوللا ئیبراهیم یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "سێ بریندار بەهۆی ئەو رووداوە هێنرانە نەخۆشخانە، بەڵام بەهۆی سووکی برینەکانیان هەرهەمان رۆژ برانەوە ماڵەکانیان".

عەقید فەرهاد ئەتروشی جێگری بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "دوای رووداوەکە دەستمان بە دواداچوون کرد و کوڕی پارێزگاری دهۆک و دوو برادەری ئەو دەستگیرکران و ئێستا لە زیندان دان و، کێشەکەیان دەدرێتە دادگا، بەپێی یاسا سزا دەدرێن". سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند بڕیاردراوە لیژنەیەک لە هەولێرەوە بچێ بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە. هەروەها بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، تەمر رەمەزانی پارێزگاری دهۆک، کە ئێستا لە گەڵ هەردوو پارێزگاری هەولێر و سلێمانی لە بەریتانیایە، گوتوویەتی من لەوێ نیم، بەڵام یاسا لەوێیە و هیچ لاریم نییە بەرامبەر حوکمی یاسا.

فەرید ئەسە سەرد:

# دەمانەوێ هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بدرێنە سەرۆکی حکومەت

**تایبەت بە رووداو**

لەنێو گەرمەی بڵاوکردنەوەی پرۆژەکاندا، فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پرۆژەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا داوا دەکات سیستەمی هەرێمی کوردستان بکرێتە پەرلەمانی و سرود و ئاڵای کوردستانیش بگۆڕدرێن، ئەسەسەرد بە (رووداو)ی راگەیاند ئەوان دەیانەوێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان رەمزێکی بێ دەسەڵات بێ، وەک عێراق کە هەموو دەسەڵاتەکان لەدەست سەرۆکی حکومەتدان.

فەرید ئەسەسەرد، کە ئەو پرۆژەیەی وەک سەرۆکی سەنتەری ستراتیژی کوردستان، کە بنکەکەی لە سلێمانییە لە رۆژی 2009/1/22 بڵاوکردەوە،واتە دوای پرۆژەکەی مام جەلال و چوار حیزبەکە. ئەسەسەرد لەهەڤپەیڤنێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند " دەکرێت ئەمە بە درێژە پێدەری ئەوان بناسرێت". سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی ئەو هەموو پرۆژەیەش گوتی "مانای ئەوەیە تەنگژەیەکی گشتی لە کۆمەڵدا هەیە".

فەرید ئەسەسەرد لە پرۆژەیەدا، کە لە هەموو پرۆژەکانی دیکە گشتگیرتر دادەنرێ، داوایکردووە سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لە سەرۆکایەتییەوە بکرێتە پەرلەمانی، واتە هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیش بدرێنە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران "لەوبارەشەوە گوتی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەرکەسێک بێت، دەبێت ئەم پۆستە پۆستێکی پرۆتۆکۆلی بێت"، گوتیشی بۆ ئەوەش ئەو داوایەی لە پرۆژەکەیاندا کردوویانە هەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو "مەسەلە نەهێشتن"ی دەسەڵاتەکانییەتی. ئەوەش لەکاتێکدایە کە رەخنەیەکی زۆر لەو سیستەمەی حکومەتی عێراق هەیە چونکە دەبێتە سەرچاوەی دروستکردنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرانە و بەوهۆیەشەوە رۆژانە رەخنە لە تاکڕەوی مالیکی دەگیرێت. عەبدوللەتیف وائیلی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند " کە پارەو دەسەڵات و سوپا لەدەستێکدا کۆبوونەوە، حوکمی تاکڕەوی و دیکتاتۆری دەبێتە شتێکی چاوەڕوانکراو".

فەرید ئەسەسەرد، کە دوو ساڵ پێش ئێستا پێشنیازی گۆڕینی ئاڵای کوردستانی کرد و بەرەورووی نارەزاییەکی بەرفراوانی خەڵک بووەوە، لەو پرۆژەیەدا پێشنیازەکەی بۆ گۆڕینی سرودی نیشتمانی کوردستان و ئاڵای کوردستان دووپاتکردووەتەوە، لەکاتێکدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند جارێک دووپاتیکردووەتەوە کە بەهیچ شێوەیەک بەوە رازینابێت. ئەسەسەرد لەبارەی ئەو پێشنیازەشیانەوە گوتی" دڵنیاین خەڵکانێکی زۆر هەن ئەو بۆچوونەی ئێمەیان بەدڵ نییە، بەڵام مافی ئەوەمان هەیە ئەم بابەتە بخەینە بەرچاو".

دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە 7 دا بخوێنەوە

# ڕاپۆرتە هەواڵ



## 50 هەزار دینار دەدرێتە ئەوانەی نەخۆشی ئیفلیجی مێشکیان هەیە

ڕووداو-هەولێر

◆ سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە وەزارەتی دارایی بڕیاریداوە مانگانە 50 هەزار دینار خەرجبکات بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشی شەلەل دەماغیان هەیە. سەبارەت بەکاتی خەرجکردنی پارەکەش، سەرچاوە ئاگادارەکە گوتی "تا ئێستا کاتی خەرجکردنی پارەکە دیار نییە، بەڵام نووسراو کراوە بۆ خەرجکردنی پارەکە".

# چارەنووسی گیراوەکانی شەڕی ناوخۆ ئاشکرا دەکرێ

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو- هەولێر**

لەدوایین کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی لە ڕۆژی 2009/1/20 بڕیاردرا چارەنووسی بێسەروشوێنکراوانی شەڕی ناوخۆ، ئاشکرا بکەن و ئەو کێشەی موڵکایەتییانەی کە تاوەکو ئێستا لەنێوانیاندا ماوە یەکلایی بکرێنەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار زانیاری ئەوەی دایە (ڕووداو) کە بەشێکی زۆری ئەو کۆبوونەوەیە پەیوەست بوو بەباسکردنی پێویستی ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو بێسەر وشوێنکراوانە و ئەو موڵکانەی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا لەلایەن هەردوو حیزبەوە دەستی بەسەردا گیراوەو تاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری نەگەڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکانیان.

لەسەرەتای ساڵی ڕابردوودا لیژنەیەک بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و ئەندامێتی عوسمانی حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆو عومەر عوسمان وەزیری پێشمەرگە، بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتی موڵکایەتی کە لەلایەن هەردوو حیزبەوە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا دروستبووە پێکهات،ئەو لیژنەیەش چەند لیژنەیەکی فەرعی دروستکرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکە.

بەکر مستەفا، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لەهەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا ئەو لیژنەیە بەگەرمی ئیشەکانی نەکردووە، ڕاستە هەندێک لەو موڵکانە گەڕاوەتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری موڵکەکانی یەکێتی لەهەولێر نەگەڕاونەتەوە، دیارە لەسلێمانی و دەوروبەریشی بەهەمان شێوە موڵکی پارتی نەگەڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکانی".

هەرچەندە، ڕێککەوتنامەی ستراتیژی لەنێوان یەکێتی وپارتیدا هەیە، بەڵام بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی پێیوایە، تاوەکو کێشەی ئەو موڵکداریانە یەکلایی نەبێتەوە، گرژی هەر دەبێت "شەڕ دوایی هاتووە، ئەگەر موڵک و ماڵی هەردوو حیزب لای یەکتر بمێنێتەوە گرفت بەردەوام دەبێت و خەڵکانێکیش دەبن هەمیشە ناڕازی بن و بڕوایان بەڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی نامێنێت".

بەپێی گوتەی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی، ئەو موڵکانەی لەلایەن کادیرەکانی هەردوو حیزبەوە دەستی بەسەردا گیراوە، خانوو، خانوی حکومی کە لەپاش ڕاپەڕین پێشمەرگەی چوونەتە ناو و، زەوی کشتوکاڵین.

لەدوایین کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیدا، بڕیاردرا کۆتایی بەگرفتی موڵکایەتی بهێندرێت. مەسعود ساڵەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوو لا ڕازیبووین پێداچوونەوە بۆ ئەو کێشانە بکرێت کە ڕیشەکەیان بۆ شەڕی ناوخۆ دەگەڕێتەوە، پاش پێداچوونەوەش بڕیاری یەکلاییکەرەوەیان لەبارەوە بدەین".

جگە لەگرفتی کێشەی موڵکداری، بەهۆی شەڕی یەکێتی و پارتییەوە،هەزاران کەس کوژران و، لەپاش 10ساڵ لە کۆتایی هاتنی ئەو شەڕەش چەندان ئەندام و لایەنگری ئەو دوو حیزبە لەلای یەکتری بێسەروشوێنن.

ڕۆژی 2009/1/12، کەسوکاری بەشێک لەو شوێنبزرکراوانەی شەڕی ناوخۆ، بەمەبەستی ئاشکراکردنی چارەنووسی کەسوکاریان بۆ ماوەی 3شەو و 3ڕۆژ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا مانەوەو یاداشتێکیان دایە پەرلەمان.

محەممەد فەرج، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت"دۆسییەی 250 کەسی شوێنبزری شەڕی ناوخۆمان لەبەردەستدایە". بەڵام بەپێی سەرچاوەیەک هەندێک لەو ناوانەی بڵاودەکرێنەوە ڕاست نین و لەچوارچێوەی شەڕی یەکتری کاتی خۆی بڵاوکراونەتەوە.

لەبارەی چارەنووسی ئەو کەسانەی کەبەهۆی شەڕی یەکێتی وپارتییەوە شوێنبزربوون،مەسعود ساڵەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی گوتی" چارەنووسی ئەو کەسانەی لەشەڕی ناوخۆوە شوێنبزرن، یەکێکبوو لەبابەتەکان کە لەدوایین کۆبوونەوەدا باسکرا، لەگەڵ مەسەلەی موڵکایەتی و حیجز و هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە پاشماوەی شەڕی ناوخۆن، بڕیاردرا یەکلایی بکرێنەوە".





خۆنیشاندانێکی کەسووکاری بێسەروشوێنکراوانی شەڕی ناوخۆ

# ڤیزەی تایبەت دەدرێتە کارمەندانی ڕێکخراوە ئەمریکاییەکان

**ڕووداو-هەولێر**

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق دەستپێکردنی بەرنامەی ڤیزای کۆچبەری تایبەتی ڕاگەیاند بۆ ئەو عێراقیانەی پێشتر لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا کاریان کردووەو ژیانیان لەمەترسیدایە.

گۆڤاری جۆرنال ئەمەریکا، کە لەلایەن نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق بە زمانی کوردی دەردەچێت، لە ڕاپۆرتێکدا ڕێنماییەکانی تایبەت بە بەخشینی ڤیزای ئەمریکای بڵاوکردووەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دوای 2003/3/20 لەگەڵ ڕێکخراوە ئەمریکاییەکان کاریان کردووە، بە گوێرەی ئەو ڕێنماییانە دەبێ کارمەندەکە لانیکەم بۆ ماوەی یەک ساڵ لەگەڵ دامەزراوێکی ئەمریکایی کاری کردبێت، هەروەها داوای لەو کارمەندانە کردووە لە فرۆشتنی موڵک و ناوماڵیان پەلە نەکەن، تا ئەو کاتەی ڤیزای یەکجارەکی چوونە ئەمریکایان بۆ دەگەڕێتەوە، هەر لەوێدا ناونیشانی سایتی:/travel. stste. gov/visa immigrants/info/info_4172. html بڵاوکراوەتەوە، کە ئەو ڕێنماییانەی لەخۆگرتووە.

# گوندی بەلەکجاڕ ترسی کیمیابارانکردنی هەیە

**ئازیز مەحمود**
**ڕووداو-سێوسێنان**

دانیشتوانی گوندی بەلەک جاری سەر بە ناحیەی سێوسێنان ترسیان لە تەقینەوەی ئەو موشەکانە هەیە کە لەکاتی کیمیابارانکردنی ناوچەکەیانەوە تا ئێستا بە پووچەڵنەکراوی ماونەتەوە.

دانیشتووانی گوندەکە سکاڵای ئەوە دەکەن تا ئێستا ئەو مووشەکانە لە گوندەکەیان لانەبراون و، داوا دەکەن بە پەلە لا ببردرێن، تاوەکو گوندەکەیان جارێکی دیکە بەهۆی تەقینەوەی ئەو مووشکانە نەکەوێتەوە بەر مەترسی.

لە دوای بۆردومانکردنی ناوچەکەیان بە چەکی کیمیایی لەساڵی 1987، ئەو موشەکانە لە گوندەکەیان ماونەتەوەو، پێدەچێت هەندێکیان موشەکی کیمیایی بن، چونکە وەک هاووڵاتییەکی ئەو گوندە دەڵێ " لەبەر ئەوەی ئەو مووشەکانە هاوشێوەی ئەو موشەکانەن کە سێوسێنانیان پێ کیمیاباران کرا"، ئەمەش مەترسی لای خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە.

ئازاد ڕەزا عەبدولڕەحمان، دانیشتوی گوندی بەلەکجاڕ کە لە کاتی کیمیابارانکردنی سێوسێنان و گوندەکەیان لەوێ بووە گوتی "ئەو موشەکانە تاکو ئێستا لە شوێنی خۆیان ماونەتەوەو نەتەقیونەتەوە، ئەوەش ترسی لای ئێمە دروستکردووە، چونکە پێدەچێت مووشەکەکان کیمیایی بن". ئازاد گوتیشی "بەشێکی ئەو موشەکانە کەوتوونەتە نێو زەوی کشتوکاڵییەوەو بەشێکیشیان چەقیونەتە ناوخاک و نیوەیان بەدەرەوەیە".

دانیشتوانی گوندەکە داوای لابردنی بە پەلەی ئەو موشەکانە دەکەن، چونکە گوندەکەیان ئاوەدانە. بە گوتەی دانیشتووانی گوندەکە ژمارەی موشەکەکان 12 موشەکە و موشەکی کیمیاوین چونکە "لە شێوازی ئەو موشەکانەن کە لە سێوسێنان دراون و تەقیوون کە درێژی موشکەکان نزیکەی 2 مەتر دەبن".

گوندی بەلەکجاڕ کە 22 ماڵی تێدایە، لە هەمان ئەو شەوەی ڕژێمی پێشووی عێراق سێو سێنا نی کیمیابارانکرد، واتە لە شەوی 25-1988/4/26، گوندی بەلەکجاڕیش بۆردوومان کرا.

(ڕووداو) لەبارەی ئەو مووشەکانەوە پەیوەندی بە هیوا حەمەساڵح بەڕێوبەری ناحیەی سێوسێنان کرد، بەڵام ناوبراو ئامادەنەبوو قسە لەبارەی ئەو مووشەکانەوە بکات.

هەرچەندە تاوەکو ئێستا چەند بەرپرس و ڕێکخراوی بیانی ئەو مووشەکانەیان بینیون،بەڵام تا ئێستا وەک خۆیان ماونەتەوەو کار بۆ لابردنیان نەکراوە. ئەنجوومەنی ناحیەی سێوسێنایش دەڵێ ئەوانەی دێن تەنیا سەیری مووشەکەکان دەکەن ئیتر ناگەڕێنەوە.

محەممەد عەبدوڵلا، ئەنجوومەنی ناحیەی سێوسێنان گوتی"زۆر داوامان کردووە بۆ لابردنیان، بەڵام هەر کەسێک و ڕێکخراوێک هاتووە سەیری کردوون و ئیتر جارێکی دیکە نەهاتوونەتەوە". هەروەها گوتیشی "لەکاتی دادگاییکردنی سەدام، دادوەر محەممەد عوریبی و چەندین ڕێکخراوی بیانی هاتوونەتە سێوسێنان و بە چاوی خۆیان ئەو مووشەکانەیان بینیوە".

ئەو ئەنجوومەنە وەک هەر هاووڵاتییەکی دیکەی دانیشتووی ئەو ناوچەیە ترسی لە تەقینی ئەو مووشەکانە هەیە "چونکە هەمان مووشەکی کیمیاوین کە شەوی کیمیابارانەکە، سێوەسێنانیان پێ کیمیابارانکرا".

حاجی مەسیفی، بەڕێوبەری گشتیی کاروباری مین لە سلێمانی، ڕایگەیاند کە ئەوان تائێستا لە بوونی ئەو مووشەکانە ئاگادار نەکراونەتەوەو گوتی "ئەگەر ئاگاداریان بکردباینەوە لیژنەمان دەناردو مووشەکەکانمان لا دەبردن".

بەڕێوبەری گشتی کاروباری مین ئەوەشی بە (ڕووداو) گوت "چەندین مووشەکمان لە بالیسان و هەڵەبجە لابردوون کە هێشویی بوون، دواتر تەقاندوومانتەوە"، هەروەها گوتیشی" تا مووشەکەکان نەبینین نازانین، کیمیاوین یان نا، بەڵام ئەگەر وابێت لیژنەکانمان دەنێرین بۆ سەردانی گوندەکە بۆ زانینی ئەوەی ئایا کیمیاوین یان نا، ئینجا دەیانتەقێنینەوە".



# ئەمریکییەکان دەیانەوێ پەیوەندی لەگەڵ ڕانیە دروستبکەن



**ڕووداو-ئەمەریکا**

گرووپێکی ئەندامانی کڵێسەیەکی شاری دۆڵوتی ئەمەریکی بەنیازن لە مانگی ئایاری ئەمساڵ سەردانی شاری ڕانیە بکەن. ئەو گەشتە هیچ ئامانجێکی سیاسی وخزمەتگوزاری نییە، تەنیا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەو گرووپەیە لەگەڵ دانیشتوانی شاری ڕانیە.

ئەوان هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر شەڕی عێراق نییە و نایانەوێت هیچ هەڵوێستێکیشیان هەبێت دەربارەی سیاسەتی ئەمەریکا لەو وڵاتە، تاکە ئامانجی ئەوان لەو گەشتە ئەوەیە کە پێوەندی لەگەڵ خەڵکی ڕانیە و کوردستان دروست بکەن.

لەم بارەوە مێرڤ هایکنان، کە مامۆستایەکی خانەنشینە و سەرپەرشتی ئەو گرووپە دەکات گوتی" لەو بڕوایەدام ئەم گەشتە زۆر گرنگ بێت، لەبەر ئەوەی تا بەچاوی خۆت ئەو خەڵکە نەبینی نایانناسیت، ئەمە هەلێکە بۆ ئەو ئەمەریکیانە کە زیاتر شارەزای کورد و ئاینی ئیسلام ببن، بە هەمان شێوە بۆ ئەوانیش هەلێکە کە شارەزای ئێمە و وڵات و ئاینەکەمان ببن، هەروەها ئەگەر ئەوان بێنە ئەمریکا، ژیانی ڕاستەقینەی وڵاتەکە ببینن و بۆیان ئاشکرا بێت کە ئەو ڕووداوانەی لە تەلەڤزیۆن دەیبینن، ئەوانە ڕاستی ئەمەریکا نین، پێموایە ئەوە هەنگاوێکی گرنگ دەبێت".

گرووپەکە سەر بە کڵێسەی یەککرتووی ئاشتی مەسیحییە لە شاری دوڵوت، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی مەنەسۆتا.

هەر لەبارەی ئەو گەشتە، قەشە برۆکس ئاندرسۆن، کە قەشەی کڵێسەی ناوبراوە، ڕایگەیاند کە پرۆژەی دروستکردنی دۆستایەتی نێوان ڕانیە و دۆڵوت، بریتییە لەوەی گرووپێکی ئەمەریکی کە تەمەنیان لە نێوان 19 تاوەکو 75 ساڵە، ڕەوانەی شاری ڕانیە بکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەو شاندە ماوەی 10 ڕۆژ لەو شارە دەمێننەوە.

لەو بارەیەوە قەشەی ناوبراو گوتی" بە بڕوای من پێوەندیکردن بەو خەڵکەوە، بەشێکی گرنگی ئامانجەکەمانە، لەبەرئەوەی ئەوان ئیسلامن و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشن، ئەو کارەش خزمەتێکی زۆری ئێمە دەکات و لە بەرژەوەندی وڵاتەکەشمان دەبێت".

ئاندرسۆن ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو گەشتە بۆ پێوەندیکردنی دوو شارە و لەو بارەوە گوتی" ئامانجی درێژخایەنی ئێمە، ئەوەیە کە بنکەیەک لێرە بکەینەوە تاوەکو ئەو پێوەندییە بە پتەوی بهێڵینەوە. ئەوە پێوەندی شار و شار نییە، لەبەرئەوەی هەتا ئێستا ئێمە ڕاستی ئەو شوێنە نازانین و ئەو بنەما بەهێزەمان نییە کە خەڵکی ئەو شارە پاڵپشتیمان بکات".

تۆم مۆرگن ئەندامێکی دیکەی ئەو گرووپەیە کە دەچێتە شاری ڕانیە و، ناوبراو پرۆفیسۆری زمانی ڕووسییە، گوتی ئەو گەشتە، ئەو گەشتەی بیردەخاتەوە کە لەساڵانی هەشتاکان بۆڕووسیا ئەنجامیاندابەمەبەستی دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ دانیشتوانی شارێکی ڕووسیا.

لەم بارەوە تۆم مۆرگن گوتی" هیوادارم ئەم گەشتەش هەمان کاریگەری لەسەر دانیشتوانی شاری دۆڵوت هەبێت، بەوەی کە شارەزایی لە خەڵکی ئەو ناوچەیە وەربگرن و باشتر لە نیاز و کردەوەکانی خەڵکی ئەو بەشەی جیهان تێبگەن، مرۆڤ بە بینینی ڕووبەڕووی خەڵک لە خەڵک دەگات نەک لە ڕێگەی ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەوە".

**لە ڕۆژنامەی Duluth news tribune-ی ئەمریکیەوە وەرگیراوە**

# "یەکێتی و پارتی دەڵێن بەپێی دەستوور ئەنجوومەنی پارێزگا لە کوردستان زیادە"

**ڕووداو- هەولێر**

پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان دەچێتە مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی، پەرلەمانتارێکیش ڕایگەیاند ئەوە یەکەمجارە شتی لەو جۆرە ڕوو بدات"ئەو دوو حیزبە دەڵێن بەپێی دەستووری عێراق نابێت ئەنجوومەنی پارێزگا لەهەرێمی کوردستاندا هەبێت".

ڕۆژی 2008/12/28 ئەنجوومەنی پارێزگاکان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، پارێزگارەکان و لیژنەی یاسایی و ناوخۆیی پەرلەمان لەسەر پرۆژە یاسایەک بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان ڕێککەوتن.

کاوە عەبدوڵلا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، گوتی پرۆژەکە بەویستی ئەوانە "چونکە ئێمە لامەرکەزیەتمان دەوێت، بنەماکانی لامەرکەزییەتیش لەو پرۆژەیەدا پارێزراون".

بەپێی ئەوپرۆژەیە، ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕۆڵی دەسەڵاتێکی چاودێریی دەبینن، کاتێک ساڵانە پەرلەمان بودجە دەردەکات، بودجەکە دێتە بەردەم ئەنجوومەنی پارێزگا و ئەنجوومەنیش ئەو بودجەیە پەسەند دەکات، ئەنجوومەنی پارێزگا دەتوانێ بودجەکە تاوتوێ بکات و جێگۆڕکێش بە پارەکان بکات بۆ پرۆژەکان، بەپێی پێویست.

بەپێی ئەو پرۆژەیەی کە ئامادەکراوە، ئەنجوومەنی پارێزگا، دەسەڵاتی دەستنیشانکردن و لادانی پارێزگاری هەیە، ئەنجوومەنی قەزاش دەتوانێ قایمقام دابنێ و لای ببات.

پاش ئەوەی پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەلایەن حکومەت و پەرلەمانەوە ئامادە کرا، هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بەمەبەستی دەستکاریکردنی پرۆژەکە لە پەرلەمان دەبەنە دەرەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، نیگەرانی خۆی لەو دەستتێوەردانەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی دەربڕی، کە پاش ئەو هەموو کۆبوونەوانەی لەگەڵ نوێنەری حکومەتی کوردستان و لێپرسراوانی لیژنەی ناوخۆو یاسایی پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاساکەیان ئامادەکردووە.

کاوە گوتی "ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە پێشکێش کراوە، هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی و عومەر فەتاح جگە لەوەی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەتن، ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبیشن و خۆیان پرۆژەکەیان پێشکێش کردووە و پێویست بەبردنەوە بۆ مەکتەبی سیاسی ناکات". هەروەها گوتیشی "ئەگەر گۆڕانکارییەکە بنەماکانی لامەرکەزییەتی ناو یاساکەی نەهێشت، دژی دەوەستینەوە".

ئەم دەستتێوەردانەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەپرۆژە یاساکە بووە هۆی نیگەرانی پەرلەمانتاران. سۆزان شەهاب، پەرلەمانتار لەسەر لیستی سەوز، دەڵێت "هیچ پێویستی نەدەکرد مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی ئەم کارە بکەن، دەبوا هەموو گفتوگۆکانیان بۆ پەرلەمان جێهێشتبان".

لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتیان بەردەوام باس لەدەستتێوەردانی حیزب دەکەن لە کاروبارەکانی پەرلەمان دا، بەڵام سۆزان شەهاب، دەڵێت "یەکەمجارە بردنە دەرەوەی پرۆژە لەپەرلەمانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی، ڕوویدات".

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەوانییەوە دەستی کەوتوون، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی گۆڕانگارییان لەپرۆژەکەدا کردووەو تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە ئەنجومەنی پارێزگاکان نەمێنێت.

بەڵام سۆزان شەهاب، ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی دەیانەوێت گۆڕانکاری لەدوو خاڵدا بکەن "ئایا ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان ئەنجوومەنی پارێزگاکانمان هەبێت یان ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، چونکە بەپێی دەستووری عێراق ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ ئەو پارێزگایانەیە کە لە هەرێمێکدا نین".

بەپێچەوانەی بۆچونی سۆزان شەهابەوە، زانا ڕۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی، لەپەرلەمانی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو، کە دەتوانرێت، لەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستاندا، ئەوە بچەسپێ کەدەبێت ئەنجومەنی پارێزگا هەبێت"بەڵام دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگایەک کەلەناو هەرێم بێت کەمترە لەدەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگایەک کەهەرێمی نەبێت و بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان پێویستە".

یەکێکیتر لەو خاڵانەی کە هەردوو مەکتەبی سیاسی دەیانەوێت گۆڕانکاری تێدا بکەن، ئەو ئیمتیازاتانەیە کە دەدرێتە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا.

کەمترین بڕوانامە کە دانراوە بۆ ئەو کەسەی خۆی بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی پارێزگا دەپاڵێوێت شەشی ئامادەییە و، ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان دا دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا، بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێت و خانەنشین دەکرێت.

بەپێی وتەی سۆزان شەهاب، هەردوو مەکتەبی سیاسی دەڵێن، ئایا دەکرێت، کەسێک خاوەنی بڕوانامەی شەشی ئامادەیی بێت و لە 25 ساڵییەوە بەپلەی بەڕێوبەری گشتی دابمەزرێت و پاشان خانەنشین بکرێت، هەروەها گوتیشی " هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەموو چوار ساڵ جارێکە، دەبێت ئەو هەموو خەڵکە خانەنشین بکرێت؟ یان دەکرێت گەنجێک لەتەمەنی 29 ساڵیدا بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین بکرێت".

لەگەڵ ئەوەی هاوڵاتیان پێیان وایە ئەنجومەنیپارێزگان، بەبەراورد بەدزەگاکانی تری حکومەت چالاکن، بەڵام ڕەخنەی ئەوەش دەگرن کە کەمتەرخمن لەکارەکانیاندا.

ئومێد خالد، 33ساڵ، دوکاندارە لەسلێمانی، دەڵێت" ئەنجوومەنی پارێزگا لە دامەزاروەکانی دیکەی ئەم شارە چالاکترە، بەڵام گومان دەکەم کوتلەکاری لەناو ئەنجوومەنەکەدا هۆکاری ستی پرۆژەکانیان بێت".

# ڕیپۆرتاژ



**عەلی ئەدیب**
**لێدوانەکانی جێگری سەرۆک کۆمار پروپاگەندەی هەڵبژاردنن**

ڕووداو- ئاژانسەکان

◆ ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دەعوە، عەلی ئەدیب، ڕەخنەی لە لێدوانەکانی جێگری سەرکۆماری عیراق عادل عەبدولمەهدی گرت، کە تێیدا گوتبووی، حکومەتی مالیکی ئاستەنگە لە بەردەم گەشەکردنی پارێزگاکانی باشوور. ئەلئەدیب گوتی "نابێ ڕەخنە بکرێتە شێوازێک بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن". هەروەها ڕشید حەمید، پەرلەمانتاری سەر بە ئیئتیلاف، دووپاتیکردەوە کە ڕەخنەکەی جێگری سەرکۆمار عادل عەبدولمەهدی سەبارەت بە حکوومەتی مالیکی لە چوارچێوەی ڕەخنەدایە نەک لە چوارچێوەی ڕووخاندنی ئەو حکوومەتە.

## مالیکی دەیەوێ سەیتەرەکانی بێنێتە هێڵی 36

# فیرقەی 12 دەیەوێ کەرکووک بە هێڵێکی سەربازی دابڕێت

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو- کەرکوک**

دوای ئـــەوەی چەند جارێک مالیکی لەکاتی تەنگـژەی قەرەتەپـــە و خانەقیـــن دا گوتی پێویستە هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە هێڵی 36، ئێستا دوای هاتنی فیرقەی12ی سوپای عێراق بۆ پارێزگای کەرکـــووک، دەنگۆی ئەوە هەیە کە حکومەتی بەغدا هەوڵدەدات سەیتەرەکانی لە هێڵی 36 دابنـــێ، لەبەرامبـــەردا لایەنـــی کوردیـــش کەوتووەتە ئامادەباشییەوە .

ماوەی مانگێکە فیرقەی 12 بە فەرماندەیی فەریق ڕوکـــن عەبدولئەمیـــر ڕەزا، هاتووەتە ناوچەکانـــی پارێـــزگای کەرکووک،هەرچەندە بەپێی ســـەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان شێخ عیزەدین تاڵەبانی بەنوێنەرایەتی عەشیرەتەکانی ناوچەکە چووەتە لای عەبدولئەمیر ڕەزا تاوەکو داوای پاشەکشەی لێبکەن، بەڵام ئەو پێیگوتوون کە فیرقەکەیان بە فەرمانی ســـەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران هاتووەتە ناوچەکە، بەڵام لە هەمانکاتـــدا یەکێتی ئاشـــکرایکردووە کـــە هێزەکانی لە ناوچەکەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادەکردوون.



**بەپێـــی ئـــەو فەرمانـــەی بـــۆ فیرقـــەی 12 دەرچووە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی سنووری پارێزگای کەرکووکە، واتـــە خاڵێکـــی دابـــڕان لەنێوان کەرکـــووک و هێزە کوردستانییەکان دا دروست بکات**

هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لەکەرکووک

بەپێی خوێندنەوەی نیازەکانی نوری مالیکی کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانیشە و، بەپێی زانیاری سەرچاوە ئاگادارەکان سوپای تازەی عێراق دەیـــەوێ بگەڕێتەوە هەمان ئەو شـــوێنانەی پێش ڕووخانی ســـەدام، سوپای ســـەدامی لێبوو، بازگەش لەناوچەکانی نزیک چەمچەماڵ و پردێ دابنێت.

جەبار یاوەر، وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردســـتان بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جموجۆڵی ئەو فیرقەیە پلانێک بووە لەنێوان سەرکردەی فرقەکە و وەزارەتی بەرگری عێراق بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکانیان لەناوچەکەدا و بە ئاگاداری فەریق ڕوکن عەلی غێدانی فەرماندەی هێزە پیادەکانی سوپای عێراق کراوە".

عەبدولئەمیر ڕەزا، بەرپرسی فیرقەی 12ی ســـوپای عێراق، خەڵکی حللەیە، لەسەردەمی بەعسدا فەرماندەی لیوای12ی سوپای عێراق بووە لەناوچەی دارەمان، پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس ماوەی چوار ساڵ دیار نەماوە، ماوەیەک لەلایەن ئەمریکییـــەکان زیندانی کراوەو پێش چوار مانگ ئازاد کراوەو، پاشـــان بە بڕیارێکی تایبەت کراوەتە فەریق ڕوکـــن و فەرماندەیی فیرقەی 12ی سوپای عێراقی پێدراوە.

بەپێـــی ئـــەو زانیاریانـــەی لەســـەرچاوە ئاگادارەکان لە کەرکوکەوە دراونەتە (ڕووداو)، عەبدولئەمیر بڕیاری ئەوەی بۆ هاتووە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێش پرۆســـەی ئازادی عێراق لەدەست حکومەتی عێراقدا بوونە.

هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لەکەرکوک، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئەو فەرمانـــە ئیدارییەی بۆ ئەم فیرقەیە دەرچووە پاراســـتنی ئەمنییەتی پارێـــزگای کەرکووکی پێ سپێردراوەو ئامانجیان گەڕاندنەوەی هێزی ســـەربازیی عێراقییە بۆ ئەو جێگایانەی کە لە نەخشەی ئیداری پارێزگای کەرکوک دان ".

بەرپرســـی ئاسایشـــی پارتی لە کەرکووک ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەم فیرقەیە بەشێکی ئەو نەخشەیەیان جێبەجێکردووە و، ڕایگەیاند " لای باشـــور و ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئاوای تەواو کردووە، ماوەتەوە لای سەرەوە کە قەرەهەنجیر و پردێـــش دەگرێتـــەوە، ئامانجی ئەوەیە هێز بنێرێتـــە ئـــەوێ، بۆ ئەوەی خاڵێکـــی دابڕان لەنێوان کەرکووک و هێزە کوردســـتانییەکاندا دروستبکات".

بەپێـــی ئـــەو زانیاریانەی کـــە (ڕووداو) لەسەرچاوە ئەمنییە ئاگادارەکانی کەرکووکەوە وەریگرتوون، ئێســـتا فیرقەی 12 دەســـتی کردووە بە جێبەجێکردنی ئـــەو پلانەو لەناو شارۆچکەی دووبزی پشت پردێ، فەوجی 2ی لیوای 47ی جێگیر کردووە.

هەرچەنـــدە مەکتەبـــی سیاســـی یەکێتی ڕایگەیانـــدووە کە ئەوان چاودێـــری بارودۆخ دەکـــەن و هێزەکانیان لە ئامادەباشـــیدان بۆ هەموو ئەگەرەکانـــی ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا بریکاری وەزارەتی پێشـــمەرگە دەڵـــێ پێشـــمەرگە نەکەوتووەتـــە حاڵەتی ئامادەباشی ڕووبەڕووبوونەوە.

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" هیچ بڕیارێکی شەڕکردن نییە، بەڵام زۆربەی هێزەکانمان لەسەر بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێـــم لەناوچەی خانەقین کشـــاندووەتەوە، ئێســـتاش قبوڵ ناکرێت بێنە پـــردێ و بانی مەقان".

بریکاری وەزیری پێشـــمەرگە، ئەوەشـــی ئاشـــکرا کرد"بڕیاری ســـەرکردایەتی سیاسی کـــورد ئەوەیە هیـــچ دەســـتدرێژییەک قبوڵ ناکەین، کەواتە ئەگەر بێنە بانی مەقان و پردێ دەســـتدرێژیان کردووە، هێزی پێشمەرگەش لێیان قبوڵناکات".

ڕۆژی 2009/1/14، کۆسرەت ڕسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی، مەلابەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، مستەفا سەید قادر جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی، شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشـــمەرگە، مستەفا چاو ڕەش بەرپرســـی مەڵبەندی پێشمەرگە، ئاسۆ ئەڵمانی، ئەندامی سەرکردایەتی و ڕەفعەت عەبدوڵڵا، بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوک، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی هاتنی سوپای عێـــراق لەگەڵ وەفدێکـــی هێزەکانی ئەمریکا لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسلێمانی کۆبوونەوە.

لە بـــارەی



**بەرنامەی حکومەتی عێراق گەڕانەوەیە بۆ هێڵی 36، بە ئەمریکییەکانمان با کێشەکە بە هێمانانە چارەسەربکرێ، چونکە سەرکردایەتی کورد ئەوە قبوڵ ناکات**

مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتی

ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکەش، مســـتەفا چاو ڕەش، بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـــد "بەرنامـــەی حکومەتی عێراق گەڕانەوەیە بۆ ئەو شوێنانەی لەپێش پرۆســـەی ئازادی عێـــراق حکومەتی عێراقـــی لێبووە، قســـەمان لەگـــەڵ کردوون و دەیانەوێـــت لەهەندێک ناوچـــە جێگیربن، لەکۆبوونەوەکەدا وتمان با کێشەکە بەهێمنانە چارەسەر بکرێت و لیژنەکەش لەئەمریکیەکان و حکومەتی عێراق و کـــورد بێت، بۆ ئەوەی بگەینە ڕێککەوتنێک".

بەرپرســـی مەڵبەنـــدی پێشمەرگە ئەوەشـــی خســـتەڕوو کـــە تاوەکو ئێســـتا نەگەیشـــتوونەتە هیچ ڕێککەوتنێک " ئەگەر بیانەوێت بەهێز بێنە ناوچەکانی قەرەهەنجیر و لەیلان و پردێ، کورد و سەرکردایەتی کوردی ڕێگەیان پێنادات".

## گومان دەکرێ چووبێتە ئێران

# لیژنە پێکهێنراوەکانی حیزب و حکومەتیش نازانن فڕۆکەوانەکە چی بەسەرهات

**ڕووداو-سلێمانی**

مانگێک بەســـەر پێکهێنانی ئەو لیژنانەدا تێپەڕیـــوە کە بـــۆ بەدواداچوونی دیارنەمانی فڕۆکەوانەکە پێکهێندراون، بەڵام تاوەکو ئێستا بەدواداچوونیان نەکردووەو هەڵەبجەییەکانیش دەڵێن پێکهێنانی لیژنەکان ئەنجامی نابێت.

لەســـەر ڕاســـپاردەی پەرلەمـــان لـــە 2008/12/27، لیژنەیـــەک بەســـەرۆکایەتی ئیسماعیل مەحمود سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمان پێکهێنرا، بۆ بەدواداچوونی دۆسیەی دیارنەمانی فڕۆکەوان تاریق ڕەمەزان عەززاوی، کە دوای دەســـتگیرکرانی لەلایەن ئاسایشی یەکێتی ساڵێک پێش ئێســـتا لە کەرکووک، لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوە دانی بەوە دانابوو کە بەشـــداریی لە هێرشـــی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کردووە.

ســـەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، گوتی " ڕاستە دەگوترێ فڕۆکەوانەکە ئێســـتا لەبەریتانیایە، بەڵام گومانی ئەوەش دەکرێ کە ئێســـتا لە ئێران بێ"، بەڵام هیچ ســـەرچاوەیەکی فەرمی لێدوانی لەســـەر ئەو گومانە نەدا.

بەپێـــی وتـــەی ئیســـماعیل مەحمودی پەرلەمانتـــار، کاری لیژنەکـــەی ئەوان تەنیا لەگەڵ ئاسایشـــی گشتی ســـلێمانیدا دەبێت "تەنیا لەوێ بەدواداچوون دەکەین و قســـەش لەگەڵ ئـــەوان دەکەین". لەکاتێکدا ڕۆژنامەی (الزمان) بڵاویکردەوە کـــە فڕۆکەوانەکە لای دەزگای دژە تیرۆر بووە.

کۆمەڵـــەی قوربانیانـــی هەڵەبجە،لـــە 2009/1/6دا بەمەبەســـتی داواکـــردن لەپەرلەمانی کوردســـتان بۆ بەدواداچوون لە هەڵهاتنی فڕۆکەوانەکە سەردانی پەرلەمانیان کـــرد. ئـــاراس عابـــد، وتەبێـــژی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجـــە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پەرلەمانی کوردستان لە 2009/1/6 بڕیاریدا لەزووترین کاتـــدا بەدواداچون بۆ ئەو بابەتە بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیکردووە".

ســـەرۆکی لیژنـــەی ناوخـــۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی پشتراستکردەوە کە تاوەکو ئێستا بەدواداچونیان نەکردووە"ئێمە ئامادەین و لە ئاسایشی گشتیدا بەدواداچون دەکەین، بەڵام ئەوان تاوەکو ئێستا بواریان نەبووە".

ڕۆژی 2008/12/21، دادوەر محەممـــەد عورێبـــی، دادوەری دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق لەیەکـــەم دانیشـــتنی دادگاییکردنی



تاریق ڕەمەزان عەززاوی

تۆمەتبارانـــی کیمیابارانکردنـــی هەڵەبجەدا، ڕایگەیاند کە ئەو فڕۆکەوانەی کە بڕیاربوو وەک شـــاهێد حاڵ و تۆمەتبار لەسەر ئەو ڕووداوە ئامادەبێت هەڵاتووە .محەممەد عورێبی، گوتی" ئاسایشی گشتی سلێمانی لە 2008/10/25 نووســـراوێکیان ئاراســـتەی دادگـــەی باڵای تاوانەکانی عێراق کردووەو تێیدا هاتووە، ئەو فڕۆکەوانەی کە ناوی تاریق ڕەمەزانە و پێش ســـاڵێک لەلایەن ئاسایشی گشتی سلێمانی دەستگیرکرابوو، لەکاتی بردنی بۆ نەخۆشخانە لەدەستی ئاسایش هەڵاتووە".

بەڵام زۆربەی چاودێران و خەڵک، بەتایبەتی خەڵکی هەڵەبجە دەڵێن فڕۆکەوانەکە ئازادکراوە و هەڵنەهاتووە، ئەگەر هەڵاتبا بۆچی هەر ئەو کات هەواڵەکە ڕانەگەیێندرا تاوەکو دەستگیر بکرێتەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، پێش کۆتایی ساڵی ڕابردوو بەچەند ڕۆژێک، لە نووسراوێکدا بۆ دەزگا ئەمنییەکانی هەرێـــمی کوردســـتان، دادگای ســـلێمانی ناو وشـــێوەی ئەو فڕۆکەوانەی نووسیوەو، داوایکـــردووە لە هـــەر شـــوێنێک دۆزرایەوە دەستگیر بکرێت.

ئێوارەی 2008/1/8، مەکتەبی سیاســـی یەکێتی، بەسەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، کۆبووەوە، لـــە یەکێک لەتەوەرەکانی کۆبوونەوەکەدا، مەکتەبی سیاسی یەکێتی بڕیاریدا لـــە چۆنیەنی هەڵاتنـــی فڕۆکەوانە زیندانییەکـــەی ئـــاسایش بکۆڵدرێتـــەوەو لێپرســـینەوە بەرامبەر بە لایەنی کەمتەرخەم بکرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەمەکتەبی سیاسی یەکێتـــی، بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مەکتەبی سیاسی یەکێتی بڕیاریدا کـــە مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، سەرۆکی ئـــەو لیژنە بێت، بـــەڵام تائێســـتا لیژنەکە لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی نەکردووە".

پاش پێکهێنانی لیژنەکە لەلایەن مەکتەبی سیاســـی یەکێتییەوە، لە نێوەڕاســـتی ئەم مانگە، لیوا ســـەیفەدین عەلـــی، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشـــتی سلێمانی ســـەردانی مام جەلالی کرد لەبەغدا، بەپێـــی زانیارییەکانی (ڕووداو)، سەردانەکەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بۆ ڕێگە گرتن بووە، لەکاری ئەو لیژنەی کە کۆسرەت ڕەسوڵ پێکیهێناوە.

ئیسماعیل مەحمود، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشـــکراکرد کە "بەڕێوبەری ئاسایشی گشتی 2009/1/19 لە بەغـــدا گەڕاوەتەوەو بڕیارە بەمزووانە لەگەڵی دابنیشین".

لـــە 2008/12/24، وەزارەتـــی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکـــراوان، بەمەبەســـتی بەدواداچـــون و لێپێچینـــەوە کـــردن لەگەڵ ئاسایشی گشتی لە سلێمانی نووسراوێکیان بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان نارد. پاش تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر نووسراوەکەیاندا تاوەکو ئێســـتا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکـــراوان هیـــچ وەڵامێکـــی دەســـت نەکەوتووە.

ئەیوب گەلالی، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراوان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا وەڵامی نووسراوەکەمان پێنەگەیشتووەو نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستانیشمان لە بەریتانیا ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگـــەر ئەو فڕۆکەوانە لەوێ بێت، بەدواداچوون بکەن".

هەڵەبجەییەکان، لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامن، بەڵام هیچ باوەڕێکیشیان بەپێکهێنانی ئەو لیژنانە نییە .

وتەبێژی کۆمەڵـــەی قوربانیانی هەڵەبجە، دەڵێت "وەک کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە چاوەڕێـــی وەڵامی پەرلەمانیـــن، چی بکەین لـــەزۆری لیژنـــەکان، گرنگ ئەوەیـــە وەڵام بدەنەوە، بەردەوام چاودێری کاری ئەو لیژنانە دەکرێـــت، ئەگەر ئەنجام نەبوو، دەکەونە ژێر پرسیارەوە".

ئەو هەڵەبجەیە، پێیوایە دروســـتکردنی لیژنە کات کوشتنە "100 لیژنە دروستبکرێت، ئومێدم پێی نییە، چونکە فڕۆکەوانەکە لەعێراق نییە".

## بەپێی ڕۆژنامەی سەباحی تورکی

# سەنتەری هاوبەشی چاودێری PKK لە ئەنقەرەوە دێتە هەولێر

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

عێـــراق و تورکیـــا و ئەمریـــکا، بەنیـــازن سەنتەرێکی هاوبەش لە کوردستان دابمەزرێنن، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی جموجوڵی چەکدارانی PKK لە هەرێمی کوردستان.

سەنتەرەکە لە شـــاری هەولێر دادەمەزرێت و شـــوێنی کۆبوونەوەی ســـێ قۆڵیی عێراق و تورکیا و ئەمریـــکا دەبێت، بۆ چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی جموجوڵەکانی چەکدارانی PKK لە هەرێمی کوردستان.

دیپلۆماتکارێکی تورک کە نەیویســـت ناوی ئاشکرا بکرێت، لەلێدوانێکدا بۆ ئاژانسی فرانس پرێس ڕایگەیاند کە سەنتەرەکە تایبەت دەبێت بە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری دەربارەی PKK.

هەروەها هوشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق کە ڕۆژی هەینـــی چووە ئەنقەرەو لەوێ چاوی بە بەرپرسانی ئەو وڵاتە کەوت، لە پرێس کۆنفرانســـێکدا ڕایگەیاند کە عێراق و تورکیا و ئەمریکا بەنیازن سەنتەرێکی هاوبەش لە هەولێر بکەنەوە کە نوێنەرایەتی هەرســـێ وڵات دەکات و ڕۆڵی دەبێت لە ســـەقامگیرکردنی بارودۆخی سەرسنوور و چاودێریکردنی چەکدارانی PKK لە هەرێمی کوردستان.

زێبـــاری لەوبـــارەوە گوتـــی" پلانەکە بەو شـــێوەیەیە کە سەنتەرێکی هاوبەش لە هەولێر بکەینـــەوە، تاوەکو نوێنەرانی هەرســـێ وڵات کۆببنەوەو گفتوگۆ بکەن".

**ئەو سەنتەرە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە لەسەر PKK**

دیپلۆماتکارێکی تورک

بـــەڵام ڕۆژنامـــەی SABAH ی تورکـــی بڵاویکردووە، کە ئەو ســـەنتەرە پێشتر لەنێوان ئەمریـــکا و تورکیا و عێراق دامەزرابوو، لەدوای سەردانی بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆ لەمانگی 11-2008 بۆ بەغدا، بەڵام بەهۆی هەســـتیاری تورکیـــا بنکەکەی لە ئەنقەرەبـــوو، بەڵام دوای نەرمبوونـــی پێوەندییەکان لەگـــەڵ "ئیدارەی باکووری عێراق " و سەردانی زێباری ڕازیبوو ئەو سەنتەرە بچێتە هەولێر و لیژنەیەکی مەرکەزی بۆ دابنرێ.

زێباری لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی" گرنگیی ئەو ســـەنتەرە ئەوەیە کـــە بتوانین پارێزگاری لەسەقامگیریی سەرسنوور بکەین و چیدی ڕێگە نەدەین هێرش بکرێتە سەر تورکیا".



هەردوو وەزیری دەرەوەی تورکیا و عێراق (فۆتۆ:AFP)

هەروەها ڕایگەیاند ســـەنتەرەکە ئەو شوێنە دەبێـــت کـــە چالاکییەکانـــی هەمـــوو لایەک ڕێکدەخات و بنکەی گفتوگۆکانی نێوان ئەو سێ وڵاتە دەبێت لەسەر چارەنووسی PKK.

زێبـــاری لـــەو کۆنفرانســـەدا، PKKی بـــە "توخمێکی ژەهراوی" وەسفکرد لەپێوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێرداو ڕاشیگەیاند کە هەردوولا لـــە هەوڵدانـــدان بـــۆ هاوکاریکردنـــی تورکیا لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

هۆشـــیاری زێباری لەو بارەیەوە گوتیشـــی" هـــاوکاری سیاســـی، ئابـــووری، ســـەربازی و هەواڵگری لە ئارادا دەبێت بۆئەوەی ئەو توخمە ژەهراوییـــە لـــە پێوەندییەکانـــی نێوانمان پاک بکەینەوە". لێدوانەکانی زێباری وا لێکدەدرێتەوە کـــە ئاماژەیـــەک بێت بۆ ئامادەیـــی حکومەتی عێراق بۆ دەســـتگیرکردن و ڕادەســـتکردنەوەی چەکدارانـــی PKK بە حکومەتـــی ئەنقەرە. ئەو لێدوانە لەکاتێکدایە کە موەفەق ڕوبێعی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشـــتمانی عێراق لەســـەردانەکەیدا بۆتاران ئامادەیی حکومەتی عێراق نیشـــاندا بۆ ڕادەستکردنەوەی هەندێ لە ئەندامانی موجاهیدینی خەلق بە ئێران. ڕوبەیعی پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ سەعید جەلیلی ڕاوێژکاری ئەمینداری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشـــی نەتەوەیی ئێران، بەڵێنی دا کە لەماوەیەکی زۆر نزیکدا ســـەربازگەی ئەشرەف لەناو خاکی عێراق دادەخەن و گوتیشـــی "لەنێو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەدا هەیانە تاوانی بەرامبەر خەڵکی عێراق کردووە دەیاندەینە دادگای عێراقی و ئەوەشـــی تاوانی دژی خەڵکی ئێران کردووە ڕادەستی دادگای ئێرانی دەکەین".

لەلایەکی دیکـــەوە هادی عامری ســـەرۆکی لیژنەی ئاســـایش و بەرگری لەپەرلەمانی عێراق بە ڕۆژنامەی (الشـــرق الاوســـگ)ی ڕاگەیاند کە حکومەت بڕیاری داوە "هیچ گرووپێکی تیرۆریستی لەسەر خاکی عێراق نەهێڵێت".

بەڵام ڕێکخراوی خاچی ســـووری نێودەوڵەتی لەعێـــراق ڕایگەیانـــد، چارەنووســـی ئەندامانی موجاهدینی خەلق لەکەمپی ئەشـــرەف دا تەنیا بەدەســـت UN ەوەیە، عێراق مافی ئەوەی نییە تەسلیمی هیچ وڵاتێکیان بکات.

هەر لەهەمان پرێس کۆنفرانسدا، عەلی باباجان وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئێســـتا پێوەندی نێوان تورکیاو کوردانی عێراق بەرەو پێشـــەوە ڕۆیشـــتووە و "کەشوهەوایەکی پۆزەتیڤانە هەیە".

لەدرێژەی قســـەکانیدا باباجان گوتی" بەڵام پێویســـتە ئەنجامـــی کۆنکرێتـــی زیاتـــر دژی PKK هەبێت، بۆ پتەوکردنـــی ئەو پێوەندییە، لەبەرئەوەی ڕاگرتنی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە، مەرجی یەکەمە لە ئاســـاییکردنەوەی پێوەندی نێوان تورکیا و عێراق".

**کردنەوەی ئەو سەنتەرە بۆ سەقامگیریی سەر سنوورە**

وشیار زێباری

بابەجان ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەچەند هەفتەی داهاتوودا، یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای هاریکاریی ســـتراتیژی نێوان تورکیا و عێراق لە شاری ئیستەنبول بەڕێوەدەچێت.

مانگی تەمموزی ڕابردوو لەکاتی ســـەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ بەغدا، هەردوولا لەســـەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەنجوومەنێکـــی باڵای هاریکاری ســـتراتیژی بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی PKKو پێشخستنی پەیوەندییـــە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات پێکبهێنرێت.

**ئەرشەد زێباری هاوکاری قاعیدە دەکات**



ڕووداو-موسڵ
◆ سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەرشەد زێباری، وەزیری سەردەمی ڕژێمی سەدام، کە بۆ دژایەتیکردنی لیستی کوردستانی لە موسڵ، گەڕاوەتەوە ئەو شارە، پەیوەندی بە گرووپەکانی ئەنساروئیسلامی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە کردووە لە موسڵ و ئامادەیی خۆی دەربڕیوە هاوکاری داراییان بکات لە بەرامبەر ئەنجامدانی تەقینەوە لە هەرێمی کوردستان.

## تەنیا یەک کەس لەنێوان ئەو و خۆکوژەکەدابوو

# ئیسماعیل چیرۆکی ڕزگار بوونی لە تەقینەوەکەی 1ی شوبات دەگێڕێتەوە

ڕووداو-هەولێر

ساتەکانی تەقینەوەکەی 1ی شوبات و ڕزگاربوونی ئیسماعیل لە مردن زیاتر لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەچێت کە زادەی خەیاڵ بێت نەک واقیع، چونکە ئەو کەمتر لەمەترێک لە خۆکوژەکە دوور بوو، کەچی جگە لە ئیسماعیل، سەرجەم ئەوانەی لەنزیک خۆ کوژەکە بوون گیانیان لە دەستدا.

سەر لە بەیانی ڕۆژی 1ی شوباتی 2004 کە هاوکاتبوو لەگەڵ یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان، دوو خۆ کوژی بەناوی ئەبو عەبدولڕەحمانی موسڵاوی کە سەر بە سوپای ئەنسارولسوننە (جيش انصار السنة)ی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە بوو، لەبارەگای لقی دووی پارتی خۆی تەقاندەوە، دوای چەند تێپەڕبوونی چەند دەقیقەیەک عەرەبێکی یەمەنی، کە تا ئێستا ناوی نەزانراوە خۆی لەمەڵبەندی سێی یەکێتی لەهەولێر تەقاندەوەو لەئەنجامدا 105 کەس لەهەردوو تەقینەوەکە گیانیان لەدەستداو سەدانی دیکەش بریندار بوون، کە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و چەندین وەزیر و گەورە بەرپرسی حکومی و حیزبی گیانیان لەدەستدا. دوابەدوای تەقینەوەکەش ئەنسارولسونە لەسەر ماڵپەرەکەی خۆیان بەرپرسیارێتی تەقینەوەکەیان گرتە ئەستۆ.

ئیسماعیل موخلیس، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) چیرۆکی تەقینەوەکەو چۆنیەتی ڕزگاربوونی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەو لەبەر ئەوەی لەپێش خۆکوژەکەی نێو هۆڵەکەی لقی 2 بوو، تەنانەت ئێستاش بە سەرسوڕمانەوە باس لەڕزگاربوونی خۆی دەکات.

ئیسماعیل لەڕۆژی تەقینەوەکە وەک چەندان کەسی دیکە کە دۆست و لایەنگری پارتین سەردانی لقی دووی پارتی کرد بۆ جەژنە پیرۆزە.

ئیسماعیل کە ڕیزی بەستبوو بۆ تەوقەکردن لەگەڵ بەرپرسەکان، لە کاژێر 10ی پێشنیوەڕۆ، تەنیا یەک کەس لە نێوان ئەو و عەرەبە خۆکوژەکەدا بوو.

لە کاتی ڕۆیشتنی، ئیسماعیل بۆ لقی 2ی پارتی، بڕیاری پشکنینی ئەو کەسانەی کە بۆ جەژنە پیرۆزە دەچوون بۆ لقی دوو هەڵدەگیرێت. ئیسماعیل، دەڵێت "پێش ڕۆیشتنی ئێمە بۆ لقی 2 پشکنین هەبوو، چونکە هاری شوت فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستان لەوێبوو، بەڵام کە ئێمە چووین هاری شوت ڕۆیشتبوو، کۆمەڵێک خەڵکیش لەبارەی پشکنینەوە گازندەیان لەلای شەهید مامۆستا سەعد (بەرپرسی ئەوکاتی لقی دووی پارتی) کردبوو، بەوشێوەیە پشکنینەکەیان هەڵگرت و تیرۆرستەکەش لەو دەرفەتدا هاتبووە ژوورەوە".

خەڵکی لەبەردەم هۆڵی لقی 2 دا بەنۆرە بۆ چوونە ژوورەوە دەوەستن، بەڵام ئیسماعیل لەبەر ئەوەی باوکی نەخۆش دەبێ، نۆرە بڕی دەکات، بۆ ئەوەی زوو بگاتەوە ماڵەوە. وەک ئیسماعیل باسیکرد پشتیوان سادق، بەرپرسی لقی 2ی ئێستا، کە ئەوکات کارگێڕی لق بوو، لەبەردەم هۆڵەکەدا پێشوازی لەخەڵک دەکرد، خۆکوژەکە کە دواتر سەرەکەی لە نێو لاشەکاندا دۆزرایەوەو، وێنەی ڤیدیۆییەکەی لە کاتی ڕێورەسمەکەدا بڵاوکرایەوە، ئیسماعیل بەبیری دێتەوە کە ئەو کەسە بەپێش چاوی پشتیوان سادق و سەدان کەسی دیکەدا سوودی لە هەڵگرتنی پشکنین وەرگرت و چووە ژوورەوەو، تەنیا کەسێک بە نێوی شوان لە نێوان ئەو خۆکوژەکەدا بوو.

ئیسماعیل، دەڵێت "تیرۆرستەکە لە قوژبنی پێش هۆڵی لقدا وەستابوو،ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێمەدا خۆی کردە ژوورەوە، پیرۆزبایمان لە کاک پشتیوان کرد، ئەویش بە بەردەم ئەودا تێپەڕی، گەیشتمە ڕاستی شەهید ئەکرەم مەنتک و دەستم لە نێو دەستی بوو، قسەم دەکرد، ئەوەندەم زانی دەنگێکی بەرز هات و فڕێیدام". ئیسماعیل ڕزگارییبوو، بەڵام ئەکرەم مەنتکی پارێزگاری هەولێر و چەندان کەسی دیکە گیانیان لەدەستدا.

ئەو شایەتحاڵە، باسی لەوە کرد کە ئەو کاتەی ئەو تەوقەی لەگەڵ ئەکرەم مەنتک دەکرد خۆکوژەکە گەیشتبووە بەردەم شەوکەت شێخ یەزدینی وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران و دەڵێ "لەبەرامبەر شەهید شەوکەت شێخ یەزدین خۆی تەقاندەوە".

ئیسماعیل دەڵێ، خۆکوژەکە کێشەیەکی بۆ پەیدابووبوو، لە زوو خۆتەقاندنەوە، لەبەر ئەوەش چەند جارێک وایەرەکانی نێوان پاتری و تیئێنتییەکەی بەر پشتی لێکدا تاوەکو توانیبووی خۆی بتەقێنێتەوە" چەند جارێک هەوڵیدا بە دەست وایەری تەقەمەنییەکان لێکبدات، بەڵام کەس درکی پێنەکردبوو".

نێوانی ئیسماعیل و کەسە خۆکوژەکە تەنیا یەک کەس بووە، بۆیە ڕزگار بوونی ئیسماعیل موعجیزە بووە، ئەو دەڵێت "تەنیا شەهید شوان، لەنێوان من و تیرۆرستەکەدا بوو، شەهید شوان تۆزێک قەڵەو بوو شەهید ئەیوبیش کە وێنەگربوو لەتەنیشتم بوو، شەهید ئەکرەم مەنتکیش لەبەرامبەرم بوو، شەهید هۆگر لەدوای تیرۆرستەکە بوو"، "خودا پاراستمی و ئەوانەش بەداخەوە وەک دیوارێکبوون بۆم، لەگەڵ تەقینەکەوەدا بە شێوەی کەوانەیی فڕێیدام و کەوتم".

ئیسماعیل، کە لەنێو تەرمەکاندا بەئاگا دێتەوەو دیمەنی مەرگەساتێکی گەورە دەبینێ "کە تەقییەوە ئیتر ئاگام لەخۆم نەما، لەکاتی تەقینەوەکەدا سۆباکە بەسەرمدا کەوت، فەتاح حسێن ڕواندزی کوژاندمیەوەو بەهانامەوە هاتبوو، گوتی هەرچەندم کرد نەمدەتوانی هەڵتبگرم، پاش ماوەیەک چەند جارێک چاوم هەڵێنا، وامدەزانی خەونە، چاوم هەڵێنا هەڵەبجە لەپێش چاوم بوو، ئەو خەڵکەی کەمن بینم هەموویان لەناو خوێندابوون، کەسم نەبینی زیندوو بێت".

ئیسماعیل، وەکخۆیگێڕایەوە بەڕووخساری سوتا و و دەست و قاچی برینداروە لەهۆڵەکە دێتە دەرەوە "لەنەخۆشخانەی ئێمرجنسی بە ئاگا هاتمەوە، خەڵکێکی زۆرم لەسەربوو، ئەو شوێنەی کە پێویستی بەدوورینەوەبوو دووریانەوەو تەداوییان کردم، دەم و چاوم سوتابوو، دەستم پێستی پێوە نەمابوو، چەند ساچمەیەک بەردەست و قاچم کەوتبوو".

ئیسماعیل، ئەندامی ڕێکخراوی قوربانیانی تیرۆرە، کە تایبەتە بەو کەسانەی لەتەقینەوە تیرۆرستییەکان برینداربوون و ئێستا لەژیاندا ماون، ناوبراو کە ئێستاش شوێنەواری تەقینەوەکەی یەکی شوباتی بەسەر جەستەیدا ماوەو لەکاتی ڕۆیشتندا کەمێک دەشەلێت باسی لەوەکرد کە قوربانیانی تیرۆر لەلایەن حکومەتەوە پەراوێز خراون و داوایکرد حکومەت ئاوڕیان لێبداتەوە.







ئەبو عەبدولڕەحمانی موسڵاوی کە لە لقی2دا خۆی تەقاندەوە



**تیرۆریستەکە لە قوژبنی پێش هۆڵی لقی2 دا وەستابوو و ڕاستەوخۆ خۆی کردە ژوورەوە**

ئیسماعیل موخلیس

# "با هەڵەکانمان بە جبە و عەمامەکانمان بسڕینەوە"

ڕووداو-هەولێر

ئەندامی پەرلەمانی عێراق خەیروڵڵا بەسری دەڵێت، حیزبە ئاینییەکان جەماوەرێکی زۆریان لەدەستداوە، خەڵک چاوەڕێی کاری زۆر باشی لێدەکردن، بەڵام هیچیان نەکردووە، هەروەها خۆزگە دەخوازێت هەموو حیزبە ئاینییەکان هەڵبوەشێنەوەو لەجیاتی ئەوە حیزبی چاکسازی و گەشەپێدان دروست بکرێن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ ئەو ڕایەی هاوکارەکەی خۆی سەید ئەحمەد بەرزنجی دا نییە کە هەموو کێشەکانی عێراق لەبن سەری مینبەر و مێزەر بەسەرەکانەوەیە.

خەیروڵڵا بەسری،کە لەساڵی 1955 لەبەسرا لەدایکبووە و خوێندنی ئایینی لە نەجەف و ئێران خوێندووەو بە کەسایەتێکی سیاسی — ئاینی ناسراوە، لەساڵی 1980 لەبەر هۆکاری سیاسی عێراقی جێهێشتووە، لە ساڵی 2001دا بەکالۆریۆسی لەزانستی ئیسلامی لەتاران بەدەستهێناوە. لەلایەن زانکۆیەکی فەرەنسی دکتۆرای شەرەفی پێبەخشراوە. قوتابی ئایەتوڵڵا محەممەد باقر سەدرو ئایەتوڵڵا خوئی بووە. هەروەها نوێنەری هەرسێ مەرجەعی ئاینی سەید موحسین حەکیم، محەممەد باقر سەدر و ئایەتوڵڵا خوئی بووە.

خەیروڵڵا بەسری پێیوایە بۆ ئەوەی ئیسلام چیتر نەبێتە هۆی دروستکردنی توندوتیژی، پێویستە چاکسازییەکی ئایینی لەنێو ئایینی ئیسلام دا بکرێ، هەروەک چۆن کڵێسە لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا ئەوەیکرد. خەیروڵڵا گوتی "70 جار ڕووخاندنی کەعبە کەرووگەی موسڵمانانە بەپێی ئایینی ئیسلام لە کوشتنی مرۆڤێک بچووکترە"، هەروەها گوتیشی "کێشەی ئێمە ئەوەیە، ئێمە خوا بۆخۆمان قۆرخ دەکەین، لەکاتێکدا خوا هی هەمووانە و قۆرخ ناکرێ".

ئەو قسانەی خەیروڵڵا بەسری لە (کۆنفرانسی قبوڵکردنی یەکتر لە عێراق) کە لەلایەن ڕێکخراوی تۆلێرانسی ئینتەرناشنال لە ڕۆژی 2009/1/20 لەهەولێر دەستی پێکرد و سێ ڕۆژ بەردەوامبوو، بوونە جێی سەرنجی ئامادەبووان. هەروەک حوسێن سنجاری سەرۆکی تۆلێرانسی ئینتەرناشنال ڕوونیکردەوە، ئەو کۆنفرانسە بەمەبەستی دروستکردنی گیانی لێبوردەیی لەنێوان ئایین و تایفەکانی عێراق دا سازکرا.

خەیروڵڵا بەسری لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕەخنەی لەحیزبە ئاینییەکان گرت، لەبەرئەوەی دەیانەوێ ئاین بکەنە ئامرازی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ "ئێستا حیزبە ئاینی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژییەکان خەریکی ئەوەن کە چۆن مرۆڤ بخەنە خزمەتی پڕۆژەکانی خۆیانەوە، ئەوە لەکاتێکدا خودی ئایین بۆ خزمەتی مرۆڤ هاتووە نەک بەپێچەوانەوە".

خەیروڵڵا بەسری، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە دەڵێن زەمینەی چاکسازی لەنێو ئاینی ئیسلامدا نییە وەک ئەوەی لەئاینی مەسیحیدا ڕوویدا، دەڵێت "هێشتا زەمینەی چاکسازی هەیە لەئیسلامدا".

هەروەها بەسری مەترسی حوکمکردنی سیاسی بەناوی ئایینەوە بۆ (ڕووداو) ڕووندەکاتەوەو دەڵێت "دەبێت جیاوازی لەنێوان حوکم و دەسەڵاتدا بکەین، حوکم بۆ خودایەو دەسەڵات بۆ مرۆڤە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ خۆی بووە یاسادانەرو حاکم و بەناوی خوداوە حوکمی کرد ئەوە شتێکی مەترسیدارە، مرۆڤی حاکم دەبێت ئامراز بێت بۆ جێبەجێکردنی حوکم نەک خۆی حاکم بێت، ئێستا مرۆڤ خۆی حاکمە، دەیەوێ ئایین و خودا بخاتە خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیەوە، ئەمە شتێکی مەترسیدارە".

سەید ئەحمەد بەرزنجی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وتارێکی لەو کۆنگرەیەدا خوێندەوەو داوایکرد، کە جیهانی ئیسلامی چاو لە ئەوروپا بکەن، کە سنووری لەنێوان وڵاتانی نەهێشتووەو یەک دراو بەکاردەهێنێ، کەچی موسڵمانان لە دووبەرەکیدا دەژین. ئینجاش هاتە سەر کارەسات و کێشەکانی عێراق و گوتی هەموو ئەو ناخۆشیانەی بەسەر عێراق هاتوون سەرچاوەکەیان مینبەر و مێزەر بەسەرەکان بووەو، گوتیشی "ئەو قسەیەم لەگەڵ خۆشمە"، هەروەک لە وتارێکدا کە د.فالح عەبدولجەباری پسپۆری فەلسەفە و زانستی کۆمەڵناسی بە "ئاگرین" وەسفیکرد، سەید ئەحمەد بەرزنجی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر عێراق هاتوون، دەگەڕێنەوە بۆ عەنتەریاتی مینبەرەکان و دووبەرەکی مێزەر بەسەرەکان، بە خوا سوێند دەخۆم ئەگەر ئێمەی خەڵکی مینبەرەکان و مێزەر بەسەر پێکبێین هیچ کێشەیەک لە عێراق دا نامێنێ".

بەڵام خەیروڵڵا بەسری، لە هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ (ڕووداو) دا گوتی "نەخێر ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە"، هەروەها گوتیشی "ڕاستییەکە ئەوەیە ئێمە دوو جۆر عەمامە بەسەرمان هەیە، هەندێکیان ئەوانەن کە حاکمەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دەهێنن. ئیمام و دەسەڵاتدار ئەگەر چاکبوون کۆمەڵگاش چاک دەبێت، بەڵام هەندێکی دیکە هەن زانای چاکخوازن، زانای چاکخواز خۆی لەهاندان و دنەدان بەدوور دەگرێ. سەرچاوەی شەڕی ناوخۆ لەوانەوەیە کە خەڵکی هاندەدەن و دنەیان دەدەن".

ئەو عێراقەی تا دوێنێ یەک حیزب حوکمی دەکرد، ئەمڕۆ بەدەیان حیزبی ئیسلامی و مەزهەبی و عەلمانی تێیدا خاوەن ئازادی کاری سیاسی و کاربەدەستن، بەتایبەتیش حیزبە ئاینییە شیعەکان. هەمیشەش مەترسی ئەوە هەیە کە حیزبە ئاینییەکان بەتەواوی حوکمڕانی عێراق بکەن.

بەسری مەسەلەی حوکمڕانی لەعێراق بە "مەسەلەیەکی ترسناک" دەبینێت، لەبەرئەوەی وەک ئەو دەڵێ "عێراق کوردو عەرەب و تورکمان، ئێزدی و سابیئەی تێدایە، هەروەها چەندین ڕەوتی ئیسلامیی لێک جیاوازی هەیە، ئایا بۆ حوکمڕانیی عێراق پشت بەبیروباوەڕی کامیان ببەستین؟".

ئەو پێیوایە لەوبارەدا پشت بەستن بەدەستوور سەنگی مەحەکە و جێبەجێکردنیشی بە ئەرکێکی شەرعی دەزانێت "چونکە گەل دەنگی بۆ داوەو نوێنەرایەتی ئیرادەی ئەوان دەکات".

سەبارەت بە مەترسی گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، بەسری لەوەدا مەترسی دەبینێت کە ئیسلامییەکان لەڕێگەی کودەتای سەربازییەوە بێنە سەر دەسەڵات "ئەوکات من یەکەم کەس دەبم کە شەڕ لەدژیان دەکەم، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی دیموکراتی و لەڕێی هەڵبژاردنەوە هاتن ناتوانی ڕێگری لەوە بکەی".

سەبارەت بە ئایندەی حیزبە ئیسلامییەکانیش، خەیروڵڵا بەسری دەڵێت "حیزبە ئاینییەکان [illegible] چاوەڕێی کاری زۆر باشی لێدەکردن، بەڵام هیچیان نەکرد. پێشموایە هەموومان دەزانین هێڵێکی سوور کە ڕێنادات ئیسلامی سیاسی بگاتە دەسەڵات، گەیشتنە دەسەڵاتیان شکست بەم ئەزموونە بێنێ، دەبێت ئەزموون لە هەموو ئەو ڕووداوانە وەربگرین کە لەجیهانی ئیسلامیدا ڕوودەدەن، ئیسلامی سیاسی ڕێگەی پێنادرێ بگاتە دەسەڵات، بۆیە دەبێت هەمووман ڕووبکەینە دەستوور".

ئێستا قسەو باسێک هەیە کە حیزبی دەعوە بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە حیزبێکی مەدەنی و نائایینی، بەسری کە پێشتر ئەمینداری گشتیی حیزبی دەعوە بووەو پاشان بووەتە ئەمینداری گشتی ڕەوتی ئیسلامیی دیموکراتی، لەو شارەزاییەوە لە حیزبی دەعوە دەڵێ "نەخێر زۆر دوورە"، بەڵام لەهەمان کات خۆزگەی ئەوە دەخوازێت "تەمەننا دەکەم هەموو حیزبە ئاینییەکان هەڵبوەشێنەوەو لەجیاتی ئەوە حیزبی چاکسازی و گەشەپێدان دروست بکەین".

بەسری قسەیەکی شێخ محەممەد حوسین کاشف الغطا و بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەیگوت حیزب لەڕۆژهەڵات نەخۆشییەو لەڕۆژئاوا دەرمانە چونکە "لەڕۆژهەڵات حیزبەکان لەسەر بنەمای فیکرو ئایدیۆلۆژیا دادەمەزرێن، دوایی لەناو خۆیاندا دەبنە چەند ڕەوتێک و ئیدی خەریکی ململانێی ناوخۆ دەبن، کەچی حیزب لەڕۆژئاوا پڕۆژەی کاری هەیەو خەریکی چاکسازییە".

ئەو ئامۆژگاری حیزبە ئاینییەکان دەکات و دەڵێت "با ئایدیۆلۆژیاکانمان بۆخۆمان بێت، بەڵام با کاری حیزبی بەناوی ئیسلامەوە نەبێ، بائیدی هێندە هەڵەی خۆمان بەسەر ئایندا نەسڕینەوە، با بەجبە و عەمامەکانی خۆماندا بیسڕینەوە".



**حەفتا جار ڕووخاندنی کەعبە بە پێی ئاینی ئیسلام لە کوشتنی مرۆڤێک بچووکترە**

خەیروڵڵا بەسری، ئەندامی پەرلەمانی عێراق



**ئەگەر ئێمەی خەڵکی مینبەرەکان و مێزەر بەسەر پێکبێین هیچ کێشەیەک لە عێراق دا نامێنێ**

سەید ئەحمەد بەرزنجی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو




دیمەنێک لە کۆنفرانسی پەسەندکردنی یەکتر لە عێراق، لە شاری هەولێر (فۆتۆ:ڕووداو)

# کوردستانی



## ڕۆژنامەنووسێکی کورد لە قامشلۆ دەستگیر دەکرێ

ڕووداو - قامشلۆ

◆ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە سوریا، ڕایگەیاند کە هێزێکی ئەمنی سیاسی سوریا، ڕۆژی 13ی ئەم مانگە نووسەرو ڕۆژنامەنووس دەروێش غالیب دەروێشیان لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە شاری قامشلۆ دەستگیر کرد. ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە سوریا ئیدانەی ئەو کارەی هێزەکانی ئەمنی سووریایان کرد و دەڵێن "بەشێوەیەکی نا یاسایی بەبێ بڕیاری دادوەر دەستگیر کراوە"، ڕۆژنامەنووس و زمانزانی کورد دەروێش دەروێش زیاتر لە 30 ساڵە لەبواری ڕۆژنامەڤانیدا کار دەکات.

# TESEV دەرگای گفتوگۆ بۆ پرسی کورد دەکاتەوە



هێمن خۆشناو

heminxoshnaw@yahoo.com

ڕووداو – هەولێر

زۆربەی شرۆڤەکارانی تورکیا دەڵێن، هەرچەندە حکومەتی ئێستای تورکیا دان بە بوونی کێشەی کورد دادەنێ، بەڵام هیچ چارەسەرێکیشیان نییە بۆ ئەو کێشەیە. لەو بوارەشدا مانگی ڕابردوو دەزگایەکی تورکی بەناوی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکیا TESEV ڕاپۆرتێکی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بڵاوکردەوە، کە تێیدا پێشنیاز کراوە دەستوور بگۆڕدرێ و زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی.

TESEV کە لە ساڵی 1994 دامەزراوە، بە درێژکراوەی دەزگای کۆنفرانسی ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکیا دادەنرێ، کە لەساڵی 1961 لەلایەن نەژاد ئەجزایباشی دامەزرابوو.

TESEV "دەزگایەکە هەوڵدەدات بە لێکۆڵینەوە زانستییەکان کار لە بڕیارە سیاسیەکان بکات، لە چوارچێوەی ئازادی دەربڕین، کۆنفرانس و گفتوگۆی ئاشکرا دەربارەی پرسەکان ساز دەکات".

عەبدوڵڵا دەمیرباش، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP، دەڵێت ناوەندی TESEV نزیکی پارتی داد و گەشەپێدان AKP یە کە ئێستا حکومەتی تورکیای بەدەستەوەیە.

لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، TESEV ڕاپۆرتێکی 42 لاپەڕەیی بە ناوی (نەخشە ڕێگای چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا) بڵاو کردەوە و، تێیدا هاتووە کە "چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگەی گۆڕینی دەستوور پێکدێت".

دیلەک قوربان، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی TESEV لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "ڕاپۆرتەکەمان ڕۆڵی ڕێنیشاندەر دەبینێت بۆ حکوومەت، پەرلەمان و پارتە سیاسیەکان سەبارەت بەکێشەی کورد و، هەنگاوەکانی ڕێگای چارەسەری دەستنیشان دەکات".



## هیچ چارەسەرییەک بەبێ بەشداری PKK سەرناگرێت

عەبدوڵڵا دەمیرباش، ئەندامی سەرکردایەتی DTP

جان پەکار، سەرۆکی ناوەندی لێکۆلینەوەیTESEV بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دەزگاکەیان تا ئێستا زیاتر لە 60 ڕاپۆرتی لەسەر کێشە جۆراو جۆرەکانی تورکیا بڵاوکردووەتەوە. کە یەکێک لەو ڕاپۆرتانەی لە ساڵی 2006 بڵاویکردەوە تایبەت بوو بە هەژاری و کۆچکردنی کورد.

وەکو لەپێناسەکەیدا هاتووە وەقفی لێکۆڵینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکیا

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەتوون ئەو دەزگایە، دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە بەرەوڕووی هەندێ فشاربووەتەوە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە.

دیلەک قوربان، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی " ئەو هەڵسەنگاندن و بۆچوون و پێشنیازانەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون تێڕوانینی TESEV نین و پێویستە واش نەخوێندرێنەوە، بەڵکۆ تێڕوانینی ئەو پسپۆر و سیاسەتمەدار و دەزگا مەدەنییە کوردانەیە کە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە ناویان هاتووە".

عەبدوڵڵا دەمیرباش، کە کاندیدی DTPیە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سووری ئامەد، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) سەبارەت بەو ڕاپۆرتە گوتی "ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەکی بابەتییانە ئامادەکراوە" و هەروەها گوتیشی "لەوانەیە بۆچوونمان لەمەڕ چارەسەری لەگەڵ ئەو دەزگایە جیاواز بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکەمین جارە دەزگایەکی مەدەنی لەتورکیا، چارەسەری کێشەی کورد دەبەستێتەوە بە گۆڕینی دەستوورەوە، بۆیە ئێمە بەگرنگی دەبینین".

جگە لە پێشنیازەکانی باشکردنی ڕەوشی ئابووری باکووری کوردستان، لە ڕاپۆرتەکەدا پێشنیازی ئەوە کراوە کە دەستووری تورکیا بگۆڕدرێ، زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی لە تورکیا، دەوڵەت گفتوگۆ لەگەڵ DTP بکات بۆ چارەسەری ئاشتیانە و دەسەڵاتدارانی ناوچە کوردنشینەکان کوردبن. بەڵام هەروەک دیلەک قوربان جەختی لەسەر کردەوە "TESEV هیچ پرۆژەیەکی نییە، بەڵکو TESEV دەزگایەکە لە بواری کێشە کۆمەڵایەتییەکان لێکۆڵینەوەی زانستیانە ئەنجامدەدات ئەنجامەکانیشی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکات و ڕێگای چارەسەری نیشانی حکوومەت دەدات".

یەکێک لە دروشم و بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی AKP لە ساڵی 2005 دا گۆڕینی دەستوور بوو، بەڵام تائێستا نەیتوانیوە ئەو بەڵێنەی بێنێتە دی، هەرچەندە حکومەت و پۆستی سەرۆک کۆماریشی بەدەستەوەیە. دەستووری تورکیا لەلایەن زۆر لایەن و نێوەندی تورکییەوە بە بنچینەو میراتی کەمالیزم دادەنرێ کە نابێ دەستی لێبدرێ. دیلەک قوربانیش پێیوایە گۆڕینی دەستووری تورکیا ئاسان نییە و دەڵێ " لەپەرلەمان پارتی کۆماری گەل CHP ئاستەنگە و بەرادەیەکی کەمتریش دادگای باڵای دەستووریش ئاستەنگ دەنێتەوە".

چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، وەک هەنگاوێکی چارەسەری کێشەی باکووری کوردستان کەوتووەتە ڕۆژەڤەوە، لایەنە کوردییەکانیش لەوبارەوە لە گفتوگۆدان. بەڵام PKK بۆ ئەوە داوادەکات حکومەت پرۆژەیەکی چارەسەری سیاسیانە و گفتوگۆی لەگەڵ دا بکرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد باس لە دانوستاندن لەگەڵ DTP دا پێشنیازکراوە، ئەو ڕاوێژکارەی TESEV لەو بارەوە دەڵێ " بۆ ئەوەی PKK دەستبەرداری چەک بێت، بەر لەهەر شتێک دانوستاندن لەگەڵ ئەوانەی نوێنەرایەتی کورد دەکەن لەپارتە سیاسیەکان و دەزگا مەدەنیەکان هەنگاوێکی زۆر بایەخدارە بۆ چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیانە. بۆ ئەوەش ئەو پێشنیازانەی لە ڕاپۆرتەکەماندا هاتوون لەوبارەوە بۆ حکومەت گرنگن".

عەبدوڵڵا دەمیرباش، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی DTP، ئەو پێشنیازە بە هەنگاوێکی باش دەنرخێنێ ئەگەر لەلایەن حکومەت و دەوڵەتەوە جێبەجێبکرێ، کە سەرۆک وەزیرانەکەی لەپەرلەمان ئامادەنەبوو تەوقە لەگەڵ پەرلەمانتارانی DTP دا بکات. بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەڵێ " هیچ چارەسەرییەک بەبێ گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ PKK و بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرناگرێت".

کردنەوەی کەناڵی تەلەڤزیۆنی TRT6 بەزمانی کوردی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، لەدوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی TESEV،



## ئەو پێشنیازانەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون بۆچوونی TESEV نین، بەڵام دەتوانن ڕێنیشاندەری حکومەت بن بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد

دیلەک قوربان، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لە TESEV بۆ (ڕووداو)

لەسەری ساڵی تازەدا بەلای دیلەک قوربان، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی TESEVەوە " هەنگاوێکی گرنگ"ە بۆ چارەسەری ئاشتیانە و بەدەستهێنانەوەی متمانەی هاووڵاتیانی کورد لەلایەن دەوڵەت و حکومەتی تورکیا "بەڵام بەشی چارەسەری پرسی کورد ناکات".

هەڵوێستی DTP کە لەنێوان ئەوەی هەندێ بەرپرسی بە دەستکەوت و هەندێکیشیان بە هەنگاوێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی حیزبی دەسەڵاتدار بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کورد هەڵیدەسەنگێنن،



عەبدوڵڵا دەمیرباشیش لەگەڵ ڕای دووەمدایە و دەڵێ " ئەوە هەنگاوێکی ڕووکەشی چەواشەکارانەیە، چونکە کردنەوەی ڕێگە لەبەردەم زمانی کوردی پێویستی بە گۆڕینی دەستوورە، لەبەر ئەوە ئێستا هەموو هاووڵاتییەکی تورکیا دەتوانێ بەپێی دەستوور سکاڵا لە دژی ئەو کەناڵە تۆمار بکات و دایبخات".

بۆ ئاشتی و بۆ شەڕیش، تورکیا پەیوەست دەبێتەوە بە هەرێمی کوردستان، عەبدوڵڵا دەمیرباش کە مانگی ڕابردوو لەگەڵ سەرۆکی حیزبەکەی پێشنیازیسازکردنی کۆنگرەیەکی فراوانی حیزبە کوردییەکانی لە هەولێر و سلێمانی گفتوکرد، هەفتەی ڕابردووش بۆ هەمان مەبەست سەردانی هەولێری کردەوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەڵێن گفتوگۆکانیان لەگەڵ تورکیا لە پێشکەوتن دان. دیلەک قوربان ئەو گفتوگۆیانەی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە گرنگ دادەنێ و دەڵێ"ئەو هەنگاوەی حکوومەتی تورکیا هاویشتی بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی باکووری عێراق، هەموو کات گرنگی خۆی هەیە، هەنگاوێکە پێویستە زیاتر بایەخی پێبدرێت، پێویستە تورکیا پەیوەندی باشی لەگەڵ هەموو دراوسێیەکانی هەبێت، ئەوە چۆن لەقۆناخی چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا گرنگە لەهەمانکاتیشدا بۆ ئاشتی هەرێمەکەش پێویستە".

# کورد دەنگدەدەنە خاتەمی

بیلال سەعید

ڕووداو–مەریوان

ئیقبال محەممەدی، نوێنەری مەریوان لە پەرلەمانی ئێران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەگەر محەممەد خاتەمی خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ئێران بپاڵێوێت دەردەچێ، چونکە خەڵک لەسیاسەتی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد نارازییە و گوتیشی "نوێنەرانی کورد لەگەڵ هەڵبژاردنەوەی محەممەدی خاتەمیدان، چونکە خاتەمی یاسا جێبەجێدەکات".

فراکسیۆنی کورد لەپەرلەمانی ئێران کە لە 14 ئەندام پێکدێت، ئەندامەکانی لەو خولەی پەرلەمان دا بەبەراورد بە فراکسیۆنە کوردییەکانی پێشوو بەتایبەتی ئەو فراکسیۆنەی دوو خول پێش ئێستا لەلایەن پەرلەمانتاری کۆچکردوو بەهائەدین ئەدەبەوە سەرۆکایەتی دەکرا، لەلایەن هاووڵاتییانی کوردەوە بە فراکسیۆنێکی "نا چالاک" دادەنرێ و ڕەخنەی توندی لێدەگیرێ.

ئیقبال محەممەدی سەرەڕای تێبینییەکانی لەسەر فراکسیۆنەکەیان، فراکسیۆنی کوردی بە فراکسیۆنێکی زۆر چالاک وەسفکردو گوتی "کاری زۆرمان کردووە، هەر کێشەیەک بۆ کورد یان سوونە هاتبێتە پێش بەدەنگ هاتووین".

ئێران دەستیکردووە بە هەڵکەندنی چاڵێک بەدرێژایی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، حکومەتی ئێران دەڵێ ئەو کارەی بەمەبەستی ڕێگەگرتنە لەکاری قاچاخچێتی. ئیقبال محەممەدی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)دا ڕایگەیاند بەهۆی هەڵکەندنی ئەو چاڵە 17 گوندی نزیک مەریوان و بانە و سەردەشت زەرەرمەند دەبن، چونکە کارو کاسبییان لەسەر ئەو مەرزانەیە. محەممەدی دەڵێ ئەو مەسەلەیەیان گەیاندووەتە پەرلەمانی ئێران کە حیسابێک بۆ ئەو گوندنشینانە بکرێ.

زۆربەی هاووڵاتیانی ئێران سەردەمی محەممەد خاتەمی بە کراوەتر دەبینن لەسەردەمی مەحموود ئەحمەدی نەژاد، بەتایبەتی لەڕووی ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕەوشی مافی مرۆڤ. ڕێکخراوی هیوامان ڕایتس وۆچ کە گەورەترین ڕێکخراوی مافی مرۆڤە و بنکەکەی لە نیویۆرکە، لە ڕاپۆرتێکی 42 لاپەڕەیدا کە هەمووی تایبەت کردووە بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن حکومەتی ئیسلامی ئێران، پێشێلکارییەکان دەخاتەڕوو و دەڵێ، ئازادی ڕادەربڕین و کاری مەدەنی لە شارە کوردنشینەکان نییە و خەڵک ناتوانن بە ئاشتی بژین.

ئیقبال محەممەدی پێیوایە ئەو جیاوازییەی خەڵک لەبارەی ماوەی دەسەڵاتی نەژاد و خاتەمی باسیدەکەن، پەیوەندی بە ئەحمەدی نەژادەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەکاربەدەستانی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوەیە، گوتیشی "زۆرجار لەپەرلەمان گوتوومە کە داخستنی گۆڤارو ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، جگە لە وروژاندنی خەڵک هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت".

نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران زۆرینەیان سەر بە ڕەوتی چاکسازین و بەشێکیشیان سەرموحافیزکارەکانن کە ئێستا حکومی ئێرانیان بەدەستەوەیە. تەنیا چەند مانگێکی ماوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی تازەی ئێران، ئێستا باس لەخۆپاڵاوتنی هەر یەک لە محەممەدی خاتەمی، مەهدی کەڕووبی و حوسێن موسەوی هەیە لە ڕەوتی چاکسازی.

ئیقبال محەممەدی دەڵێت هەرچەندە دیار نییە کورد دەنگ دەداتە کام پاڵێوراو، بەڵام زۆرینەیان بۆچوونیان لە ڕەوتی چاکسازییەوە نزیکە، کە جەخت لەسەر باشکردنی باری ئابووری و پەیوەندی ئێران لەگەڵ جیهان دەکات. گوتیشی "ئەگەر ئەو سێ پاڵێوراوە لەنێو خۆیاندا خۆیان یەکلایی بکەنەوە، دڵنیام ڕەوتی چاکسازی دەنگی زۆرینەی خەڵک بەدەستدێنێ، بەتایبەتی محەممەد خاتەمی، چونکە لە زۆربەی شوێنەکان باس هەر باسی محەممەد خاتەمییە".

بەبۆچوونی ئەو نوێنەرەی کورد بێکاری گەنجان و بەرزبوونەوەی نرخ لەسەردەمی نەژاددا، چانسی ئەوەی کەمکردووەتەوە کە جارێکی دیکە خەڵکی ئێران وەک سەرۆک کۆمارهەڵیببژێرێتەوە.

پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێکاری و نەخۆشی ئایدزو زیادبوونی ئالودەبووانی مادەی بێهۆشکەر دەناڵێنێ،لەوەشدا پەنجەی تۆمەت بۆ کۆماری ئیسلامی رادەکێشرێ. بەڵام ئیقبال محەممەدی ڕەتیکردەوە حکومەت لەو بارودۆخە ڕازی بێت و گوتی "هەژاری و بێکاری هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدزو زیادبوونی مادەی بێهۆشکەرەکانە، بەڵام پێویستە حکومەت کارگەی زیاتر لە ناوچەکانی کوردستان دابمەزرێنێ، بۆ ئەوەی ئەو گومانەی لەسەر نەمێنێ".

وا بڕیارە بەم نزیکانە جارێکیتر ئەحمەدی نەژاد سەردانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتەوە، بەڵام نوێنەرانی کرماشان لەپەرلەمانی کوردستان هەر لە ئێستاوە بایکۆتکردنی خۆیان بۆ ئەو سەردانەی نەژاد ڕاگەیاندووە. ئیقبال محەممەدی هۆکاری ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ پشتگوێخستنی ئەو داواکاریانەی لەلایەن ئەو نوێنەرانەوە پێشکێشی حکومەت کرابوون، بۆیەش بڕیاریانداوە لەو سەردانەدا لەگەڵ ئەحمەدی نەژادو وەفدەکەیدا نەگەڕێن، لەبەرئەوەش نەژاد سەردانەکەی دواخستووە و ئێستا لە گفتوگۆدان لەگەڵ نوینەرانی کرماشان.

هەروەها گوتیشی "ئێمەش وەکو نوێنەری مەریوان چەند داواکارییەکمان ئامادە کردووە ئەگەر جێبەجێنەکرێن نارەزایی دەردەبڕین".

ئیقبال محەممەدی، دەڵێ ئەو تائێستا چەندین جار نارەزایی خۆی بەرامبەر خراپی ڕێگەو بانەکانی ناوچەی مەریوان دەربڕیوە، کە زۆربەیان تێکچوون، چونکە هی سەردەمی شان، محەممەدی بەبێزارییەوە گوتی "بۆ ئەوەی بەئاواتی خۆمان بگەین و ئەو ڕێگەو بانانە بە چاککراوی ببینین دەبێ عومری نوحمان هەبێ". ئیقبالی گوتیشی "بیست ساڵە دەڵێن هێڵی شەمەندەفەر بۆ ئەو ناوچەیە ڕادەکێشین، داوای فرۆکەخانەی گەشتیاریم کردووە نەیانکردووە".

ڕەوشی مافی مرۆڤ لەکوردستانی ئێران لەبارێکی خراپدایە، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چەندین زیندانی سیاسی لەبەندیخانەکانی ئێراندان و ساڵانەش چەندین کورد لەسەر بیروبۆچوونی سیاسییان ملیان بە پەتەوە دەکرێ. فەرهاد تەجری جێگری سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەلێدوانێکی پێشووی بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاندبوو کە نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی ئێران تا ئێستا باسی ئەوەیان نەکردووە کە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لەشارە کوردییەکان هەبێ.

بەڵام ئیقبال محەممەدی ئەو قسەیەی تەجری ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ" تا ئێستا چەندین جار لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لەکوردستان نامەم بۆ سەرۆکی کۆمار و پەرلەمانی ئێران نووسیووە".

سەبارەت بە ژمارەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردیش لەگرتووخانەکانی ئێران، ئیقبال گوتی "ئەوەندەی من ئاگادار بم، 200 زیندانی کورد لەزیندانی مەریوانن، بەڵام حکومەت دەڵێ ئەوانە لەسەر قاچاخ گیراون".

سەبارەت بەپەیوەندی فراکسیۆنی کورد لەگەڵ عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانیش، ئیقبال گوتی "پەیوەندیمان باشەو هەر داواکارییەکمان هەبێت بەدوایدا دەچێت، باوەڕیشم وایە سەرۆکی پەرلەمان کەسێکی زۆر باشە بەهۆی ئەوەی زۆر وڵات دەگەڕێت، فروان بیر دەکاتەوە".



## تاوەکو ئاواتی چاککردنی ڕێگەو بانەکانی مەریوان بەچاوی خۆمان ببینین دەبێ عومری نوحمان هەبێ

ئیقبال محەممەدی، نوێنەری مەریوان لە پەرلەمانی ئێران



شاری مەریوان

# کاروباری سیاسی

## ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی زۆرترین دەنگ بەدەست دێنێ



رووداو-ئاژانسەکان

◆ بەپێی دوایین ڕاپرسی کە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەواشنتن ئەنجامیداوە دەرکەوتووە، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق زۆرترین دەنگ بەدەستدێنێ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دا، بەتایبەتی لە بەغدا و بەسرا، دوای ئەویش حزبی دەعوەو حیزبی ئیسلامی عێراقی بەپلەی دووەم و سێیەم دێن. بەڵام بەپێی ڕاپرسییەکی سەنتەری نیشتمانی ڕاگەیاندن، کە سەر بەئەنجوومەنی وەزیرانە، لیستی حیزبی دەعوەی مالیکی زۆترین دەنگ بەدەستدێنێ، دوای ئەویش هەر یەک لە لیستی عەللاوی و ئەنجوومەنی باڵا دێن.



**دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی چوار حیزبەکە سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای کوردستان و، گێڕانەوەی ئەو کێشانە هەموویان بۆ سەر ئەستۆی یەکێتی و پارتی، ئەو دوو حیزبە لە ڕۆژی 2009/1/21 لە ڕوونکردنەوەیەکی هاوبەشدا بەتووندی ڕەخنەیان لەو چوار حیزبە گرت و دەڵێن، ئەو حیزبانە کە بەو ڕاپۆرتە خۆیان کردووەتە دەمڕاستی خەڵک ، لە کاتی گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی پێنجەمدا ئەو داوایەیان نەدەکرد، بەڵکو داوایاندەکرد وەزیری زیاتر، پۆستی چەند بریکارێکی وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و قایمقامیان پێبدرێ و بودجەی حیزبەکانیان زیاد بکرێ.**
**قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (رووداو) دا بەتووندی ڕەخنە لە وەڵامەکانی پارتی و یەکێتی دەگرێ :**

## قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان:

# هاوپەیمانیمان لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتوودا نەبەستووە

### ناشیرینکردنی هەڵوێستی ئێمە لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە

**رووداو: دەڵێن، بڕیارتان داوە وەڵامی یەکێتی و پارتی بدەنەوە، بەگشتی چیان پێدەڵێن؟**

**قادر عەزیز:** ئێمە نامانەوێ ڕابکێشرێین بۆ وەڵام و وەڵامکاری، بەڵام یەکێتی و پارتی لە ڕوونکردنەوەکەیاندا هەندێ شتیان وورووژاندوە کە دوور و نزیک پەیوەندی بە ڕاپۆرتی چوار حیزبەکەوە نییە، بەڵکو زیاتر بۆ ناشرینکردنی هەڵوێستی ئەو حیزبانەیە لە بەرامبەر جەماوەردا، دیارە ئەمە پێویست دەکات ئێمەش ڕاستی مەسەلەکان بۆ ئەو خەڵکە ڕوون بکەینەوە، ئەمەش ناچێتە چوارچێوەی وەڵامدانەوە بەڵکو زیاتر دەرخستنی ڕاستییەکانە.

**رووداو: وەڵامەکەی یەکێتی و پارتی داوایەکی ڕوونی تێدایە بۆ خۆیەکلاکردنەوەتان لەمانەوەو دەرچوون لەحکومەت، ئایا بڕیار دەدەن لە حکومەت بکشێنەوە؟**

**قادر عەزیز:** ئەوان پێیانوایە بەمە دەتوانن فشار لەسەر چوار حیزبەکە دروست بکەن کە لە بەرامبەر مانەوەیان لە حکومەت لە مەودوا بێدەنگی هەڵبژێرن وواز لەم جۆرە هەڵوێستانە بێنن، دیارە ئێمە هەمیشە گوتوومانە لە نێوان بەشداریکردن لە حکومەت و مافی ڕەخنە و لە قاودانی کەموکوڕی و گەندەڵی و نا عەدالەتییەکان بە دڵنیاییەوە ئێمە دووەمەکەی هەڵدەبژێرین . ئێمە بەشداری لە حکومەت بە لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی لە ئیدارەکردنی ئەم کوردستانە تێدەگەین نەک ئیمتیاز و پلە و پایە، بۆیە پێش ئەوەی ئەوانیش داوای خۆ ساخکردنەوەمان لێبکەن لەوانەیە دەمێکە ئێمە لە نێوان خۆماندا قسەمان لەو مەسەلەیەدا کردبێت، ئێمە لە کۆبوونەوەی ڕابردووی چوار حیزبەکە یەکێک لە خاڵەکان لێکۆڵینەوە کردن بوو سەبارەت بە کشانەوەی حیزبەکانمان لە حکومەت، بە تایبەتیش ئەگەر بارودۆخەکە هەروا بڕوات و ئەو دوو حیزبەش ئامادەی هیچ جۆرە گۆڕان و چاکسازیەک نەبن لەو بارودۆخە .

### یەکێتی و پارتی دەیانەوێ حیزبەکانیش وەک میللەت بە مووچە بە خۆیان ببەستنەوە

**رووداو: لە وەڵامەکەی یەکێتی و پارتیدا هاتووە کە ئێوە چوار بودجە وەردەگرن، ئایا ئێوەو سێ حیزبەکەی دیکە چوار بودجە وەردەگرن؟**

**قادر عەزیز:** هیچ یەکێک لە حیزبەکانی ئێمە چوار بودجە وەرناگرن، هەندێکیان دوو بودجە وەردەگرن، ئەمەش هی سەردەمی دوو ئیدارەکەیە، بەڵام حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان تەنها یەک بودجە وەردەگرێت ئەویش لە ئیدارەی سلێمانییە، بەڵام دەپرسم کێ وایکردووە کە حیزبەکان ناچاربن بەم شێوەیە مافەکانیان وەربگرن، دیارە لەمەشدا هەر ئەوان دەیانەوێ وابێ، دەیانەوێ حیزبەکانیش وەکو میللەتەکە بە مووچە بەخۆیان ببەستنەوە، ئێمە دەمێکە داوامان کردووە کە بودجەی حیزب و ڕێکخراوەکان بە یاسا ڕێکبخرێت، ئەوە ئەوانن تا ئێستا نایانەوێ شتەکان بە یاسایی بکرێ، بەڵکو هەموو شتەکان لە ڕێگەی حیزبەکانیانەوە بکەن، بۆ ئەوەی بوودجەی حیزبەکان وەک سەدەقە بدەن بەو حیزبانەو بودجەکەی خۆشیان لە دەرەوەی یاسا چەندی خۆیان حەز بکەن لە داهاتی کوردستان و دوور لە چاوی پەرلەمان و حکومەت و شەفافیەت هەڵبگرن.

**رووداو: پاش ئەو وەڵامدانەوانەی یەکێتی و پارتی بۆ ئێوەو دروستبوونی ئەو دۆخە، ئەگەری ئەوە هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەلیستی هاوبەش لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا دابەزن؟**

**قادر عەزیز:** ئێستا هەموو لایەکمان لە ئامادەکاری داین، هێشتا زووە باس لە پێکهێنانی لیستەکان بکرێت، ئێمە وەک چوار حیزبەکەش هێشتا هیچ بڕیارێکی لیستی هاوبەشمان نییە، هەرچەندە پێکهێنانی ئەو لیستە مافێکی ئاسایی و یاسایی و دیموکراسی خۆمانە .

**رووداو: وەڵامەکەی یەکێتی و پارتی دەڵێت: ڕاپۆرتەکەتان خۆدزینەوەیە لەبەرپرسیارێتی،حیزبەکەتان کە لە کابینەی یەکەم و کابینەکانی دواتریشدا بەشداریووە، پێتوایە بەرپرسیاریچتی هیچ کەموکورتییەکتان لەسەر شان نەبێت؟**

**قادر عەزیز:** ئەم قسەیەی ئەوان ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە، داواکردنی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی ئەمڕۆی کوردستان و گەڕانەوە بۆ بەهێزکردنەوەی فاکتەری زاتی و ڕێکخستنەوەی ماڵی خۆمان ئەمە هەستکردنی تەواوی ئێمەیە بەو لێپرسراوێتییەی کە لە بەرامبەر خەڵکی خۆمان و گەلەکەماندا هەمانە . سەبارەت بە کەموکوڕیەکانیش دیارە ئەوەی ئێستا هەیە لە کوردستان هەرگیز پێی ناگوترێ کەموکوڕی، بەڵکو هەڵەی کوشندە و کێشە و قەیرانی مەترسیدارن، بە تایبەتیش ئەگەر هەروا بڕوات و چارەسەرنەکرێت، کە هەڕەشە دەبێت نەک لەسەر دەسکەوتەکان، بەڵکو لەسەر خودی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەش، بۆیە ئێمە هەرگیز خۆمان لە بوونی ئەم کێشانەی ئێستە بەرپرسیار نابینین چونکە ئەمە لە ئەنجامی سیاسەت و بڕیاری سیاسی ئەو دوو حیزبەوە دروستبووە، کە هیچ لایەنێکی دیکە لەو بڕیارە سیاسیەی ئەوان بەشدار نەبووە، ئەی کەواتە بۆچی لە ئەنجامەکەی بەرپرسیار بین، ئەوان دەیانەوێ هەم قەبارە و مەترسی ئەو کێشانەی هەن بچووک بکەنەوە،هەمیش بەرپرسیارێتی ئێمە مانان گەورە بکەن و گەورە نیشانبدەن، ئەوان دەیانەوێ بە خەڵک بڵێن کە ئەو حیزبانە لە شتە خراپەکانیش بەشدارمانن، بەڵام لە ماف و دەسکەوتەکان نا، هەموو خەڵک و دونیاش دەزانێ کێ لەم بارودۆخەی کوردستان بەرپرسیارە .

### سەردەمی هەڕەشە و دەستێوەردانە فاشیلەکان لە کاروباری نێوخۆی حیزبەکان بەسەرچووە

**رووداو: پڕۆژەکەی فەرید ئەسەسەرد بۆ لێک جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت و چاکسازی، هەندێک خاڵی نزیک لە ڕاپۆرتەکەی ئێوەی تێدایە، هەڵوێستت لەبارەی ئەو پڕۆژەوە چییە؟**

**قادر عەزیز:** پڕۆژەکەی کاک فەرید زۆر گرنگە و لە ڕاپۆرتی چوار حیزبەکەش ئەکادیمیانەتر و جەسورانەتر نووسراوە، کاک فەرید لە پێشەکی پڕۆژەکەدا دەڵێت: پڕۆژەکەی سەرۆک مام جەلال و پڕۆژەی چوار حیزبەکە هانیاندام کە ئەم پڕۆژە ئامادە بکەم. بۆیە ئێمە لە لایەن خۆمانەوە دەستخۆشی و هەموو جۆرە پشتیوانییەکی لێدەکەین .

**رووداو:ئێوە کە ئاڵای کوردستان بەرزدەکەنەوە، لایەنگری گۆڕینی ئاڵا و سرودی نیشتیمانی کوردستانن کەئەسەسەرد داوای دەکات؟**

**قادر عەزیز:** ئێمە لەگەڵ گۆڕینی ئاڵای کوردستان و سرودی ئەی ڕەقیب نین، چونکە ئەم ئاڵا و سرووده ئێستا بە تەنها ڕەمزی سەروەری پارچەیەکی کوردستان نین، بەڵکو هی هەموو پارچەکان و هی هەموو نەتەوەی کوردن . لە باشووری کوردستاندا ئەگەر لە داهاتوودا بووین بە دەوڵەت و نەتەوەکانی دیکەش لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەبوون ئەوا دەکرێ ئەو کاتە بیر لە گۆڕینی ئاڵا و سرود بکرێتەوە، بە شێوەیەک کە ڕەنگ لە تایبەتمەندی هەموو ئەو نەتەوانە بداتەوە، بەڵام نەک ئێستا کە هەندێ لەو نەتەوانە ئامادە نین دان بە کوردستان دابنێن وەک چوارچێوەیەکی جوگرافی کە ئێمە و ئەوانی تێدا دەژین .

**رووداو: دەنگۆیەک هەیە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دوابخرێت، پێتوایە هۆکاری ئەم دواخستنە چییە؟**

**قادر عەزیز:** بروا ناکەم هەڵبژاردنەکە دوابخرێ، چونکە سەرۆکی پەرلەمان 2009/5/19ی وەک ڕۆژی ئەم هەڵبژاردنە ڕاگەیاندووە، داواش دەکەم یەکێتی و پارتی ڕێز لەو ئیستحقاقە دیموکراسی و دەستورییەی خەڵکی کوردستان بگرن، چونکە ئەمڕۆ هیچ پاساوێک بۆ دواخستنی ئەو هەڵبژاردنانە نییە.

**رووداو: دەگوترێت یەکێتی و پارتی نیگەرانن لەوەی کە ئێوەو حیزبی سۆسیالست لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵدا هاوپەیمانی ببەستن، ڕاستە؟**

**قادر عەزیز:** بێگومان نیگەرانن و ئەو نیگەرانەی خۆشیان نەشاردووەتەوە، بەڵام نیگەرانییەکان لە شوێنی خۆیدا نییە و ئەوەی ئێمەش لەگەڵ ئیسلامییەکان ناچێتە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەوە، بەڵکو ئەوەی هەیە تا ئێستا لە هەندێ کار و چالاکی هاوبەش تێپەڕینەکردوە، لیستی هاوبەشیش بۆ هەڵبژاردن کە مافێکی سروشتی خۆمانە بە هیچ شێوەیەک بە مانای هاوپەیمانێتی نایێت .

### پڕۆژەکەی ئەسەسەرد لەراپۆرتەکەی ئێمە چەسورترە، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی سرود و ئاڵای کوردستان دا نین

**رووداو: دەگوترێت یەکێتی و پارتی پێش بڵاوکردنەوەی ڕوونکردنەوەکەیان لەبارەی ڕاپۆرتی چوار حیزبەکەوە بەئێوەیان گوتووە، لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیدا هاوپەیمانی نەبەستن، ڕاستە؟**

**قادر عەزیز:** بە ڕەسمی هیچ شتێکیان لەو بارەوە بە ئێمە نەگووتوە، بەڵام لابەلا قسەی زۆر دەکرێ کە من پێموایە سەردەمی هەڕەشە و دەستێوەردانە فاشیل و سواوەکان لە کاروباری نێوخۆی حیزبەکان بەسەرچووە، چونکە ئەمڕۆ هەموو میللەت، حیزبەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیا، تەنانەت لە ریزەکانی خۆشیاندا خەڵک داوای گۆڕان و چاکسازی دەکات، جا دەکرێ هەڕەشە لەو هەموو خەڵکە بکرێ یا بەر بە داوا و داخوازی ئەو هەموو خەڵکە بگیرێ یا دەکرێ هەر کەس و لایەنێک لەم وڵاتەدا ڕەخنەی لەبارودۆخەکە گرت، یا داوای گۆڕان و چاکسازی کرد لە جیاتی گوێی بۆ بگریت، بە هەڕەشە و گورەشە وەڵامی بدرێتەوە .

# حکومەت 2008ی چۆن بەڕێکرد؟

**عەلی حەمە ساڵح**
**رووداو-هەولێر**

بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 گەیشتە 10 ترلیۆن دینار، بەڵام بەرپرسان نەیانتوانی بەڵێنی چارەسەرکردنی گرفتە خزمەتگوزارییەکان بەدیبێنن و چاودێرانی سیاسیش ئەوە دەگەڕێننەوە بۆ هۆکارە سیاسییەکان .

بودجەی بنەڕەتی هەرێمی کوردستان 6ترلیۆن دیناربوو، لەمانگی 11 بودجەی تەواوکاری پەسەندکراو پشکی کوردستانیش لەو بودجەیەدا 3ترلیۆن دیناربوو. کاروان عوسمان، 23 ساڵ، دەرچووی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "هاووڵاتیانی کوردستان ئاگاداری وردەکارییەکانی بودجە نین، بەڵام ئێمە دەزانین ئەو بودجەیە زۆرەو دەکرا ئەو گرفتانەی پێ چارەسەر بکرێت، بەڵام چی لێهات نازانین" .

بەرپرسان پێیانوایە یەکێک لەهۆکارە بنەڕەتییەکان، کەنە توانرا، چارەسەری گرفتی خزمەتگوزارییەکان بکرێت، پەیوەستە بەو کەلەکەبوونەی لەکاتی شەڕی نێوخۆ و دوو ئیدارەییدا بەسەر ئەو کابینەیەدا کەوتووە .ئەوە جگە لەوەی کە مادەی 140، قەبارەو بودجەی پێشمەرگە و کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان هەروا بە هەڵوسراوی مانەوە .



### هەندێ بەرپرس بەڵێنی گەورەتر لە توانای حکومەت دەدەنە هاووڵاتیان

د .دلێر شاوەیس، سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمان

ئەبوبەکرعەلی، وەزیری هەرێم، لە بارەی کێشە خزمەتگوزارییەکانەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "چارەسەرنەکردنی گرفتەکان ڕەگەکانی زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی 10ساڵی ڕابردووی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، بەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەیەکی نازانستی و کەڵەکەبوونی گیروگرفتەکان و بەکارهێنانی حکومەت وەک ئامرازێکی ڕاکێشانی حیزبی لەماوەی ڕابردوودا، وایکردووە گیروگرفتەکان کەڵەکە ببن" .

ئەبوبەکر عەلی، کە لە هەمانکاتدا ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیشە دەڵێ حکومەت بەو توانایەی کە هەیەتی ناتوانێ هەموو گیروگرفتەکان چارەسەربکات، لەبەر ئەوەی مووچە بەشێکی هەرە زۆری توانای دارایی حکومەت دەبات .

لەساڵی 2008دا، بەرپرسانی باڵا حکومی و حیزبییەکان، بەڵێنی چارەسەرکردنی چەندین گرفتی خزمەتگوزارییان دا، تەنانەت مەلا بەختیاری کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە تەلەفزیۆنی کوردساتدا گوتی "ئەگەر کێشەی کارەبا لەساڵی 2008دا چارەسەر نەکرێ، من خۆم داوای ڕووخاندنی حکومەت دەکەم" .

بەڵام ساڵی 2008 تێپەڕی و هێشتا گرفتی ئاوی سلێمانی و کارەبای کوردستان بەگشتی چارەسەرنەکراوە، هەرچەندە کارەبا بەگشتی باشتربووە بەهۆی کەوتنە کاری وێستگەی غازی لە هەولێر.

ئەبوبەکر عەلی، هۆکاری چارەسەرنەکردنی ئەم گرفتانە دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە " تواناکانی حکومەت خراپ خەملێندراوە، یان بەڕێکردنی قۆناخەکەبووە، یاخود هاتنە پێشی کۆمەڵێک کۆسپە لەدەرەوەی ئیرادەی ئەوانەی سەرپەرشتی ئیش و کارەکان دەکەن" .

ئەو وەزیرە، پێیوایە "دیاری نەکردنی پارەی پێویست و خراپ قەبڵاندنی ئەو بڕە پارانەی کە بۆ ئەو پڕۆژانە پێویستن لەگەڵ بوونی گەندەڵی و هەندێ بەرژەوەندی تایبەت هۆکارێکی دیکەی بنەڕەتین بۆ ڕانەپەڕاندنی پڕۆژەکان لەکاتی خۆیاندا" .

بەپێی ڕاپرسییەکان، زۆرینەی خەڵک پێیانوانییە پەرلەمان دەربڕی داواکانی ئەوان بێت . د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە کەموکورتییەکی سیاسی هەیە لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەتدا کە ڕێگربووە لەجێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە "چەندین بەڵێندراوە لە 2008دا کە نەبراونەتە سەر، بەڵێنی گەورەتر هەبووە، لەوانە یەکخستنەوەی ئەو سێ وەزارەتە سەرەکییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چەند جارێک کاتیشی بۆ دیاریکرا، بەڵام تائێستا جێبەجێنەکراوە" .

بەرپرسانی حکومەتی کوردستان پێیانوایە گەورەیی گرفتەکان ڕێگربووە لەچارەسەرکردنیان، بەڵام د.نوری تاڵەبانی، دەڵێت "لەو باوەڕەدانیم کێشەکان بەو چەشنەبن کەوا هەندێ کەس باسیان دەکات، ئەگەر کارێکی جدی بکرایە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا دەبوو کێشەی کارەبا لەکوردستاندا بەگشتی و ئاویش لەسلێمانی چارەسەر بکرایە" .

بودجەی کوردستان لەماوەی سێ ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستان بە نزیکەی 20 ترلیۆن دینار دەخەملێندرێت، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری ئەم بودجەیە بۆ مووچە ڕۆیشتووە، بەڵام هاووڵاتیان پێیانوایە هێشتا بواری ئەوە هەبووە لەو بەشەی دیکەی بودجە گرفتەکان چارەسەربکرێن.

د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوێس، سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت "کێشەکان ئەوەندە گەورەن، چارەسەرکردنیان پێویستییان بەبودجەیەکی زۆر لەوە گەورەترە " .

د.دلێر، ڕەخنەی ئەوە لەبەرپرسان دەگرێت کە "ئەو بەڵێنانەی داویانە بە هاووڵاتیان گەورەتربوون لەهێز و توانای حکومەت، زۆجار بەڵێندراوە کێشەی کارەبا چارەسەربکرێت، بەڵام کێشەی کارەبا وا بەئاسانی چارەسەرناکرێ و گرفتێکی گەورەیە" .

ئەو پسپۆرە داراییە، ئاماژە بەوەدەکات کە هۆکاری چارەسەرنەکردنی گرفتەکان دوولایەنەن بەشێکی پەیوەندی بەحکومەتەوەهەیەوبەشێکیشی بەهاووڵاتییەوە "کێشەی بەڕێوەبردن و ئیدارەو باش بەکارنەهێنانی ئەو سەروەت و سامانەی لەئارادایە، بەشێکی گرفتەکەیەو،هەندێک جاریش هاوکاری نەکردنی هاووڵاتیان تێبینی دەکرێت لەچارەسەرنەکردنی گرفتەکاندا" .



### حکومەت بەو توانایەی ناتوانێ هەموو گرفتەکان چارەسەربکات

ئەبوبەکر عەلی، وەزیری هەرێم

### فەرید ئەسە سەرد، سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان:

# زۆری پرۆژەکان نیشانەی ئەوەیە تەنگژەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەدا هەیە



**لە دوای دروستبوونی کوتلەکاری نێو یەکێتی، لەساڵی رابردووەوە پرۆژە بۆ چاکسازی و رێکخستنەوەی کاروباری نێوخۆی یەکێتی و بەشی یەکێتی لە حکومەت دا دەنووسرێن، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی پرۆژەکەی مام جەلال و چوار حیزبەکە، پرۆژەکان ئاراستەیەکی گشتییان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان وەرگرت. لەو نێوەدا پرۆژەی سەنتەری ستراتیژی کوردستان لە سلێمانی کە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن فەرید ئەسە سەرد، سەرۆکی سەنتەرەکە و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نووسراوەو، لەرۆژی 2009/1/22 لە (الانصات المرکزی)ی یەکێتی دا بە عەرەبی بڵاوکرایەوە، لە هەموویان گشتگیرترە بۆ باری دەسەڵات و، لەهەمانکاتیشدا لەوانەیە زیاتری هەموانیش ببێتە جێی گفتوگۆ. (رووداو) چەند پرسیارێکی لەبارەی پرۆژەکەوە ئاراستەی فەرید ئەسەسەرد کرد:**

رووداو- هەولێر

**رووداو: دوای پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح، مام جەلال و کۆسرەت رەسوڵ، بۆچی ئێوەش ئەو پرۆژەیەتان بڵاوکردەوە؟**

**ئەسەسەرد:** پرۆژەکەی ئێمە پەیوەندی بەپرۆژەی ئەوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەسەری ساڵەوە هەیە. بڕیارماندابوو ئەمساڵ راپۆرتێک دەربارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوبکەینەوە، پاش ئەوەی

## دەزانین خەڵکانێکی زۆر دژی پێشنازەکەی ئێمەن بۆ گۆڕینی سروود و ئاڵای کوردستان

لەکۆتایی ساڵی رابردوودا بەڕێز مام جەلال، کۆمەڵێک بیروباوەڕی دەربارەی چاکسازی بڵاوکردەوە، پاش ئەویش بەماوەیەک چوار حیزبەکە راپۆرتەکەی خۆیان بڵاوکردەوە، ئەوی ئێمە کەوتە دوای هەردووکیان، لە دیباجەکەشدا ئاماژەمان بە بیروبۆچوونەکانی سەرۆک تاڵەبانی و پرۆژەی چوارحیزبەکە داوەو گوتووشمانە دەکرێت ئەمە بە درێژە پێدەری ئەوان بناسرێت. لە هەمانکاتیشدا جیاوازی لەگەڵ ئەوەی ئەواندا هەیە، چونکە ئەوان وەکو لایەنی سیاسی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕیوە، ئێمە وەک دەزگایەکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی باسی بابەتەکەمان کردووە.

**رووداو: زۆری ئەو پرۆژانە ناگەڕێتەوە بۆ ئاگا لەیەکتر نەبوونتان؟**

**ئەسەسەرد:** نەخێر، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە بابەتەکە ئەوەندە فراوان بووە هەموو لایەنەکان باسیدەکەن، بابەتەکە ئەوەندە کاریگەری لەسەر کۆمەڵی کوردەواری و ژیانی سیاسی بەجێهێشتووە، وای لێهاتووە هاووڵاتی ئاسایی و رۆژنامەنووس و دەستەبژێری سیاسی و لوتکەی هەرەمی سیاسی باسیدەکات، مانای ئەوەیە تەنگژەیەکی گشتی لە کۆمەڵدا هەیە. هەموویان دەگرێتەوەو هەر هەموشیان بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن.

**رووداو: لە پرۆژەکەتاندا دەڵێن لاوازی پەرلەمان بەرامبەر حکومەت، ژیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا سستکردووە، بەڵام چارەسەرەکان زۆر روون نین؟**

**ئەسەسەرد:** یەک چارەسەر هەیە، بەڵام ئێمە پەسەندمان نەکردووە، لەبەرئەوە هەر باسیشمان نەکردووە، چارەسەرەکەش ئەوەیە سیستەمی هەڵبژاردن لە رێژەییەوە ببێتە بازنەیی، بەڵام ئەم سیستەمەش کۆمەڵێک کەموکورتی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، رەنگە خەڵکانێکی زۆر خراپ بچنە پەرلەمان، لەبەرئەوە ئەوەمان رەتکردووەتەوە. ئەو سیستەمی هەڵبژاردنە ئێستا لەئارادایە سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکانی لەسیستەمەکانی دیکە باشترە، بەڵام پێویستی بەپێداچوونەوەو چاککردن هەیە.

**رووداو: پێتانوایە بەو چارەسەرانەی ئێوە دیاریتان کردوون، پەرلەمان ئەگەر بە تەوافوقیش بێت هەر چالاک دەبێ؟**

**ئەسەسەرد:** ئەمە هەمووی گوشارێکە لەسەر حیزبەکان و دەسەڵاتی راپەڕاندن بۆ ئەوەی زیاتر بابەتی چاکسازی بەهەند وەربگرن، تاوەکو چەند ئەم گوشارە سەرکەوتوو دەبێت ناتوانم دەستنیشانی بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم هیچ گوشارێک نییە بێ ئەنجام بێت. رەنگە ئەنجامەکەی درەنگ بکەوێتەوە یاخود کاریگەرییەکەی ئەوەندە نەبێت کە خەڵک چاوەڕوانی دەکات، بەڵام بێ ئەنجام نابێت.

**رووداو: چۆنە باسی هەڵوەشاندنەوەی تەوافوقی نێوان یەکێتی و پارتیتان نەکردووە لە پرۆژەکەتاندا، کەهەندێ لا باسیدەکەن؟**

**ئەسەسەرد:** چونکە ئەمە پەیوەندی بە چاکسازی سیاسییەوە نییە، هەموو حیزبەکان ئازادن لەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکتردا پێکبێنن یاخود جیاببنەوە، ئەوە بەشێکە لەپرۆسەی سیاسی و یاساش رێگای پێداوە.

**رووداو: لە پرۆژەکەتاندا هەستدەکرێت بەشێوەیەکی ئیجابی دەڕواننە راپۆرتەکەی چوار حیزبەکە، لەکاتێکدا پارتی و یەکێتی بەتووندی وەڵامیان داوەتەوە، هۆی چییە؟**

**ئەسەسەرد:** یەکێتی و پارتی لەسەر ئەوە وەڵامیان داوەتەوە، چوار حیزبەکە بەئاشکرا راپۆرتەکەیان بڵاوکردووەتەوە، ئەو راپۆرتەی ئێستا بڵاوبووەتەوە، پێش سێ مانگ دراوەتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەردوو حیزبەکە، هەردوولا ئاگاداربوون کەسیش وەڵامی نەداونەتەوە، پاش ئەوەی کە راگەیێندرا بەدڵنیاییەوە ئەو دوو حیزبە پێیان ناخۆش بوو ئەو هەموو رەخنەیان لێبگیرێت، پێیانوابوو ئەو رەخنانە زۆر توندن لەبەر ئەوە وەڵامی ئەوانیش هەر توندبوو.

**رووداو: لە پرۆژەکەی کۆسرەت رەسوڵ دا، باسی ئەوە کراوە کە نابێت ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ببنە وەزیر، ئێوە باسی ئەوەتان نەکردووە بۆچی؟**

**ئەسەسەرد:** ئەمەش پەیوەندی بەحیزبەکانەوە هەیەو، شتێکە حیزبەکان خۆیان بڕیاری لەبارەوە دەدەن، ئایا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خۆیان بچن بۆناو حکومەت یان نەچن، هیچ کاریگەری نییە. ئەگەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەموویان ببن بەوەزیر کاریگەری باش یان خراپ لەسەر سیستەمی سیاسی بەجێناهێڵێت، ئەوە شتێکە حیزبەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بڕیاری لەبارەوە دەدەن، ئەگەر لەبەرژەوەندی ئەواندا بوو باسی دەکەن، ئەگەر لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوو باسی ناکەن.

**رووداو: دەڵێن پێویستە دانانی وێنەی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێمی لە دەزگا و فەرمانگە رەسمییەکانی هەرێمی کوردستان دا بەیاسا رێکبخرێت و تەنیا وێنەی ئەو دووانە هەڵبواسرێت، بەڵام لە وڵاتانی دیکەدا وێنەی رەمزی نیشتمانی وڵاتەکان هەڵدەواسرێ نەک وێنەی ئەوانە، نەدەکرا لەو پرۆژەیەتاندا بتانگوتبا وێنەی مستەفا بارزانی بەیاسا رێکبخرێ نەک لابدرێ؟**

**ئەسەسەرد:** وڵاتەکان لەگەڵ ئێمە جیاوازن، ئەو وڵاتانە دەوڵەتی سەربەخۆن، لەبەرئەوە بڕیار دەدەن لەسەر یەک وێنە، ئەویش وێنەی سەرۆک یان رەمزی دەوڵەتە، لەبەرئەوەی ئێمە هەرێمین دەبێت دوو وێنە دابنێین یەکێکیان هی سەرۆکی هەرێمەکەمان بێت یاخود هی رەمزی نەتەوەیی هەرێمەکە بێت، لەگەڵ سەرۆک کۆماردا. لێرەدا مەبەستمان سەرۆک تاڵەبانی نییە، مەبەستمان پۆستی سەرۆکی کۆمارە کە لەوانەیە لەهەڵبژاردنی ئایندەدا عەرەبێکی سوننە دەربچێت، وێنەی ئەو لەتەک سەرۆکی هەرێمی ئێمە یان رەمزی نەتەوەییمان هەڵبواسرێت و ئەمە بەشێکە لەسیستەمی سیاسی.

**رووداو: داوای گۆڕینی ئاڵاو سروودی نیشتیمانی کوردستان دەکەن، کەچی چەند جارێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە کە قەت ئەوە قبوڵ ناکات، کوردانی پارچەکانی دیکەش دژی ئەوەن، هەست ناکەی بەوە گفتوگۆیەکی توندی دیکە دروست دەکەنەوە؟**

**ئەسەسەرد:** ئێمە بەوجۆرە سەیرمان کردووە، ئازادی رادەربڕینمان هەیەو یاساش ئەو مافەی پێداوین و ئەوە بۆچوونی ئێمەیە دەربارەی بابەتەکە، دڵنیاین خەڵکانێکی زۆر هەن ئەو بۆچوونەی ئێمەیان بەدڵ نییە، بەڵام مافی ئەوەمان هەیە ئەم بابەتە بخەینە بەرچاو، هاووڵاتیانیش ئازادی ئەوەیان هەیە کە رەتی بکەنەوە.

**رووداو: دوادەکەیت یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەستکاری بکرێت و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێ لایەن بێت یاخود دەست لەکاری حیزبی بکێشێتەوە، بەڵام ئەو مەرجانە لەیاسای سەرۆکایەتی کۆمار و هەرێمدا نین؟**

**ئەسەسەرد:** داوامان کردووە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان ببێتە سیستەمێکی پەرلەمانی وەکو ئەوەی ئێستای عێراق، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەرکەسێک بێت، دەبێت ئەم پۆستە پۆستێکی پرۆتۆکۆلی بێت، ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کەسێک بێت خۆی تەرخان بکات بۆ هەرێمی کوردستان، هیچ ئیلتیزامێکی حیزبی نەبێت، ئەگەر ئیلتیزامی حیز بیشی هەبوو وەک ئەوەی لە تورکیادا هەیە، پاش ئەوەی کە بە سەرۆک هەڵدەبژێردرێت دەبێت واز لە حیزبەکەی خۆی بێنێت، عەبدوڵڵا گیولیش هەر وایکرد.

## بوون و نەبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە وەزیر هیچ کاریگەرییەکی نییە

**رووداو: بەڵام ئەوە لە یاسای سەرۆکایەتی کۆماری عێراقدا نییە؟**

**ئەسەسەرد:** ئەوە شتێکە پێشکەشمان کردووە.

**رووداو: مەبەستتان لەگۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی بۆ سیستمێکی پەرلەمانی ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەمبکرێتەوە؟**

**ئەسەسەرد:** مەسەلە کەمکردنەوە نییە، مەسەلە نەهێشتنە، لەسیستەمی پەرلەمانیدا هەموو دەسەڵاتەکان لەلای سەرۆک وەزیران کۆدەبێتەوەو سەرۆکی هەرێم تەنیا دەبێتە رەمزی هەرێم.

**رووداو: پارتی و یەکێتی پێکهێنەری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانن، پێتوانییە پارتی ئەو پرۆژەی ئێوە بە دژی خۆی بزانێت و جێبەجێ نەبێت؟**

**ئەسەسەرد:** ئێمە دەزگایەکی راوێژکارین و،بۆچوونی خۆمان دەردەبڕین و دەیخەینە بەردەم دەسەڵاتی جێبەجێکردن و، جێبەجێنەکردنی لە دەست دەسەڵاتی ئەودایە.

# لە کوردستان شەڕە پرۆژە دەست پێدەکات

## پارتی و یەکێتی پرۆژەیەک بۆ جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت ئامادە دەکەن



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

رووداو-هەولێر

پاش پرۆژەکەی مام جەلال، هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لیژنەیەکیان بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ جیاکردنەوەی کاری حیزب و حکومەت لەیەکتر و نەهێشتنی دەستتێوەردانەکانی حیزب لەکاروباری حکومەتدا پێکهێناوەو، لەهەمانکاتدا بڵاوکردنەوەی پرۆژەی نوێ لەلایەن نێوەندەکانی یەکێتییەوە بەردەوامە.

لە کۆتایی ساڵی رابردوودا، مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتی پرۆژەیەکی بەناوی "هەنگاوەکانی چاکسازی و نوێبوونەوە"ی پێشکێش کرد و بڕیاردرا تەواوی ئۆرگانەکانی یەکێتی ئەم پرۆژەیە جێبەجێبکەن.

ئەو پرۆژەیەش لەکاتێکدا لەلایەن مام جەلالەوە پێشکێش کرا، کە نێوەندە سیاسی و راگەیاندنەکان باسیان لەوە دەکرد، کە مام جەلال لەو کۆبوونەوانەیدا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی، دۆخی ناخۆی یەکێتی رێکبخاتەوە کە بەهۆی کوتلەکارییەوە دروستبووە، بەتایبەتیش دوای ئەو پرۆژەیەی لەلایەن چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسییەوە، کە بە باڵی ریفۆرم ناسراون، پێشکێشی مام جەلالیان کرد.

پرۆژەکەی مام جەلال کە لە چەند خاڵێک پێکهاتووە بۆ راگرتنی دەستتێوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەت. بەپێی وتەی چاودێرێکی سیاسی، پرۆژەکە بەشێوەیەک دارێژراوە کە تەنها بۆ یەکێتییە.

لەسەرەتای پرۆژەکەدا، سکرتێری گشتی یەکێتی، دەڵێت"لەسەر هەڤاڵانی ی.ن.ک پێویستە زۆر بە وردی ئەم ئامۆژگاری و بڕیارانەی خوارەوە جێبەجێبکەن".

تاڵەبانی، لەچوارچێوەی ئەو بڕیارانەی لەو پرۆژەدا داویەتی، دەڵێ رێکخراو و کادیر و رێکخستنەکانی یەکێتی بۆیان نییە، بە هیچ شێوەیەک راستەوخۆ دەست لە کار و فەرمانی دامودەزگاکانی حکومەت وەربدەن، هەر لە وەزارەتەوە تا دەگاتە پارێزگاو قەزاو ناحیە و هەموو دەزگاو فەرمانگە جیاجیاکانی حکومەت.

لەکاتێکدا کە گفتوگۆکان لەسەر پرۆژەکانی جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت لە یەکتری گەرمن، حیزبە سیاسییە عێراقییەکان باسی ئەوە دەکەن کە حکومەت لەلایەن حیزبەکانەوە بۆ خزمەتکردنی حیزب بەکاردەهێنرێ بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، بەتایبەتیش نوری مالیکی بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە پارەی حکومەت بۆ دەنگ کۆکردنەوە بۆ حیزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەکاردەهێنێ کە لە 31ی ئەو مانگەدا ئەنجامدەدرێن.

بەپێی گوتەی ئەو چاودێرە، خاڵی دووەمی پرۆژەکەی تاڵەبانی، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم پرۆژەیە، نەک تەنیا بۆ یەکێتی دانراوە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی کەمی دەسەڵاتی یەکێتی دانراوە، کە کەمترە لەساڵێک، چونکە لەپرۆژەکەدا هاتووە "ئەگەر کارو داخوازییەکیشیان لای دەزگاکانی میری هەبوو، یان لە رێگەی قانونی و سەربەخۆیی دەزگاکانی میرییەوە موراجەعەت دەکەن، یان لە رێگەی رێکخستنی لە خوارێ را تادەگاتە مەکتەبی رێکخستن و (م.س) ی بەڕێز، کە ئەویش بەهۆی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی دەیگەیێنێتە حکومەت تاکو بە رێگەی ئوسولی و قانونی خۆی چارەیان بۆ بکرێت".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (رووداو) کەوتوون، مەکتەبی سیاسی پارتی داوای کردووە پرۆژەیەکی تەواو وردتر دابڕێژرێت و رێککەوتنی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژەی هەموو حیزبەکان و حکومەت.

رۆژی 2009/1/14، لەکۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیدا، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەک درا بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ جیاکردنەوەی کاروباری حکومەت و حیزب لەیەکتری و کەمکردنەوەو نەهێشتنی دەستتێوەردانی حیزبی لەکاروبارەکانی حکومەت دا.



هەموو پرۆژەکان باس لە چالاککردنی پەرلەمان دەکەن (فۆتۆ:رووداو)

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لیژنەکە لە 3 ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و 3 ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پێکهاتوون و، پرۆژەکەش لە رێگەی فراکسیۆنی زەرد و سەوزەوە



## پێویست ناکات یەکێتی و پارتی پرۆژەکانیان بێننە پەرلەمان، چونکە ئەگەر ئەوان واز لە دەستتێوەردان بێنن کاری حکومەت بە باشی بەڕێوەدەچێت

د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

دەبرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی وەک یاسایەک لە پەرلەمانەوە دەربچێت.

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، وێڕای پشتراستکردنەوەی ئەو زانیاریانە سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە، گوتی "من ئەندام نیم لە لیژنەی ئامادەکاری پرۆژەکەدا، کاک عەدنان موفتی و کاک مەحمود محەممەد، سەرپەرشتی ئەو کارانە دەکەن".

لە نێو گەرمەی ئەو پرۆژە و پرۆژەکارییەدا، هاووڵاتیانی کوردستان متمانەیان بەو پرۆژانە نییە. ئارام عوسمان،تەمەن 26 ساڵ، دانیشتوی هەولێر، دەڵێت" هەر دەڵێن پرۆژە هەیە بۆ چاکسازی و هیچیش دیار نییە، لەو هەموو پرۆژانە یەکیان جێبەجێبکەن بەسە".

بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانەی حیزبەکان ئامادەی دەکەن، بخرێنە قالبێکی یاساییەوە، پێویستە وەک پرۆژە یاسا بنێردرێنە پەرلەمان و پاش دەنگدان لەسەری لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە وەک یاسایەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

کەریم بەحری، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان، پێی باشبوو یەکێتی و پارتی ئەو پرۆژانەی کە بۆ جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت هەیانە، هەوڵبدەن لەرێگەی پەرلەمانەوە بیانکەنە یاسا.

بەحری لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو)، گوتی"بۆ ئەوەی پرۆژەکان لەماوەیەکی خێرادا جێبەجێبکرێن و لەوەزارەتەکاندا کاری پێبکرێت و وەک یاسا دەربچێت، باشترە یەکێتی و پارتی لەرێگەی فراکسیۆنەکانیانەوە پرۆژەکانیان بخەنەڕوو، فراکسیۆنەکان لەناو پەرلەماندا بە رێژەی یاسایی کە 10 ئەندامە، پرۆژەکە گەڵاڵە بکەن و پاشان لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت و پەسەند بکرێت".

بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی کەریم بەحری، د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە هیچ پێویست ناکات یەکێتی پارتی پرۆژە بنێرنە پەرلەمان و بیکەنە یاسا " ئەو بابەتە پەیوەندی بەو دووحیزبە خۆیەوە هەیە،وەک چۆن پێشتر پەیماننامەیەکی ستراتیژیان مۆرکردو بەهەڵە هاتە پەرلەمان، وتم پەرلەمان بووە بە دادنووس، ئێستاش پێویست ناکات، ئەو بابەتە بێتە ناو پەرلەمان، ئەوان دەستدەخەنە ناوکاروباری حکومەت و ئەوان راوەستن لە دەستتێوەردان،ئیشوکاری حکومەت بەباشی بەڕێوەدەچێت ".

د.نوری تاڵەبانی، پێیوایە ئەگەر یەکێتی و پارتی یاسا جێبەجێبکەن، پێویستمان بەپرۆژە نابێت " دەستوور دەسەڵاتی هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی دیاریکردووە، ئەگەر ئەو پرۆژە دەستوورە پاش پەسەندکردنی هەمووی جێبەجێبکرێت لەو باوەڕەدام ئەوکاتە ئەو حیزبانە بەشێوەیەکی یاسایی ناتوانن دەست بخەنە کاروباری حکومەتەوە، ئەگەر دەستیشی تێبخەن ئەوکاتە دەبێتە کارێکی ناشەرعی".



| دینار | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|
| 100 $ | 118500 | 610 $ |  |
| 100 € | 169500 | 160 $ |  |

## ئابووری
### 500 هەزار دینار بۆ دەرماڵەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان زیاد دەکرێ

ڕووداو-هەولێر
بەبڕیاری حکومەتی کوردستان 500هەزار دینار بۆ دەرماڵەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان زیاد دەکرێ. بڕیارەکە بەژمارە 335 بە واژۆی بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی دەرچووە، لەبڕیارەکەدا هاتووە"بەبڕیار و ڕێنماییەکانی ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیاردرا بە زیادکردنی 500 هەزار دینار بۆ دەرماڵەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی کە لەو پلەیەدان". ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەمانگی 1ی 2009ەوە کار بەم بڕیارە دەکرێت و ئاراستەی سەرجەم وەزارەتەکانیش کراوە".

# گوندی ئەمریکی بۆ چینی نێوەڕاست و دەوڵەمەندانە

## هێمن دزەیی، بەڕێوەبەری پرۆژەی گوندی ئەمریکی لە هەولێر: دوو پرۆژەی هاوشێوەی ئەوەم لە ئەمریکا دروستکردوون



ڕووداو-خانزاد

کاتێک، هێمن، لەساڵی 2006 ئاهەنگی بووک گواستنەوەکەی لە هوتێلی خانزاد سازدا، هەر ئەوکات بیرۆکەی دروستکردنی گوندێکی ئەمریکی بۆ دێت و بە هاوڕێ ئەمریکییەکانی دەڵێ بۆ نایێن بەرامبەر ئەو هوتێلە گوندێکی ئەمریکی دروست بکەین.

هێمن ئەحمەد دزەیی، بەڕێوەبەری پرۆژەی گوندی ئەمریکی لەهەولێر، دەرچووی بەشی کارەبای کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددینە، لەساڵی 1998 چووەتە ئەمریکا و لەوێ کۆمپانیای بیناسازی خۆی هەیە بەناوی کۆمپانیای سیگما. ئێستاش گەڕاوەتەوە کوردستان و ماوەیەکە خەریکی پرۆژەی گوندی ئەمەریکییە لەسەر ڕێگەی هەولێر-سەلاحەدین، کە لەتەواوبووندایە، بەنیازیشە لەدوای ئەوە پرۆژەی دیکە لە کوردستان ئەنجامبدا.

پرۆژەی گوندی ئەمریکی، دوای پەسەندکردنی یاسای وەبەرهێنان لەساڵی 2007 دەست بەدروستکردنی کراوە. ئەو یاسایە کە مشتومڕێکی زۆری نایەوە، بەهۆی ئەو ئیمتیازە زۆرانەی دەیانداتە وەبەرهێنەران، بە بڕوای هێمن دزەیی ئەو یاسایە هۆکارێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەوان بێن لە کوردستان کاری وەبەرهێنان بکەن "یاسای وەبەرهێنان لەکوردستان باشترین یاسای وەبەرهێنانە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست".

پرۆژەی گوندی ئەمریکیی بریتییە لە 400 خانوو، لەسەر ڕووبەری 127 دۆنم زەوی. بڕی تێچووی پرۆژەکەش 87 ملیۆن دۆلارە. هەر خانوویەک ڕووبەرەکەی 400 مەتر دوجایە، کە 330 مەتر هەیکەلی خانووەکەیە. جگە لەوەش هەر خانوویەک پارچە زەوییەکی بەتاڵی لەتەنیشتە کە خاوەن خانووەکان دەتوانن بیکرن و مەلەوانگە یاخود باخچەی لەسەر دروست بکەن، یان بۆ مەبەستی دیکە بەکاری بێنن.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بەرزە بۆ پرۆژەکەیان، کە لەسەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە. هێمن دزەیی گوتی "مەبەستمان بوو لە دەرەوەی هەولێر ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدەین، لەبەرئەوەی لێرەوە بە 10 خولەک بە ئۆتومبێل دەگەیە ناو هەولێر، بەڵام ئەگەر لە نێو هەولێر، لە کۆڵانێکەوە بچییە کۆڵانێکی دیکە نیو کاژێرت پێدەچێت".

دامیەن دیگۆڵدری، جێگری بەڕێوەبەری پرۆژەی گوندی ئەمەریکی لە هەولێر دەڵێت " کاتێک بۆ یەکەمجار هاتینە کوردستان بینیمان شاری هەولێر بەرەو سەرەوە هەڵدەکێشت، بۆیە بەپێویستمان زانی گوندەکە لە خانزاد دروست بکەین".

### گوندی ئەمریکی لە هەولێر
- لە 400 خانوو پێکدێت، ڕووبەری هەر خانوویێک 400 مەتر دووجایە.
- دیزاینی خانووەکان ئەمریکییە.
- هەر خانوویێک نرخی 250 هەزار دۆلارە.
- کرێی خزمەتگوزاری مانگانە 100–150 دۆلارە.
- سیستمی ئاوەڕۆی پێشکەوتووی هەیە، ئاوی بەکارهاتوو جارێکی دیکە سوودی لێوەردەگیرێتەوە.
- 24 کاژێر کارەبای هەیە.

دیگۆلدری دەڵێ " گوندی ئەمریکی زیاتر بۆ چینی نێوەڕاست و دەوڵەمەندە".

دامیەن، کە هاوبەشی هێمنە لە پرۆژەی گوندی ئەمریکی، بازرگانێکی فەرەنسییە و ماستەری هەیە لە یاسا، وەک خۆی باسیکرد بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1966 لە ڕێگەی باوکییەوە کوردی ناسیوە. باوکی دامیەن ڕۆژنامەنووس بووەو سەردانی کوردستانی کردووە.

بەپێی وتەی بەڕێوەبەری پرۆژەی گوندی ئەمریکی، خانووەکانیان زۆر تایبەتمەندی باشیان هەیە . دیزاینی خانووەکان لە ئەمریکا کراوە، شێوەی خانووەکان لەسەر شێوەی خانووی ئەمریکییە، هەیکەلی خانووەکان بە کۆنکرێت دەکرێت و بە تێرمستۆن دادەپۆشرێت، ڕێکخستنی پلەی گەرما و سیستەمی سارکردنەوەی مەرکەزی تێدایە. هێمن دزەیی دەڵێ " لەبەر ئەوە ئەو سیستەمەمان بەو شێوەیە داناوە کە بیرمان لە کرێی کارەبا کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ماڵانەی لێرە دەژین کرێیەکی زۆری کارەبایان نەکەوێتە سەر شان".

کرێی خزمەتگوزاری مانگانە لە گوندی ئەمریکی لەنێوان 100-150 دۆلارە. سەبارەت بەدانانی ئەو کرێیە دامیەن گوتی "بەو وەرگرتنی ئەو کرێیە دەمانەوێت ئەو سیستەمە فێری خەڵک بکەین کە ڕێز لە موڵکی خۆی بگرێت، ئەگەر ڕێز لە موڵکی خۆت نەگری، ئەوا موڵکەکەت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخەکەی دادەبەزێت". هەروەها گوتیشی "ئەم گوندە سیستەمی ئاوەڕۆی پێشکەوتووی هەیە، واتە ئاوە بەکارهاتووەکەی، جارێکی دیکە بەکاردێنینەوە. هەروەها 24 کاژێر کارەبای هەیە".

کۆمپانیا ئەمریکییەکان بە بەراورد لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کەمترکاری وەبەرهێنان لەکوردستان دەکەن، چونکە هەرێمی کوردستان وەک عێراق بەگشتی هێشتا لەنێو نەخشەی ئەو ناوچانەی جیهاندایە کە ئەمریکا بە هاووڵاتیانی دەڵێ مەترسیدارن، کەچی کەنەدا هەرێمی کوردستانی لەنێو نەخشەی ناوچە مەترسیدارەکان دەرهێناوە. هێمن دزەیی دەڵێ "کۆمپانیای زۆر هەن لە ئەمریکا دەیانەوێت بێنە کوردستان، ئەگەر یاسای وەبەرهێنانی کوردستان وا بمێنێتەوە، پێشبینی دەکەم کۆمپانیای ئەمەریکی زۆرتر ڕووبکەنە کوردستان".

بەبڕوای دامیەن نەبوونی سیستمێکی بانکی ڕێکوپێک هۆکارێکە بۆ کەمتر هاتنی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بۆ کوردستان "سەرمایەگوزاری بیانی پێویستیان بەسیستەمێکی بانکی چالاک هەیە، بە داخەوە هەتا ئێستا ئەوە لە کوردستاندا نییە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە خەڵکی بیانی وێنەیەکی پۆزەتیڤانەی کوردستانیان لەلا دروست بووە، ئەوان هەستدەکەن کە لە کوردستان ئارامی هەیە و بارودۆخەکەی سەقامگیرە".

بەو پێیەی نرخی خانووەکان تا ڕاددەیەک بەرزن، بۆیە هێمن دزەییش جەخت لەسەر هەمان قسەی دامیەن دەکاتەوەو دەڵێ خانووەکان زیاتر بۆ چینی نێوەڕاست و دەوڵەمەندن. هەروەها گوتی "خانووەکان زیاتر ئەو کوردانە دەیکڕن کە لە ئەورووپا گەڕاونەتەوە، جگە لەوەش کەسانی بیانی، یان خاوەن کۆمپانیا بیانییەکان لەکوردستان ئەو خانووانەیان کڕیوە". سەبارەت بەنرخی خانووەکانیش، هێمن گوتی "سەرەتا نرخی یەک خانوو بە 195 هەزار دۆلار بوو، پاشان کردمانە 225 هەزار دۆلار، ئێستاش نرخەکەیان بووەتە 250 هەزار دۆلار".

ئێستا پرۆسەی فرۆشتنی خانووەکان دەستپێکردووە، بەپێی قسەی بەڕێوەبەری پرۆژەکە، 30 %ی خانووەکان فرۆشراون لەو 30 %ەش 50 %ی خانووەکان تەواو بوونەو دراونەتە خاوەنەکانیان.

سەبارەت بە ئاستی فرۆشتنیش دامیەن دیگۆڵدری، گوتی "ئاستی فرۆشتن بەباشی دەڕوات، بەڵام هەندێ کات خاو دەبێتەوە، بەتایبەتی لەساڵی 2007 کاتێک سوپای تورکیا و چەکدارانی PKK لەسەر سنوور شەڕیان بوو، پرۆسەکە خاو بووەوە، هەروەها لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ڕابردووش، بەڵام ئێستا خێرا بووەتەوە".

> **شەڕی تورکیا و PKK و مانگی ڕەمەزان پرۆسەی فرۆشتنیان سست کرد، بەڵام ئێستا خێرا بووەتەوە**
> دامیەن دیگۆڵدری
> جێگری بەڕێوەبەری پرۆژەی گوندی ئەمەریکی لە هەولێر

باس لەوە دەکرێ ئەو پرۆژە هی ئەمریکییەکانە و بەرپرسێکی کوردیشی لەپشتە، بەڵام هێمن دزەیی ئەو قسانەی ڕەتکردەوەو گوتی "ئەمە پرۆژەی خۆمە و خۆم وەکو بازرگانێکی کورد کە لە ئەمەریکاوە هاتوومەتەوە، ئەم پرۆژەیەم ئەنجامداوە، من لە ئەمەریکاش هەمان کار دەکەم و هەتا ئێستا دوو پرۆژەی بەهەمان شێوەم لە ئەمەریکا ئەنجامداوە".

## پارێزگای سلێمانی پێویستی بە 85871 یەکەی نیشتەجێبوون هەیە

# پرۆژەکانی نیشتەجێکردن تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکانە


نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لەبەرامبەر بەڵێنی دروستکردنی 33883 یەکەی نیشتەجێبوون لەشاری سلێمانی و دەوروبەری، تەنیا 1811 یەکەی نیشتەجێبوون تەواو بوونەو بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی بەرگریکردن لەمافی کرێنشینان، 50%ی دانیشتووانی ئەو شارە لەخانووی کرێدا دەژین، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستانیش دەڵێت، پرۆژەو بەرنامەکانی حکومەت بۆ نیشتەجێکردن، تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکانە، بۆیەش خاوەن خانووەکان سودی لێدەبینن نەک کرێچییەکان.

ئەگەر هەوڵەکانی نیشتەجێکردن لەلایەن حکومەتەوە بەمشێوەیەی ئێستا بەڕێوەبچن،

> **ساڵی 2007 عومەر فەتاح بەردی بناخەی 600 خانووی لە سلێمانی دانا، بەڵام کۆمپانیا ئیسپانییەکە یەک خانووشی نەکرد و ڕۆیشت**

ئەوا دوور نییە سلێمانی نازناوی "شاری کرێچییان" وەربگرێت، چونکە نیوەی دانیشتوانەکەی کرێچین.

ساڵی 2007 عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەت، لەسێ ڕێورەسمی جیاوازدا بەردی بناخەی 6000 خانووی لە زرگوێز و سیتەک و تابین دانا، کە تا ئێستا یەک خانوویان لێ دروستنەکراون. حەمەڕەشید مەعروف، بەرپرسی دەزگای پەرەپێدانی پرۆژە تایبەتییەکان لەبارەی ئەو خانووانەوە گوتی "کۆمپانیایەکی ئیسپانی ئەو پرۆژەیەی وەرگرت، بۆی نەکراو ڕۆیشت، بەڵام لەساڵی ئایندە 1500خانوو لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانییەوە دروستدەکرێن".

ئەوەی حکومەت جێبەجێیکردووە تەنیا دروستکردنی 1000یەکەی نیشتەجێبوون بووە، لەهەڵەبجەی شەهید و تابین.بەڵام ئەو پرۆژانەی نیشتەجێبوون، کە حکومەت لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە جێبەجێیان دەکات، چارەنووسیان لەوانە باشتر نەبووە کەخۆی جێبەجێیان دەکات، لە بەهاری ساڵی 2008 کۆمپانیای بەڕێز گرێبەستی دروستکردنی 25 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونی لەسلێمانی و شەش قەزای دەوربەری ئیمزا کرد، بەڵام تا ئێستا تەنیا 77 یەکەی نیشتەجێبوونی دروستکردووە.

یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری وەبەرهێنان لە سلێمانی دەڵێ، ئێمە ناتوانین فشار بخەینە سەر کۆمپانیاکان تا ناچاریان بکەین هەموو کارەکانیان تەواو بکەن. لەبارەی کارەکانی کۆمپانیای بەڕێزیشەوە دەڵێت "گرێبەستەکەی کۆمپانیای بەڕێز بەشێوەیەک بووە، ئەگەر خەڵک ئەو خانووانەی نەکڕییەوە، ئەوا کۆمپانیا دەتوانێ کارەکانی بوەستێنێ". کۆمپانیای بەڕێز کە دەبوو لەچوارچێوەی شاری گۆران دا 1000 یەکەی نیشتەجێبوون لەهەڵەبجەی شەهید دروست بکات، تا ئێستا 70خانووی دروستکردووەو لەکارکردن وەستاوە، چونکە خەڵکی شارەکە توانای کڕینی ئەو خانووانەیان نییە.

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا 8 کۆمپانیا گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی، بەپێی گرێبەستی ئەو کۆمپانیایانە، دەبێ 33883 یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکرێن. بەپێی ئامارێک کە لەبەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی سلێمانییەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، تا کۆتایی ساڵی 2008تەنیا 1811خانوو تەواو بوون .

بەپێچەوانەی چاوەڕوانی خەڵک، کاری کۆمپانیاکان بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون، هێندەی دیکە هەژارانی بێئومێد کرد لەخەونی نیشتەجێبوون، ئەویش دوای ئەوەی نرخی ئەو خانووانە ئاشکرا کران. بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی سلێمانی گوتی"دەبێت لەحکومەت بپرسن بۆچی نرخی ئەو خانووانە ئەوەندە گرانە".

هەرزانترین نرخی خانوو لەو کۆمەڵگە نیشتەجێیانەی لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دروستکراون، 27 هەزار دۆلارە، نرخەکەش بەرزدەبێتەوە تادەگاتە 230 هەزار دۆلار.

بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشینان، دەڵێ کرێچییەکان نەک ناتوانن ئەو خانووانە بکڕن، بەڵکو ناتوانن بەکرێش بچنە ناویانەوە .

ئەو پرۆژەیەی کە یاسین فەقێ سەعید دەتوانێ بە قازانجی هەژاران ئاماژەی پێبدات، کۆمەڵگەی هیرۆن و بیابانە، کە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوونە و دەکەوێتە گەڕەکی قرگە، کە 1300 یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرێت و بڕیاربوو کۆتایی ساڵی ڕابردوو، 601خانووی تەواوببێت، کە هەرزانترین خانوو لەو کۆمەڵگەیە بە 27 هەزار دۆلارە "لەڕێگەی سندوقی نیشتەجێبوونەوە قەرز دەدەینە ئەو هاووڵاتییەی خانوو لەو کۆمەڵگەیە دەکڕێت، بەمەرجێک نرخی خانووەکە لە 50 هەزار دۆلار زیاتر نەبێ".

بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی بەرگریکردن لەمافی کرێنشینان، لەساڵی 2003دا، 119528خێزان لەناوشاری سلێمانیدا بوون و 68199خانوو هەبووە، لەساڵی 2004یشدا 131033 خێزان هەبووە لەبەرامبەر 70520خانوو،بەپێی ئەو ئامار و ڕووپێوە لەو دوو ساڵەدا 38%ی خێزان کرێچی بوون .هەروەها ئەو ئامارە ڕوونیدەکاتەوە، کە لە45هەزار خێزانی کرێچی، 25 هەزاریان لەخانووی سەربەخۆدا بوونەو 20هەزاریشیان بەچەند ماڵێک لەخانوویەکدا بوون.

بەپێی تازەترین ئاماری ئەو کۆمەڵەیە بۆ ژمارەی کرێچیان لە ساڵی 2006 و 2007لە شاری سلێمانی، ڕێژەی کرێچێتی لەو شارەدا لە 37%ەوە بەرزبووەتەوە بۆ 50%. عەتا مەحمود،بەرپرسی کۆمەڵەی بەرگریکردن لەمافی کرێنشینان گوتی "تا ئێستا دوو جار یاداشتمان داوەتە پەرلەمان و حکومەت، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون، کە دواجار لە2008/12/4 بوو". ئەوان لە یاداشتەکەیاندا چەند پێشنیازێکیان کردووە،



- کۆمپانیای بەڕێز لە پرۆژەی شاری گۆران لە 1000 یەکەی نیشتەجێبوون لەهەڵەبجە، 70خانووی دروستکرد، چونکە خەڵک توانای کڕینی خانووەکانی نەبوو.
- 50%ی دانیشتوانی سلێمانی کرێچین
- 45هەزار کرێچی، 25هەزاریان لەخانوی سەربەخۆدان و 20هەزاریان بەچەند خێزانێک لەخانویەکدان .
- لەدوو ساڵی ڕابردوودا حکومەت و کۆمپانیاکان بەڵێنی دروستکردنی 33883یەکەی نیشتەجێ بوونیان دا، بەڵام کۆمپانیاکان بەڵێنەکانیان بەجێنەگەیاند.
- پارێزگای سلێمانی پێویستی بە 85871یەکەی نیشتەجێبوونە.
- ئەو زەویانەی لەسەرەتای 2000ەوە لەسلێمانی دابەشکراون 20%یان نەکراونەتە خانوو.

گرنگترینیان ئەوەیە پێشینەی خانووبەرە گوندنشینانیش بگرێتەوە بۆ ئەوەی کۆچێکی زیاتر لە گوندەکانەوە بۆ شار ڕوونەدات و، یاسای نیشتەجێبوون لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێبکرێ .

> **لەحکومەت بپرسن بۆچی نرخی ئەو خانووانە ئەوەندە گرانە**
> بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی سلێمانی

بەپێی دواترین ڕووپێوی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی کە لەکۆتایی ساڵی 2007 ئەنجامدراوە، سەنتەری قەزای سلێمانی و 13 قەزای دەوروبەری پێویستیان بە 85871 یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، تاوەکو گرفتی نیشتەجێبوون چارەسەر ببێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێژەی هاوسەرگیریش بەردەوام لە زیادبوون دایە. بەپێی ئامارێکی دادگای باری شارستانی سلێمانی کە دراوەتە (ڕووداو) لەماوەی ساڵی 2007 و 2008دا 12504 گرێبەستی هاوسەرگیری لەسلێمانی ئەنجامدراون .

محەممەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان پێیوایە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون لەسەرەتای 2000ەوە بەنەفەسێکی سیاسی بووە نەک چارەسەر کردنی کێشەیەکی ئابووری-کۆمەڵایەتی"کاتێک زەوی دابەشکردنیش دەستی پێکرد، زیاتر وەک ئیمتیازێکی سیاسی و وەزیفی دەستی پێکردو لەخزمەتی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێکردندا نەبوو ". هەروەها گوتی "بەپێی ئامارێک کە لەبەردەستدایە، لەکۆی ئەو زەوییانەی کە دابەشکراون 20%یان نەکراوەتە خانووی نیشتەجێبوون و، هەر بە زەوی ماونەتەوەو تائێستاش کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرێت". ئەو ڕێژەیە لە هەولێر دەگاتە 50%ی زەویەکان .

سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان، لەبارەی ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون کە لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە دروستدەکرێن گوتی "ئەو یەکانە بۆ ئەو کەسانەیە کە توانای داراییان لەسەرووی مام ناوەندییە، تەنیا بۆ ئەو دەوڵەمەندانەیە کە دەیانەوێ خانووەکانیان بگۆڕن".

لە 2008/6/3 پەرلەمانی کوردستان یاسای نیشتەجێبوونی دەرکرد و بەپێی ئەو یاسایە ئەرکی حکومەتە هەژاران و کەمدەرامەتان لەشوققەو خانوودا نیشتەجێ بکات . بەرپرسی کۆمەڵەی بەرگریکردن لەمافی کرێنشینان دەڵێ"داوامان لەحکومەت کردووە ئەو یاسایەی پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ بکات، کە تاوەکو ئێستا جێبەجێی نەکردووە".

## نووسەر و رۆژنامەنووسی ئەمریکی مارتن زەی بۆ (رووداو):

# هاتنەسەرکاری ئۆباما هەلێکی نوێ بە کورد دەبەخشێت



**مارتن زەی، رۆژنامەنووس و نووسەری ئەمریکی، یەکێکە لەو رۆژنامەنووسە رۆژئاواییانەی بەردەوام وتار لەسەر مەسەلەی کورد دەنووسێ لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمریکاو، لایەنگرێکی سەرسەختی کێشەی کوردە.**

**زەی دەرچووی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمەریکا و ئەندامی پارتی سەوزی ئەو وڵاتەیە. ئۆباما و کابینە نوێیەکەی، زەی پێچەوانەی زۆر کەس بە (رووداو) رادەگەیێنێ هاتنە سەرکاری ئۆباما هەلێکی نوێ بە کورد دەبەخشێ، بۆ ئەو مەبەستەش بەپێویستی دەزانێ ئەجێندای خۆیان پێشکێشی ئۆباما بکەن و وتار لە کۆنگرێس پێشکێش بکەن:**

**هەڤپەیڤین: هاوار عەبدولڕەزاق**

**رووداو: سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر کورد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**مارتن زەی:** سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرامبەر مافە نەتەوەییەکانی کورد، سیاسەتێکی شیاو نییە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت چارەسەری هیچ مەسەلەیەک بکات کە پێوەندی بە کوردەوە هەبێ لە تورکیا، عێراق، سووریا، ئێران، ئەوروپا، لوبنان و رووسیا.

لەبەرئەوەی ئەمریکا هێزێکی داگیرکەرە لە عێراق، سیاسەتی ئەمەریکا لەسەر ئەو بنەمایەیە کە هاوکاری لە سوننەوە وەربگرێت و رۆڵی ئەو گرووپە لە ناکۆکییەکانیان لەگەڵ شیعە بەهێز بکات. پشتیوانیکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد لەلایەن ئەمەریکا،واتای کەمکردنەوەی توانای ئۆپۆزسیۆنی هێزەکانی سیاسی سوننە و کۆنە بەعسییەکان دەگەیێنێ بۆ ئەمریکا،بەڵام بەهێزکردنی ئەو هێزە لەو ناوچانەی کە شەڕی تایفەگەری کەمە، بیرۆکەیەکی باش نییە. نیگەرانی هێزەکانی کورد بەرامبەر بە ئەنجوومەنەکانی ئیسناد لەسەر ئەو بنەمایەیە کە مەترسی بۆ کورد هەیە. ئەمەریکا ئامادە نییە دان بە داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد دابنێت، تەنیا کاتێک نەبێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لەو ناوچەیەدا یەکبگرنەوە. سیاسەتی ئەمەریکا دژی گۆڕانکاری سیاسییە لەو ناوچەیە، لەبەرئەمە دژی ئەوەیە کوردستانی سەربەخۆ دروستببێ.

ئەمەریکا سیاسەتی پاڵپشتیکردنی حکوومەتی عەسکەری تورکیای پێڕەو کردو کەلوپەلی سەربازیشی بۆ دابینکردووە لە شەڕەکەیدا دژی PKK و هەموو ئەو حیزب و لایەنانەی لە باکووری کوردستان هەن. پاڵپشتی سیاسەتی تورکیای کردووە لە راگواستنی هەزاران گوندنشینی کورد. لەدوای شەڕی کەنداو رێگەی بە سەدام دا هێرش بکاتە سەر کورد، دوای ئەوەی داوای لێکردبوون لەدژی راپەڕن. دەزگای هەواڵگری ئەمریکا زانیاری لەبارەی بنکەکانی PKK لە چیاکانی قەندیل داوەتە تورکیا. ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمەریکا روونە و ئەمەش نایکاتە هاوپەیمانێکی بەهێزی کورد لە داهاتوودا.

**رووداو: کاری سەرکردایەتی کورد تا چ رادەیەک بەلای تۆوە سەرنج راکێش بووە؟**

**مارتن زەی:** لەم بارودۆخە بەردەوام لە گۆڕانەدا، سەرکردایەتی سیاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق، بەرەو پێشەوە چووە، گەورەیی و تێگەیشتوویی خۆیان نیشانداوە. یەکگرتوویی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بەهێزبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانیان، بەڵام تاقیکردنەوە و ئەرکی زەحمەتیشیان لەپێشە. پتەوکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئۆتۆنۆمییەکەی بەرپرسیارێتییەکی بەردەوامە. گەڕانەوەی کوردانی تاراوگە و هەروەها گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەتی شاری کەرکووک، بۆ نێو سنووری هەرێمی کوردستان تاقیکردنەوەیەکی نادیارە. وا دەبینرێت کە زیادبوونی سەرمایەگوزاری لە هەرێمەکە، ئامانجی سەرەکی بێت. وادیارە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەدوای هەموو هەلێکدا دەگەڕێ بۆ پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانیان. بەهۆی کەلەڕەقی تورکیا و پاڵپشتیکردنی لە لایەن ئەمەریکاوە، زۆر زەحمەتە بتوانی باس لە سەرکەوتوویی هیچ ستراتیژییەتێک بکەی، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانە زۆر گرنگن بۆ سەرکردایەتی کورد و ئەوانەی پاڵپشتی بزووتنەوەکە دەکەن، بۆ ئەوەی لە ئامانجەی نەتەوەیی و سیاسی خەڵکی کورد کەم نەکرێتەوە. گۆڕانکاری ستراتیژی لە باکووری کوردستان، گەورەیی سەرکردەکان دەسەلمێنێت.

هەروەها دەنگۆی سازدانی کۆنفرانسێک هەیە کە ئامانج لەو کۆنفرانسە کۆکردنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردی عێراق، ئێران، سووریا و تورکیا و ئەوانەی ئەوروپایە بەمەبەستی دۆزینەوەی ستراتیژییەتێکی کوردی هاوبەش بەرامبەر تورکیا. رێکخراو و پارتە سیاسیەکانی باکوور و باشووری کوردستان، چەندین ساڵ بەیەکەوە کاریان کردووە لەدژی هاتنی سوپای تورکیا بۆ نێو خاکی هەرێمی کوردستان و ئەو یەکگرتنە کارێکی گرنگە بۆ داهاتوو.خاڵێکی ئاڵۆز لەو نێوەدا بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردی دروستبووە، ئەویش مەسەلەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی سوپای تورکیایە بۆ سەر هێزەکانی PKK لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان. لەم دواییەدا پەرلەمانی تورک بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە بوونی سوپاکەی لەسەر سنوور درێژکردەوە. ئەمەش هەردوو سەرۆکی کوردی عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی سەرقاڵکردووە، هەتا سوپای تورکیا نەکشێتەوە، مەترسی ئۆپەراسیۆنی سەربازی هەر لەئارادا دەبێت. سەرکردایەتی سیاسی کورد بەردەوام بەیەکەوە کار دەکەن بۆ گفتوگۆکردنێکی ئاشتیانە لەگەڵ تورکیا.

مەسەلەی کەرکووک و شارەکانی دیکە، مەترسی دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان کورد و عەرەب زێتر کردووە. نیمچە رووبەڕووبوونەوەکەی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە شاری خانەقین، ئەو مەترسییە دەسەلمێنێت. سەرکردە سیاسیەکانی کورد ئەوەیان سەلماندووە کە توانیویانە بەبێ سوپای ئەمەریکا باشووری کوردستان بەڕێوەبەرن و ئاسایش بۆ خەڵکەکەی دابین بکەن و ئامادەی خۆشیان پیشانداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان .

پێدەچێت سەرکردایەتی سیاسی کورد بە وردی کارەکانی خۆی دیاریکردووە، رەنگە هەر هەنگاوێک ئەگەر لە کاتێکی هەڵەدا نرا، ئەوا بە زیان بگەڕێتەوە، لەهەمانکاتدا هەر دوودڵییەک رەنگە بەهەمان شێوە زەرەرمەندبێت ئەگەر هەر هەلێکت لەدەست بچێت، ئێستا کاتی باسکردنی رابردوو نییە پێویستە کورد چاونەترس بێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی و ئازایەتی گەرەنتی سەرکەوتنت پێدەبەخشێ.

**رووداو: پێویستە کورد چی بکات، لەپێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی؟**

**مارتن زەی:** پێدەچێت، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، پێویست بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی نەتەوەیی کوردستان هەبێت، کە نوێنەرایەتی هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستان بکات. پێویستە هەر پارت و رێکخراوێکی هەرێمێک بەچەند کارەکتەرێکی جیاواز بەشداری ئەو ئەنجوومەنە بکەن. پتەوکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگترین سەرکەوتنی کوردە لەمێژووی ئەمدواییەدا. لەهەمانکاتدا تورکیا ئاستەنگێکی گەورەیە لەبەردەم بزووتنەوەی کورد و ئامادەباشی خۆیشی ئاشکرا کردووە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی وهەزاران سەربازی لەسەر سنووری باشووری کوردستان داناوە. لەگەڵ ئەوەی مەترسی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بووەتە پیشەیەکی رۆژانە، ئەمە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتییە کە هیچ پێوەندییەکی بە شەڕی عێراق و داگیراکارییەوە نییە، لەهەمانکاتیشدا مۆڵدانی سوپای تورکیا لەسەر سنوور کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140یش هەیە و، ئەو سەربازانە پێویستە بکشێنەوە، ئەگینا ریفراندۆمی کەرکووک دووچاری چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە بۆ جێبەجێکردنی.

**رووداو: ئایا ئۆباما بۆ کورد باش دەبێت؟**

**مارتن زەی:** سەرۆکی نوێی ئەمەریکا، هەلێکی نوێ بە کورد دەبەخشێ. هەتا ئێستا دیار نییە سیاسەتی سەرۆکی هەڵبژێردراوی نوێ بەرامبەر کورد چۆنە، بەڵام هەڵبژاردنی جۆو بایدن بە جێگری سەرۆک کۆمار هێمایەکە کە رەنگە حکوومەتی ئەمەریکا لەچاو حکوومەتەکانی پێشوو بەرامبەر عێراقی فیدراڵ بیرۆکەیەکی جیاوازی هەبێت.ئێستا دەرفەتێکی نوێ بۆ کورد هەیە کە کەیسێک بۆ خۆیان دروستبکەن، ئەوان دەتوانن ئەجێندایەک پێشکێشی سەرۆکی تازە بکەن کە مێژووی خۆیان و بوونیان لە جیهانی ئێستادا روون بکاتەوە. ئێستا پێشنیازی

> **ئێستا دەرفەتە بۆ کورد کە کەیسەکەی پێشکەشی ئۆباما بکات**

بازرگانی رەنگە ئۆباما بجووڵێنێت، ئەوەش بۆ هەردوولا، ئەمەریکا و کوردیش سوودمەند بێت. یارمەتی ناسەربازی و ئابووری رەنگە ئەو هەلە بداتە ئیدارەی ئۆباما کە خۆیان لە ئیدارەکانی پێشوو جیا بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی نوێ هەیە، هەروەها کۆنگرێس و سیناتۆری نوێش دەبن. هەتا ئێستاش ئەمەریکییەکان دژی شەڕی عێراقن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی لەنێو ئەمەریکا زانیاری زۆر لەسەر کورد نییە. من ئەو پێشنیازە بۆ نوێنەرایەتی کوردی دەکەم کە وتار لەپێش لیژنەی کۆنگرێس پێشکێش بکەن بەمەبەستی بینین و بیستنیی مەسەلەی کورد لە لای خەڵکی ئەمەریکا.

ئایا ئیدارەی نوێ بۆچوونی جیاوازی بەرامبەر رۆڵە توندڕەوەکەی تورکیا دەبێت؟ ئایا ئیدارەی نوێ کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتەکانی تورکیا لە باکووری عێراق دەبێت؟ ئەمانە پرسیارە بێ وەڵامەکانن، بەڵام سەرسام دەبم ئەگەر ئۆباما سیاسەتی ئیدارەکانی پێشوو بشکێنێت.

**رووداو: داهاتووی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**مارتن زەی:** کورد بەچاوی خۆیان بەرزبوونەوە و رووخاندنی چەندین ئیمپراتۆریەتیان بینیوە. کورد بەدەستی حکوومەتە توندڕەوەکانەوە چەوسێنراونەتەوە، کورد گۆرانی خۆی گوتووە و شیعری خۆیان نووسیووە بەهێزی ئەو کەسانەی کە ناڕووخێن. کورد سەلماندوویەتی کە لەگەڵ هەڵاتنی رۆژێکی نوێ، لاپەڕەیەکی نوێ و هەلێکی نوێ دێتە ئاراوە، هەلێک بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری. ئاڵای کورد هەرگیز ناکەوێت.



# پارێزگاری موسڵ لە ترسی کوشتن پەنا بۆ هەولێر دەهێنێ



دورەید کەشمولە کە لەچەندین هەوڵی کوشتن رزگاری بووە، بەنیازە موسڵ لەناو نائارامیدا بەجێ بێڵێ. ئەو کە لەلایەن گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانەوە بە کەسێکی خائین و ناپاک لە قەڵەم دراوە، پاش وازهێنان لە کارەکەی لە شاری خۆی دوور دەکەوێتەوەو دەچێتە تاراوگە.
دورەید کەشمولە پارێزگاری ئێستای نەینەوا کە پاش ماوەیەکی دیکە لەسەر کار نامێنێ، خۆی بە "کارتی ئاسایش"ی ئەم پارێزگایە دادەنێ، ئەو کە بۆ بەرژەوەندی نەتەوە رکابەرەکانی ناوچەکە کاری کردووە. بەنیازە پاش تەوابوونی ماوەی ئیدارەی خۆی، لە کوردستان بژی.

**نێد پارکر**
**موسل- عێراق**

ئەو پیاوەی کاتێک بەناو شاردا دەگەڕێ، چەک وتەقەمەنی لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدایە، شانازی بەخۆیەوە دەکا کە توانیویەتی لەماوەی ئیدارەی خۆیدا زیندوو بمێنێتەوە. وەک میرات جگە لەمە شتێکی دیکە شک نابات.

شاری موسل وەک کوشتارگایەکە، لەم شارەدا دونیایەک ساختمانی کونکریتی رەنگ مردوو دەبینرێن، لە هەر قوژبنێک خاڵی پشکنینی پۆلیس و سوپا دەبینرێ، زۆربەی رۆژەکان تەقینەوەی ئاسماندڕ ئەم شارە دەهەژێننەوە.خزمەتگوزارییەکان هەر بوونیان نییە. عەرەبە سوننەکان و کوردەکانی پارێزگای موسڵ لە ململانێیەکی سەختدان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەم پارێزگایە.

رەوا بێ یان ناڕەوا، پارێزگاری موسڵ سیمبولێکە بۆ هەموو ئەو هەڵانەی لە موسڵ کراون. هەندێک کەس پێیانوایە پارێزگاری موسڵ وەک بووکەشووشەی ناو دەستی پارتە کوردەکانە کە دەیانەوێ دەست بەسەر ژیانی سیاسی پارێزگای موسڵ دابگرن. ئەوانی دیکە پارێزگار بە کەسێکی بوێر، بەڵام نەشیاو دادەنێن لە کارەکەی خۆیدا، پێیانوایە کاتەکەی بە سەر چووە.

لەماوەی چوار ساڵ و نیوی لە سەر کاربوونی کەشمولەدا، گرووپە چەکدارە توندڕەوە سوننییەکان بە خائین و ناپاکیان لە قەڵەمدا و هەڵمەتێکیان لە دژی ئەو و کەسوکاری دەست پێکرد. پارێزگاری موسڵ لە چەندین هەوڵی تیرۆرکردن رزگاری بوو، بەڵام خزم وکەسوکاری بوونە قوربانی. کوڕە 17 ساڵانەکەی لە ئەیلوولی 2004، نەوەکەی لە کۆتایی2005 و براکەشی لە کۆتاییەکانی 2006دا کوژرا. نۆ لە ئامۆزا و خاڵۆزاکانی و هەروەها 17 پاسەوانیی تایبەتی خۆیشی کوژراون.

کەشمولەی 65 ساڵ دەڵێ تەنانەت ئەگەر بشیزانیایە ئەو کارانەی دەیکات چەند گران لەسەری دەوەستن، ئەو کاتیش لە هیچکام لە بڕیارەکانی پاشگەز نەدەبووەوە. ئەو دەڵێ "من ئازار دەچێژم، بەڵام بە بڕوای من ئەوەی روویداوە ویستی خوا بووە".

کەشمولە کە ئیتر لە شوێنی لە دایکبوونیدا پارێزراو نییە، پاش ئەوەی جێگرەوەکەی لەلایەن ئەنجوومەنی تازە هەڵبژێردراوی پارێزگاوە دەست نیشان دەکرێ، ژیان بەرەو هەرێمی نیمچە ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق دەگوازێتەوە. بەم شێوەیەش شاری خۆشەویستان و بیرەوەرییەکان و کۆچکردووانی خێزانەکەی بە جێدێڵێ.

لە رۆژەکانی دەستپێکی داگیرکرانی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، موسڵ بە نموونەیەکی سەرکەوتووی عێراقی پاش حوکمی سەددام پەسن دەدرا. بەڵام لە کۆتایی 2004دا بەشێکی زۆری سونییەکان لەدژی سیستەمی نوێ وەستان و بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی ساڵی 2005ی پارێزگایان راگەیاند. ئەم کردەوە بووە هۆی ئەوەی حکومەت رادەستی کەمینەی کوردی موسڵ بکرێ و ئەمەش پارتە عەرەبەکانی زیاتر لەرێ لادا و بووە هۆی خێراترکردنی توندوتیژییان.

کاتێک کە هاورێ عەرەبەکانی، خۆیان لە پرۆسەی سیاسی دوور دەخستەوە، کەشمولە جێی ئەوانی گرتەوە. بە سوود وەرگرتن لە نێوبانگی بنەماڵەکەی لە دژایەتیکردنی سەددام و پێوەندیی دۆستانەی دێرینی هۆزەکەی لەگەڵ کوردەکاندا، توانی لە تەممووزی 2004دا جێی ئوسامە کەشمولەی ئامۆزای خۆی بگرێتەوە، کە لەکاتی چوونی بەرەو بەغدا تیرۆر کرا.

دورەید کەشمولە کە کاتی خۆی فرۆشیاری پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێل بووە دەڵێ "من کارتی ئاسایشی ئەم شارەم، بەیەک چاو تەماشای سوننی و شیعە و کورد دەکەم، هەموویان لەلای من یەکسانن".

لە کاتێکدا کە عەرەبە سوننەکانی موسڵ کە زۆرینەی ئەم شارە پێکدێنن لە هەوڵی ئەوەدان لە هەڵبژاردنەکانی 31 /2009/1 ئەو شوێنەی کە بە مافی رەوای خۆیانی دەزانن وەدەستبێنن، کەشمولە ئاگاداریان دەکاتەوە کە زۆر شتی دی هەیە ئەوان دەتوانن لەو فێری بن ئەگەر ئەوان داوای وەدەستهێنانی ئیدارەی پارێزگا دەکەن.

"هەر کەسێک ئەم پۆستە وەربگرێ و دوژمنداریی لەگەڵ نەتەوەیەک هەبێ دەدۆڕێنێ". ئەمە ئامۆژگاریی کەشمولەیە بۆ ئەوان.

سپێدەیەکی هەورییە لە شاری موسڵ و کەشمولە کە چاکێتێکی سپۆرتی مەخمەلی لەبەرە و بۆینباخێکی رەنگاوڕەنگی بەستووە، کلاشینکۆفێکی سوار لە ناو لاندکروزەرە قەلغاندراوەکەی هەڵدەگرێ. پاسەوان و شۆفێرەکەشی بە هەمان شێوە کلاشینکۆفیان پێیە . ئۆتۆمبێلەکان هاوڕێ لەگەڵ کاروانێکی ئۆتۆمبێلی جۆری SUVی هاوشێوە کە زۆربەی سەرنشینەکانیان کارمەندە ئاسایشە کوردەکانن، بەناو موسڵدا گوزەر دەکا و لەتەک دیواری ساختمانی پارێزگا دەوەستێ.

کەشمولە دەچێتە ناو ساختمانەکە کە ئەو رۆژە بەهۆی پشووەوە نیمچە چۆڵە. ئەو چەند پاسەوانە کەمەی کە لە ناو ساختماندان پێیەکانیان بەکوتانێکی بەهێز لە زەوی دەدەن و سڵاوی سەربازی دەکەن. کەشمولە بە لەنگەلەنگ لە پلیکانەکانەوە سەر دەکەوێ و سەری دەلەقێنێ. بە پرچە تەنکە لوولەکەی و برۆیە چرچپرەکانی وەک کەسێکی بەردەوام گرمۆڵەکراو دێتە بەرچاو.

بەتلپەیەک لەناو کورسییە چەرمینکەیدا دادەنیشێ . بازێکی زێڕین کە سەمبولی نەتەوەیی عێراقە لە سەر دیوارە خشتینەکەی پشتیەوەی دێتە بەرچاو. کەشمولە زەنگێک لێدەدا تا سکرتێرەکەی شەش جگەرەی بۆ بێنێ تا لەو کاژێرەدا بیانکێشێ. مژیان لێدەداو دووکەڵەکە هەڵدەمسێ.

کەشمولە لەناو کورسییەکەی پاڵ دەداتەوە و دەڵێ "بابی پێویست بۆ ئەم وڵاتە کارم کردووە، چوار ساڵ لە موسڵ لە بارودۆخی سەختدا خزمەتم کردووە".

ئەگەر ئامۆزاکەی تیرۆر نەکرابا کەشمولە وەک جوتیارێک یان فرۆشیاری پارچەی ئۆتۆمبێل درێژەی بە ژیان دەدا. خێزانەکەی بە دژایەتیکردنی سەددام ناسرابوون و لە 1960ەکاندا بە شێوەیەکی زۆر باش پارێزگارییان لە کوردەکان کردبوو لەبەرامبەر عەرەبە تووڕەکان. کەشمولە لە سوپادا خزمەتی کردبوو و چەندین ساڵ پێش تەواو ببوو، بۆ بەسەربردنی ژیانێکی هێمن وەک بازرگانێک وازی لە سوپا هێنابوو.

هیچ شتێکی کەشمولە ئاماژەی بەوە نەدابوو کە ئەو رۆژێک نێودار دەبێ، بەڵام کەشمولە بڕیاریدا خۆی بۆگرتنەوەی شوێنی ئامۆزاکەی ناوزەد بکا و ئەنجوومەنی پارێزگاش هەڵیبژارد. تەنانەت کەشمولەش سەری لەئاست سەختیی ماوەی ئیدارەی خۆیدا سووڕماوە.

ئەو دەڵێ "سەرمان سووڕماوە، خەڵک لەناکاو هێرشیان کردە سەرمان وەدەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە گوایە کوردەکان پارێزگایان داگیر کردووە و ئێمەش هاوکاریی کوردەکان دەکەین".

شەڕوانە سوننەکان لە تشرینی دووەمی 2004دا یاخیبوونێکیان بەرپا کرد و پۆلیسەکانیش دەستیان لە کار کێشایەوە. هێزەکانی ئەمریکا و کورد چەند مانگێک بۆ دووبارە دەستخستنەوەی کۆنترۆلی پارێزگا شەڕیان کرد .لە هەمانکاتداسەرکردە ئایینیەکانی سوننەی عێراقی داوایان لە خەڵک کرد لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی عێراق پاش رووخانی سەددام لەمانگی کانوونی دووەمدا بەشداری نەکەن. بەڵام کەشمولە کە ئەو دەمە ئیدارەی موسلی لەدەست دابوو، گوێی بەم بانگەوازە نەدا و بڕیاریدا لە هەڵبژاردنەکان دەنگی بخاتە پاڵ کورد لەهاوپەیمانیەک کە کورد سەرکردایەتیی دەکرد. بەهۆی بایکۆتکردنی هەڵبژاردن لەلایەن عەرەبەکانەوە هاوپەیمانی کورد لە کۆی 41 کورسیی پارێزگا 31 کورسیی بردەوە. لەو زستانەدا لەترسی ئەوەی مەبادا یاخیبووان دەست بەسەر پارێزگادا بگرن، پارێزگار و ژمارەیەکی کەم لە بەرپرسانی موسڵ بەچەکەوە لە شوێنەکانی خۆیان دادەنیشتن و هێزەکانی ئەمریکا پارێزگارییان لێ دەکردن.

کەشمولە پێش ئەوەی چای ناو ئیستیکانەکە فڕ بکا، دەڵێ "ئێمە خزمەتی شارەکەمان کرد و باجەکەیمان بە خوێن دا".

پارێزگار باس لە تەقینەوەی ئەم کریسمسە دەکا کاتێک بەناو شاردا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کریستیانەکان گوزەری دەکرد و تەقینەوەیەک ئۆتۆمبێلەکەی لە سەر زەوی بەرز کردەوە. ئۆتۆمبێلەکەی گرمە لە زەوی دێنێ و هێزی بەربوونەوەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی شۆفێرەکەی قاچی بشکێ.

کەشمولە دەڵێ "من لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم و تۆزم لەخۆم داتەکاند. بەخت یاوەرم بوو. برینداەکانم بەرێکردن و بۆ خۆم بەرەو لای کریستیانەکان کەتمەوە رێ".

لە پاییزیشدا ئەو دەمەی کەشمولە بەناو بەشی پارکینگی باڵاخانەکەی رەتدەبێ ئۆتۆمبێلێکی جۆری ڤۆلسواگن دەتەقێتەوە و تۆپێک ئاگر بە ناو ئاسماندا بڵاو دەکاتەوە. کەشمولە رژانی بارانی بڵێسە و پارچەی هەڵکەنراو و رووخاو بە چاو دەبینێ.

کەشمولە دەڵێ "رەنگە ئەگەر هەموو جیهانیش بیەوێ تۆ لەناو ببات، ئەگەر خوا ئەمەی نەوێ هیچ شتێک روونادا. من بڕوادارم. ئەگەر ژیانم گەیشتە کۆتایی هەر دەمرم جا چ بە تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکەوە بێ چ لەناو جێی خەومدا بێ. ئێمە بۆ مردن لە دایکبووین". ئەو دەڵێ هیواو ئامانجەکانی هاتوونەتە دی. ئەو توانیویەتی لەکاتی نەمانی ئارامیی کۆمەڵایەتیدا پارێزگاری لە ئیدارەکەی بکا. بەڵام ئەو نەیتوانیوە توندوتیژی بنبڕ بکا و کار فەراهەم بکا و دووبارە کارەبا بۆ هاووڵاتیان دابین بکا و گرژییەکانی نێوان عەرەب و کورد چارەسەر بکا.

کەشمولە باس لەوە ناکا کە چیتر ناتوانێ براوە بێ. لەبری ئەوە دەڵێ ماندووە و زۆر قوربانیی داوە. کەشمولە پەسنی جێگرە کوردەکەی خۆی، خەسرەو گۆران، دەدا کە زۆر کەس بە هێزی راستەقینەی ئیدارەی کەشمولەی دادەنێن . بەڵام ئێستا کاتی ماڵئاوایی هاتووە. هاورێکانی هوشداریان داوەتێ کە ئەگەر ئەو لە موسڵ بمێنێتەوە دەکوژرێ، ئەو شارەی کەشمولە دەڵێ ویستوویەتی لەگەڵ کورد و عەرەبەکان ژیانێکی هاوسەنگی تێدا بە سەر بەرێ.

بەم شێوەیە کەشمولە رێگەی هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان، دەگرێتە بەر، ئەو شارەی کە ژمارەی ئاڵای خاوەن خۆری تیشکدەری زەردی زۆر لە ئاڵای نیشتیمانی زیاترە، ئەو شارەی کە تێیدا زمانی دایکی کەشمولە بە زمانی دووەم دادەنرێ. ئەو دەڵێ ئێستا هەولێریش وەک ماڵی ئەوە. لەو شارەدا ئەو دووبارە ئەو کتێبخانەیە دادەمەزرێنێتەوە کە 30 ساڵ پێش ئێستا کاتێک لەگەڵ ئەو خانووەی کە بۆ خۆی درووستی کردبوو، سووتێنرا.

بە ورە قاییمەوە دەڵێ "من لە نیشتیمانمدا دەمێنمەوە و کۆمەڵێکی زۆر کتێب دەخوێنمەوە، خۆ هەولێریش بەشێکە لە عێراق".

**لە رۆژنامەی Los angles Times وە**
**2009/1/22**



## نازدار دەچێتە کەنەدا

ڕووداو-تۆرۆنتۆ

◆ گۆرانیبێژی شۆخ وشەنگ، نازدار بۆ یادکردنەوەی کۆماری دیموکراتی کوردستان دەچێتە کەنەدا و، بڕیارە ڕۆژی 2009/2/7 لە شاری هاملتن لەکەنەدا بەشداری ئاهەنگی 2 ڕێبەندان ساڵیادی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بکات. ئەمە یەکەمجارە نازدار لە کەنەدا ئاهەنگ بگێرێت. ئەم ئاهەنگە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان سازدەکرێت وگۆرانیبێژ ئیسماعیل ئیبراهیمیش تێیدا بەشدار دەبێت.

### ئەو هونەرمەندەی تەنها گیتارەکەی لە ئەبوغرێب گەڕایەوە

# سلێمانی کاروان عوسمانی لەبیرنییە

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

ئـەو بەباوکی خـۆی گوت"ئێجـگار زوو بوو بەجێت هێشتین"، کەچی سلێمانی ئەو داخە قوڵەی بەخـۆی گوتەوە. سـێدارەو فەوزای هونەری ئـەو هونەرمەنـدە لاوەی کردووەتە فەرامۆشـکراوترین هونەرمەندی سـلێمانی، کە لە سەرەتای هەشـتاکاندا هەموو کۆڵان و بازاڕەکانی ئەو شـارەی بەئاوازی "وەرە ئازیز مەڕەنجێ مەڕەنجێ، وەرە لام هەوێنی شیعرم " تەنییـەوەو لەو دیو شیشـی زیندانەکانی بەعسیشەوە، دووکاسـێت گۆرانی ناردەوە بۆ سـلێمانی، کە زۆر لە هونەرمەندان بە"گۆرانی داهێنەرانـە" نێوی دەبـەن . ژەنەراڵی پاییز ئێستاش دەڵێ"کاروان کوڕێکی تاسەر ئێسقان جوان و ناسک بوو".

کاروان بـە گۆرانـی (ئاهێک)کە لـە ئاوازی ماملێ و هۆنراوەی سـیروان حەمە ڕەشیدە، هەرزوو ناسرا و بووە ناوی سەرزمانی زۆرینەی گەنجان.

جەزای سـاز کـە یەکێکبووە لـە هاوڕێکانی کاروان، دوای 18 سـاڵ بەوشـێوەیە هاوڕێ لە سـێدارەدراوەکەی هەڵدەسـەنگێنێ " کاروان داهێنەرو عاشق بوو، پێش هەموو کەسێکیش عاشقی گیتارەکەی بوو، ئەو هەر لەیەکەم ساتی هاتنیەوە داهێنەرانە دەرکەوت".

### چۆن گیرا

کامەران عوسـمان برای کاروان باسی لەسـێدارەدانی کاروان لەلایـەن حکومەتـی عێراقەوە ئاشـکرا دەکات، کـە بە یەکێک لە تەمومژاویترین لەسـێدارەدانەکان ناسـراوەو، گێڕانەوەی جۆراوجـۆر دەربارەی تۆمەتەکەی هـەن. کامـەران بۆ یەکەمین جـار چیرۆکی گرتـن و لەسـێدارەدانی کاروانـی بـرای بۆ (ڕووداو)دەگێڕێتەوە، کە تاوەکو ئێسـتاش ڕووداوێکی زۆر ناڕوونە لای خەڵک .

کامەران دەڵێ "کاروان بە تۆمەتی پیاوکوشتن گیرا، بەڵام ئەوە سیناریۆیەکی دروستکراوبوو"، کامەران بەردەوام دەبێ و دەڵێ " کاتێک پۆلیس هاتن بۆ دەستگیرکردنی ئەو لە سەربازی بوو، ڕۆژی 1989/1/12 کە لە سـەربازی هاتەوە، دایکم پێـی وت پۆلیس هاتـون و هەواڵیان پرسیوی، ئەویش بۆخۆی چووە بنکەی پۆلیس و لەوێ دەسـتگیرکرا، بـۆڕۆژی دوایی من و دایکیشم دەستگیرکراین و براینە کەرکووک و لەوێوە بۆ زیندانی چەمچەماڵ ".

کامەران و کاروان لە زیندان دا زۆر ئەشکەنجە دراون و دەڵـێ " لـە زیندان مـن و کاروان بەبەرچـاوی یەکەوە ئەشـکەنجە دەدراین بۆ ئەوەی شتێک بدرکێنین، بەڵام بەو ئەشکانجانە هیچیان دەست نەکەوت، تا ڕۆژێک یەکێک لە ئەفسـەرەکان کاروانی لەگەڵ خۆی بردە ناو بازاڕی چەمچەماڵ و ئێوارە بە دەنگی گریاناوی کاروان خەبەرم بووەوە لەناو زیندان کە قسەی دەکرد و دەیـوت پیاو کوژەکە بۆ خۆی لەناو چەمچەماڵ دەسوڕێتەوە".

کامەران دەڵێ، بکوژ و کوژراوەکە هەردووکیان هاوڕێی کاروان بوون، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بەتاوانەکـەوە نەبوو، کامـەران دەڵێ "داوی تێوەگلاندنـی کاروان بەشـێوەیەکی وا ئاڵۆز داڕێژرابوو، کە کاروان خۆیشی نەیدەزانی چۆن بێ تاوانی خـۆی بسـەلمێنێ".



## کاروان عوسمان کوڕێکی تاسەر ئێسقان جوان و ناسک بوو

محەممەد عومەر عوسمان (ژەنەڕاڵی پایین)

هەروەها بکوژەکان کاروانیشیان زۆر ترساندبوو"بکوژەکان ویستبویان کاروانیش بکوژن، بەڵام لە دەسـتیان هەڵاتبوو، دوایی پێیان وتبـو ئەگەر ناوی ئێمە ببەی، براکانت دەکوژین و خوشکە تاقانەکەشت دەڕفێنین ".

هـەروەک کامـەران دەڵێ، پـاش ماوەیەکی کەم یەکێک لە بکـوژەکان گیرا، بەڵام وتیان کاروان ئازاد ناکەین تاوەکو بکوژەکەی دیکەش دەستگیر نەکرێت.

سیروان حەمە ڕەشـید، کە هاوڕێی منداڵی و کاری هونـەری کاروان بـووەو، کاروان چەند هۆنراوەیەکی ئەوی کردووەتە گۆرانی، پێشوایە کاروان زۆر خـۆی لەگەڵ ئەو هۆنراوانە هیلاک دەکرد، کە دەیکردنە گۆرانی، باس لە نامەیەکی پێـش گیرانـی کاروان دەکات و دەڵێ"پێش ئەوەی بگیرێت، نامەیەکی کاروانم پێگەیشـت کـە نووسـیبوی لەگـەڵ کەمـاڵ محەممەد سـەرقاڵی بەرهەمێکم کە چەند هۆنراوەیەکی سیاسی تێدایەو چاوەڕوانی ئەوە دەکەین دوای بڵاوبوونەوەی، ڕژێم گەڕمان تێبئاڵێنێت، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی دەچینە ئێران".

### گیتارێکی پرچ سپی بڵاونەکرایەوە

کاروان عوسمان دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت کە ئیدی ناگەڕێتەوە دەرەوەی شیشەکانی زیندان، داوا لەکامەرانـی بـرای دەکات گیتارەکەی و ریکۆردەرێکی بۆببـەن، ئەوانیش بۆی دەبەن " زیندانەوانـەکان ئاسـایی ڕێگەیاندا بەوەی گیتارەکەی بۆبەریـن". یەکەمین هۆنراوە کە کاروان بۆخۆی لەزیندان دەینووسێت و دەیکاتە گۆرانـی (داوا)یە .کـە خەمگینترین گۆرانی سـتایلە خەمگینەکەیەتی " ئەو دەرگایەم لێ بکەنەوە، چاوم سـەوزایی خۆشدەوێ، تا دوا ڕادەی هەڵقرچاندن، پێستم هەتاوی پێویستە، کۆڵێک ڕۆژی پڕ ئازارە، دەستی ڕێزم نەناوەتە نێوان دەستی نەرم و شلی گیتارەکەم".

کاروان لـەو دیو شیشـەکانی زیندانەوە دوو کاسـێتی پڕکردووە، کە کاسـێتی یەکەمی ناردووە بۆتیپی مۆسـیقای کۆژین و کاسێتی دووەمی تا ئێسـتا لای کامەرانـی برایەتی . جگە لە 100 پەخشانی بڵاونەکراوە کە لەزیندان نوسـیونی و نێوی (گیتارێکی پرچ سـپی) لێناون.

### پاڵتۆ لە ئەبوغرێبەوە بۆ ژەنەرالی پاییز

سـێ ڕۆژ بەر لەوەی هەواڵی لەسـێدارەدانی کاروان رابگەیێنرێت، نامەیەک بەنێوی (پاڵتۆ) لە زیندانی ئەبوغرێبـەوە بۆ محەممەد عومەر عوسمانی ناسـراو بە ژەنەڕاڵی پاییز دەنێرێ . ژەنـەڕاڵ، لە بارەی کاروانـەوە بۆ (ڕووداو) گوتی"کاروان کوڕێکی تاسـەر ئێسقان جوان و ناسـک بوو، گەنجێکی دیار بـوو، ئەو ڕۆژەی تەرمەکەیـان هێنایـەوە، براکانـی هاتـن و بەگریانەوە باوەشیان پێداکردم".

### "من پیاوکوژ نەبووم"

تاڵترین بیرەوەری و پڕسـوێترین برین بەسەر دڵی کامەرانەوە، دوا دیداری بەر لەسێدارەدانی کاروانی برایەتـی "کاروان چەند کاژێرێک بەر لەوەی لەسـێدارە بدرێت پێـی وتم ئیتر من دەمرم، کامەران من پیاو کوژ نەبووم و پیاوکوژ نیـم، بەوانە بڵێ کە گوێ لەکاروان عوسـمان دەگرن، بۆیان ڕوون بکـەرەوە کەکاروان پیاو کوژ نییە ".

کامەران ڕاسـپاردەکانی دیکەی براکەی باس دەکات و دەڵـێ " کاروان گوتی : دوای مردنم دەمەوێ ئەم ڕێبازە لەخێزانەکەماندا بەردەوام بێ و تۆ پـڕی بکەرەوە، ئەو گۆرانیانەم تەواو بکە کە لەزیندان وتومن و ئەو پەخشـانانەش بڵاوبکەرەوە". بەڵام کامەران تائێستا نەیتوانیوە ئەو وەسیەتانەی کاروان بێنێتە دی "دەمەوێت بەشـێوەیەک بڵاوبکرێنەوە، کە بکرێنە دیاری بۆ خەڵک نەک بفرۆشرێن، خۆشم ئەو توانایەم نییە". کامەران تائێسـتا تەنها سـێ گۆرانی کاروانـی تۆمارکردوون"پـارەم نییە و ناتوانم و، هیچ دەزگایـەک هاوکاریم ناکات". یەکێک لەو گۆرانیانـەی کە کامـەران وتویەتییەوە، گۆرانییەکە بۆ هەڵەبجە، کە دوای کیمیابارانەکە کاروان داینابوو.

کامەران دەڵێ برادەرەکانی کاروان بێوەفابوون بەرامبـەری " هەمـوو برادەرەکانـی کاروان بێوەفابوون، لـەو ڕۆژەوە کەسـێک دەرگای ئێمـەی نەکردووەتەوە". کەمـاڵ محەممەدی گۆرانیبێژیش هەمان قسـە دەربارەی برادەران و ئەوانەی گۆرانییەکانی کاروانیان گوتووەتەوە دووبارە دەکاتەوە.

هەریـەک لە ڕۆژ کەریم و بورهان مسـتەفا و شێرکۆتالیب وهوشـیار حەمە فەرەج گۆرانی کاروانیان وتوەتەوە، شێرکۆ تالیب دەڵێ " ئەو گۆرانیانەی کاروان عوسمان کە من وتومنەتەوە، باسم کردووەو وتومە گۆرانی ئەون ".

شـەماڵ ڕەشید کەگەنجێکی گوێگری کاروانەو بڕوای بەمردنی نییـە، لەو ماوەیەدا وێنەیەکی کاروانـی بردووەتـە چایخانـەی شـەعب و بەتەنیشت وێنەکانەوە داینا‌وە . شەماڵ پێیوایە کاروان داهێنەرێکی سـەردەمەکەی خۆیەتی و تاکە هونەرمەندێکیشە لە هەموو سەردەمەکاندا دەمێنێ .شەماڵ هەر ئەوەندە لەبارەی کاروانەوە دەڵێت " ئەو ئەوەندە ژانی ژەنی، ڕۆحی ژەنی، پەنجەکانی بەگیتارەکەوە جێمان".

### لەسێدارەدان

لە 31دیسـەمبەری 1991کاروان عوسمان لە زیندانی ئەبوغرێب لەسێدارە درا، کامەران دەڵێ " زۆر لە خەڵکی سلێمانی هاتبوونە پێشوازی تەرمەکەی".

کاروان عوسـمان زۆرکـەم ژیا،بـەڵام ئـەو ئاوازانەی ئـەو جێیهێشـتن تینوێتی نەوەی هەموو سـەردەمەکان دەشـکێنن . کامەران دەڵێ لەنێوەڕاسـتی نەوەتەکانـدا یەکێک لە تەلەڤزیۆنـەکان گۆرانییەکی ئەوی لێدەدا، کە دایکم دەیبینی دەکەوتە دۆخێکی زۆر خراپەوەو بەناچاری بۆ سبەینێ داوام لەو کەناڵە کرد کە ئیتر گۆرانی کاروان لێنەدەن .

جەزای سـاز، دەڵێ " لەهەشـتاکاندا هەموو سـلێمانی گۆرانـی (وەرەلام)یـان دەوتەوە، بەداخـەوە کاروان لەسـەرەتای داهێنانیـدا لەسێدارەدرا".



**کاروان عوسمان**

- لەساڵی 1968لەگەڕەکی مەڵکەندی سلێمانی لەدایکبووە .
- لە ساڵی 1980 ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆ تەواو کردووە .
- لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا ڕووی لەجیهانی موزیک کردووە .
- لە سـاڵی 1986پلەی یەکەمی لەسـەر ئاستی عێراق بەدەسـتهێناوە لە ژەنینی عود و گیتاردا.
- بەگۆرانی "ئاهێک"کە ئاوازی مامڵێ و هۆنراوەی سیروان حەمە ڕەشیدە، زۆر ناسرا.
- لە31دیسەمبەری 1991 لە ئەبوغرێب لەسێدارە درا.



### نیلوفەر ئاکباڵ:

# گوێنادەمە قسە و قسەلۆکان



**نیولفـەر ئاکبال، گۆرانیبێژێکـی نێودارە لە باکووری کوردستان و تورکیا . ئەو کە ئێسـتا لە کەناڵی TRT6 کاردەکات، کـە دەوڵەتـی تورکیا لەسەری سـاڵ کردیەوە بۆ پەخشی کوردی، لەسـەر چوونـی بۆ ئەو کەناڵـە هەندێ کـورد ڕەخنەیان لێگرت و بە "خۆفرۆش"یان دانا. لەو هەڤپەیڤینـەی دا لەگەڵ (ڕووداو) وەڵامـی ئـەو ڕەخنانە دەداتەوە:**

**عیسمەت سیڤەرەکلی**
**ڕووداو-ئیستەنبوڵ**

**ڕووداو:تۆ کە لـە نێو تورکاندا کاردەکـەی لـە TRT6، چۆن سەیرت دەکەن ؟**

**نیلوفـەر ئاکبـاڵ:** کارمەندانی TRT6 بـە گشـتی هەموویان کـوردن. ناوەندەکـەی لـە ئەنقەرەیە، کادرەکانی ئەوێی هەموو کوردن. پێشتر ئەوانم دەناسـی و شـارەزای زمانی کوردین . کەسانی ڕەنجدەر و کوردپـەروەرن . تا ئەوان نەڵێن "باشـە" هیچ شتێک لەو کەناڵـەدا پەخش ناکرێت. بەڵام هەندێـک کۆمپانیا تورکن، ئەو کۆمپانیایەی منیش لەگەڵیان کاردەکەم تورکن. هەندێک کێشـەی بچووک دروسـت دەبن لەبەر نەزانینی زمان. کەناڵەکـە نوێیە، گرنگ ئەوەیە کەناڵەکە هێدی هێدی سـەقامگیر ببێ و ڕێک و پێکتر ببێ.

**ڕووداو: دەوڵەتی تورکیا دوای 85 سـاڵ قبوڵنەکردنی هەبوونی کورد کەناڵێکی کوردی کردەوە، کەتۆش وەک کوردێک کاری تێدا دەکـەی، ئەو ناکۆکییە چ هەستێکی لای ئێوە دروستکرد؟**

**نیلوفەر ئاکباڵ:** دەوڵەت تاوەکو ئێستا نکۆڵی لە کـورد کردووە، ئێسـتاش ناتوانیـن بڵێین دانی بە کـورد داناوە. بەڵام پێویستە ئەوە لە خاڵێکەوە دەست پێبکات. شەڕ شەڕ شەڕ، ئیدی پێویستە ئێمەی کـورد ڕێگایەکی دیکە بگرینەبەر. بەڕای من شـەڕی هونەری پێویسـتتر و گەورەترە .

کاتێک بەرپرسانی کەناڵەکە هاتنە لام،من هەموو گومانەکانی خۆم پێگوتن، ئەوانیش هەموویان قبوڵکردن و ئەزیان ڕازیکردم . ئیدی منیش بڕیـارم دا ئەگەر ئەو کەناڵە لە خزمەت کورد دابێت، کاری تێدا بکەم، ئەگەر خراپ بوو وازی لێدێنم. تا ئێستاش شتێکی خراپم لێ نەبینیوە .دەوڵەت نکۆڵی لە کورد دەکات، بەڵام دانی بەزمانی کورد دانا .لەوانەیە ئەمە ناکۆکی بێت، بەڵام ئەگەر بە فراوانتر سـەیری بکەین ناکۆکی نییە، بەڵکو شێوەیەک لە قبوڵکردنی کوردە. ئەز لەو بڕوایەدام، هەموو شتەکانیش بەیەکەوە دەستەبەر نابن، هێدی هێدی .

**ڕووداو: لەڕێورەسمی کردنەوەی TRT6 بە ئامادەبوونی بەرپرسانی دەوڵەت بە کوردی گۆرانیـت گوت، ئەوانیـش چەپڵەیان بۆ لێدای هەستت بە چی کرد؟**

**نیلوفەر ئاکباڵ:** زۆر خۆشحاڵ بووم . بیری لێ بکەنەوە تاوەکو ئێستا نکۆڵیمان لێکراوە، بەڵام ئەمڕۆ سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر و هەمـوو وەزیرەکانـی دەوڵەتی تورکیا ئامادەبـوون، ئەوان دڵخـۆش دیاربوون. ڕێزگرتنـی خۆیان نیشـاندا، ئەوە بۆ من هەسـتێکی زۆر خۆش بوو. بە بۆچوونی خۆم ئەمە شـتێکی باشـە . وەکو کورد، پێویسـتە پشـتگیری هەنگاوە باشەکان بکەین و یارمەتی کارە باشەکان بدەین، بۆ ئەوەی بپشـکون و گەورەتر ببن . نەوەک ڕێگای لێبگرین و ببینە کۆسپ .

**ڕووداو: هەندێـک کـورد کارکـردن لـە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی تورکیا بە"خیانەت" دادەنێن، هەڵوێسـتی ئەو کەسـانە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئێوە هەیە؟**

**نیلوفەر ئاکباڵ:** ئەو هەڵوێسـتە تووشی سەرسـوڕمانی کـردم . ئـەو کوردانەی وادەڵێن و زۆر کوردی دیکەش کە بە ساڵان خەباتیان کـردووەو خۆڕاگریان نواندووە، کە بەخۆشـم یەکێکم لـەو کوردانە، کە ئەمڕۆ دەوڵەت بەناچاری کەناڵێکی کوردی کردووەتەوە، ئەمە سـەرکەوتنی من، تۆ، ئەو، ئێمـە و هەمووманـە . کەواتە چۆن مرۆڤ دەتوانێ ناوی "خیانەت" لەوە بنێ ؟ ب خودێ برادەرە تورکەکانم لێم دەپرسن " نیلوفـەر بۆچی پێتدەڵێـن خۆفرۆش"، ئەز شـەرم دەکەم، نازانم چۆن وەڵامیان بدەمەوە. کەسـێکی خاوەن عەقل و ژیر چۆن دەتوانێ بە کەسێک بڵێ " خۆفرۆش" کە 20 سـاڵ خزمەتی مۆسیقای کوردی کردبێ ؟ ئەز قەت تێناگەم.

**ڕووداو: ناوەندە سیاسییەکان دەڵێن، ئەو تەلەڤزیۆنـە بۆ دەنـگ پەیداکردن لە نێو کورددا لە هەڵبژاردنی شـارەوانییەکان لە 2009/3/29 لەلایەن پارتەکەی ئەردۆغان کرایەوە. ڕای ئێوە چییە؟**

**نیلوفەر ئاکباڵ:** خۆزگە هەموو جارێک کە نزیکی هەڵبژاردن دەبووینـەوە، دەوڵەت هەندێ مافی کوردی بدابـان. بۆ نموونە ئەگەر لە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، AKP لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دا باسی فیدرالی بۆ کورد بکات و هەندێ هەنگاوی دیکە بهاوێژێت . مـن مرۆڤێکی واقعیم و عیلاقـەم بە قسـەو قسـەلۆکەوە نییە. هەرکارێک بزانم باشە دەیکەم و بزانم باش نییە نایکەم. بەداخەوە ئێمەی کورد نازانین سیاسەت بکەین، ئەگەر کورد بیانگوتایە" ئێمە تێکۆشانمان کرد و دەوڵەت ناچاربوو کەناڵێکی کوردی بکاتەوە"کە ڕاستیەکەیشی هەروایە، ئەوکات دەوڵەت هێشتا دەکەوتە ژێر فشارەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوە لە دژی وەسـتانەوە. دەوڵەتیش گوتی"سەیرکەن ئەوانە بـۆ کوردیان نییە"، بەوشـێوەیە هەڵوێستی دەوڵەتیان بەهێزکرد. هەزار جار مخابن ئێمەی کورد لەسیاسەت نازانین.

لە ڕاپەڕینی ئاگری کورد یەکگرتوو نەبوو، لەبـەر ئەوە تێکچـوو . کاتێک جەلادەت بەدرخان بینی کورد لە ئاگری هەرەسـی هێنا، گرنگی بە خەباتی کلتووری و زمان دا، منیش بەهەمان شێوە باوەڕم بەسیاسەت نەماوە. من کوردم، هونەرمەندم، کاری من ئەوەیە خزمەتی موزیک و زمان و کولتووری نەتەوەکەم بکەم، پابەندی سیاسەتی کەس نیم، دوژمنی هەرە گەورە تواندنەوەیە و، شەڕی هەرە گەورەش شەڕی کولتوورییە.

سوپاسـی ڕۆژنامەی (ڕووداو) دەکەم،لە ئینتەرنێت دەیخوێنمەوە. هیوادارم بەشی کرمانجی سـەروو هێشـتا دەوڵەمەنتر بکەن.

## تاراوگە

### وەرزشوانێک دکتۆرای یاسا وەردەگرێت



رووداو-ئەڵمانیا

◆ کچە کوردێکی ئێزدی زوبەیدە دویار، تەمەن 32 ساڵ، کە لە تەمەنی 12 ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی دا لە شاری ئامەدەوە چووەتە ئەڵمانیا، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری یاسادا لە زانکۆی بیلفیلد وەرگرت. زوبەیدە کە 15 ساڵ یاری تۆپی پێی کردووەو ئێستاش هەموو رۆژانی شەممە دەبێتە دادوەری یاری تۆپی پێی ژنان و پیاوان، بە (رووداو)ی راگەیاند" دایک و باوکم زۆر هاوکاریان کردووم، بەڵام دەیانگوت نابێ یاری تۆپی پێ بکەی و شەو درەنگ بێیەوە، ئەوە یاری کوڕانە".

### بێریڤان ئۆنگۆرور، پاڵێوراوی پەرلەمانی ئەورووپا بۆ (رووداونێت):

# سیاسەتم لەگەڵ شیری دایکمدا خواردووە



**بێریڤان ئۆنگۆرور، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێ"بەهۆی کوردبوونم و گەورەبوونم لە خێزانێکی سیاسیدا، ئارەزووی من بۆ سیاسەت شتێک نەبوو کە هەڵی بژێرم، بەڵکو هەر بە شیری دایکمەوە خواردوومە". بێریڤان، وەک چوارەمین ناو لە ریزبەندی لیستی پارتی چەپی سوێدی، بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ دیاریکراوە. بێریڤان پەیمان دەداتە کورد، کە ئەگەر بووە ئەندامی پەرلەمان ئەو توانایە تازەیەی بەدەستیدێنێ وەک پێشوو بۆ خزمەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەکاربێنێ.
بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە کار و چالاکییەکانی بێریڤان ئاشنابین، ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ کرد.**

**کاوە ئەمین**
**رووداو- سوێد**

**رووداو: بەڕای تۆ هۆی چییە زیاتر لە یەک ملیۆن کوردی ئەورووپا تا ئێستا نەیانتوانیوە،جگە لە فەلەکناس ئوجا لە دوو خولی رابردوودا، هیچ کوردێک بگەیێننە پەرلەمانی ئەورووپا؟**

**بێریڤان:** لەبەر چەندین هۆکاری سەرەکی. بەداخەوە ئێمە هێشتا هێندە نەچووینەتە پێشەوە لە ئەورووپا بە گشتی. شتێکی باشە کورد چالاکن و خۆیان تەرخان کردووە بۆ سیاسەت، بەڵام ئێمە لە زۆر پارتی سیاسیدا چالاکین و تێڕوانینی جیاوازمان هەیە، ئەوەش کاریگەری هەیە کە دەنگ بە کێ دەدەین. شتێکی واقعی نییە چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەموو ئەو کوردانەی لە لیستەکاندان هەڵبژێردرێن بۆ پەرلەمانی ئەورووپا، چونکە هەموان لە لیستەکاندا لەو شوێنەدا نین کە راستەوخۆ هەڵبژێردرێن، بەڵکو دەبێت دەنگ بێنن. ئەگەر مرۆڤ ریالیستیانە بیربکاتەوە و بە گرنگی بزانین کوردێک ببێتە ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا، ئەوا زیاتر ستراتیجیانە دەبێت ئەگەر هەموو تواناکان کۆ بکرێنەوە بۆ یەک پاڵێوراو وەکو ئەوەی بۆ فەلەکناس ئوجا کرا لە ئەڵمانیا. دەنا مەترسی ئەوە هەیە کە دەنگەکانمان پەرشوبڵاو ببن و هیچ کام لە پاڵێوراوەکان هەڵنەبژێردرێن، ئەوەش لە بەرژەوەندی کێشەی کورددا نییە. بەو هۆیەوە من پێموایە کە دەبێت هەموو کوردەکان دەنگی خۆیان بەکاربهێنن و دەنگ بدەن بەوەی کە بڕوایان پێیەتی.

**رووداونێت: ئەگەر تۆ هەڵبژێردرێیت، چ دەکەی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد؟**

**بێریڤان:** من هەر لە زووە خۆم تەرخان کردووە بۆ پرسە نێونەتەوەییەکان بەگشتی و خەباتی گەلی کورد بۆ دیموکراتی، مافە مرۆڤایەتی و مافی چارەی خۆنووسین، بە تایبەتی. هەر ئەوەش بوو کە وای لێکردم خۆم بگەیێنمە ژمارەیەک رێکخراوی کوردی و نێونەتەوەیی کە بۆ مافەکانی مرۆڤ کار دەکەن. من هەمیشە و بەهەموو جۆرێک، کار بۆ مافەکانی گەلی کورد دەکەم، جا وەک پەرلەمانتار بێت یانیش وەکو دیکە. بەڵام ئەگەر هەڵبژێردرێم ئەوا بە دڵنیاییەوە هەوڵدەدەم پلاتفۆرمێکی گەورە دروستبکەم بۆ گرنگیدان بە کێشەی کورد. هەروەها ئەگەر ببمە ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا توانام زیاتر دەبێ بۆ ئەوەی کێشەی کورد بخەمە رۆژڤەوە. هەروەها ئەگەر ببمە ئەندام پەرلەمان، کارێکی گرنگ

باشووری کوردستاندا هەیە. پرنسیپێکی گرنگ و مێژوویی و پرسێکی گرنگی کورد بۆ کورد ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکووکە. ئەوەش لە دەستووری عێراقدا نووسراوە، پێویستە هەموومان بە شێوەیەکی چالاکەنە کار بۆ ئەوە بکەین شارەکە بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.

لە باکووری کوردستان، پێویستمان بەوە هەیە کە یەکێتیی ئەوروپا بەکاربێنین بۆ گوشار خستنە سەر تورکیا تا بە تەواوەتی رێز لە مافەکانی کورد و کەمایەتییەکانی دیکەی ئەو وڵاتە بگرێت. تەنها ئەوە بەس نییە کە دان بە مافە کولتوورییەکانی کورد دا بنێت، ئەوە هەر هیچ کە نابێت تەنها بە کەناڵێکی کوردیی رازیبین، بەڵکو تورکیا دەبێت دەستبەرداری ئەو میراتە بێت کە لە سەردەمی جونتا سەربازییەکانیدا بۆی ماوەتەوە، دەبێت رێز لە هەموو مافە سیاسییەکانی گەلی کورد بگرێت. من دەمەوێت ئەو پرسەی کە پێوەندی بە زیندانییە سیاسییەکانی کوردەوە هەیە بێنمە بەر باس و دەبێت ئازاد بکرێن، هەروەها



## من بۆ مافی چارەی خۆنووسینی کورد تێدەکۆشم

کە دەیکەم ئەوەیە کە پەیوەندی دیبلۆماتی لەگەڵ باشووری کوردستان بگەیێنمە ئاستێکی بەرز و بەو شێوەیەش پردی نێوان حکوومەتی کوردستان و یەکێتیی ئەوروپا، قایمتر دەکەم. هەروەها پشتیوانی یەکێتیی ئەورووپا لە فۆرمی جۆراوجۆردا گرنگە تا ببێتە هاندەرێک بۆ چوارچێوە دیموکراتییەکان بۆ بەهێزکردن و گەشەکردنی ئەو پرۆسە دیموکراتییەی ئەمڕۆ لە

دەبێت لێبووردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەو کوردە پەنابەرە سیاسیانەی کە ئەمڕۆ لە ئەورووپا دەژین و مافی ئەوەیان نییە بگەڕێنەوە بۆ باکووری کوردستان، دەربچێت. هەروەها هیوادارم کە تورکیا کۆتایی بەو لێکۆڵینەوانە بێنێت ئەوەی کە پێیدەڵێن گلۆڵەی ئەرگەنەکۆن، کە شۆڕبووەتەوە بۆ نێو ناوەندی دەوڵەتی تورکیا و، لە دەسەڵاتداری پایەبەرزی سەربازییەوە بگرە هەتا دەگاتە، دادوەر و کارمەندانی دەوڵەت تێوە گلاون. زۆر گرنگە کە لێکۆڵینەوەیەکی دروست و کاریگەر لەسەر بنکە ئەسڵییەکانی ئەرگەنەکۆن بکرێت و هەموو کارتەکان بخرێنە ڕوو. زۆر گرنگە روونبکرێتەوە کە ئاخۆ هیچ پێوەندییەک هەیە لە نێوان ئەرگەنەکۆن و سەرنگومکردن و کوشتنی سیاسی کە لە ماوەی ئەم سی ساڵەی دواییدا کراون.

هەروەها دەزانم کە هەڵاواردن و چەوساندنەوەی کوردانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان بەردەوامە. ئەو بەشانەی کوردستان هەتا بڵێی پشتگوێ خراون و رووناکیان ناخرێتە سەر، من دەمەوێت کەڵک لە هەموو دەرفەتێک وەربگرم تا تیشک بخەمە سەر چەوساندنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو دووبەشەی کوردستاندا. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە یەکێتی ئەروپا دەسەڵاتی سیاسی خۆی بخاتە گەڕ و گوشاری زیاتر بخاتە سەر هەردوو رژێمی نا دیموکراتی ئێران و سوریا تا رێز لە مافەکانی گەلی کورد بگرن.

**رووداو: دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، ئایا تۆ لەگەڵ ئەوەدای ببێتە ئەندام؟**

**بێریڤان:** پێموایە زۆر گرنگە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا،چونکە ئەوکات دەبێ تورکیایەکی جیاواز لەوەی ئێستا بێت، بەو مەرجە دەبێتە ئەندام. خاڵی یەکلاکەرەوە ئەوەیە کە چاوپۆشی نەکەین و بەردەوامبین لەوەی کە دەبێت تورکیا پێوەرەکانی کۆپنهاگن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تورکیا هەنگاوی ئیجابی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەنێت و گرنگە کە هاندەر بین. ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر هێزی فاشستی لە تورکیا هەن کە نایانەوێت ئەو وڵاتە ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە، لەو بڕوایەدام لەئەنجامدا ئەندامبوونی تورکیا بە قازانجی گەلی کوردە و دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی سەربازی، ئەوەش رێگە بۆ گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراتی خۆشدەکات، هەر بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە تورکیا ببێتە ئەندام.

**رووداو: دەوڵەتی سوێد و زۆر لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا، سیاسەتێکی دژوار لەمەڕ پەنابەران پیادە دەکەن، ژمارەیەکی زۆر پەناخوازی کورد هەڕەشەی گەڕاندنەوەی بە زۆریان لێدەکرێت بۆ کوردستان، پلانی ئێوە بۆ گۆڕینی ئەو سیاسەتە چییە؟**

**بێریڤان:** تۆ دەستت خستە سەر یەکێک لە سەرەکیترین و گەورەترین پرسە سیاسییەکانی من، ئەویش سیاسەتی پەنابەری و کۆچکردنە. یەکێتی ئەورووپا سیاسەتێکی نامرۆڤانە لەوبوارەدا پەیڕەو دەکات، وەک تاوانبارانی ناو زیندان هەڵسوکەوت لەگەڵ پەناخوازان دادەکات. من وەکو پەرلەمانتارێک دژی هەموو ئەو پێشنیازانە دەبم کە کۆمیسیۆنەکان کردوویانن و، هەوڵی هۆشیارکردنەوەی رای گشتی دەدەم لەبارەی ئەم پرسە گرنگە.

**رووداو : چۆن خۆت دەگەیێنییە دەنگدەرانی کورد و ئەو هۆکارانە چین کە ببنە هۆی ئەوەی کورد دەنگت پێ بدەن ؟**

**بێریڤان:** ئەرکی من ئەوەیە کە لە کەناڵی جیاوازەوە، جا راستەوخۆ بێت یانیش لە رێگەی راگەیاندن و رێگای دیکەوە، کارێک بکەم کە کورد بزانن من دەمەوێت چی بکەم و بۆ کێی دەکەم. پاشان ئەوە بۆ دانیشتوانی کورد بە جێدەهێڵم ئاخۆ متمانەم پێ دەکەن یان نا. من وەکو ژنێکی گەنجی کورد بەشداری هەڵبژاردن دەکەم کە بە شێوەیەکی بەرچاو خۆم بە کێشەی کوردەوە خەریک کردووە. من بە پلەی یەکەم رووی خۆم دەکەمە خەڵکی کورد نەک پارتە سیاسییەکان، تا متمانەم پێ بکەن کە دەبمە دەنگی ئەوان لە پەرلەمانی ئەورووپادا. بۆ من زۆر گرنگە کە سەربەخۆ بم لە پێوەندی لەگەڵ پارتە کوردییەکاندا، چونکە من دەمەوێت بە شێوەیەکی بەربڵاو کار بکەم و هاوکاریی هەموو پارتە دیموکراتخوازەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەم، بەڵام خۆم نابەستمەوە بە پارتێکی دیاریکراوەوە، هەمیشە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد لەبەرچاو دەگرم.

### بێریڤان ئۆنگۆرور

- پێش 29 ساڵ لە شاری دێرکی باکووری کوردستان لەدایکبووە.
- لە تەمەنی 5 ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی هاتوونەتە سوێد.
- جێگری سەرۆکی لقی پارتی چەپی سوێدە لە شاری یێڤلا.
- ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی هەمان شارە.
- ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی منداڵپارێزانی کوردستان (کۆمەک)ە.

# کوردێک ڤایرۆسێکی تازە لە لەشی مرۆڤ دا دەدۆزێتەوە

**رووداو- ئیتاڵیا**

قوتابییەکی کورد بەنێوی (محەممەد بابەکر)، کە پرۆفیسۆرە ئیتاڵییەکان بە (کوردۆ) بانگی دەکەن، دکتۆر و پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکەی سەرسام کردووە، چونکە بووە دۆزەرەوەی ڤایرۆسێک لەناو شانەی سییەکانی مرۆڤدا، هەر بۆیە پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکەی داوای لێدەکەن وا بەزوویی نەگەڕێتەوە کوردستان بۆ ئەوەی داهێنانی دیکە لە بوارە پزیشکییەکەیدا بکات.

محەممەد بابەکر مینە، 29 ساڵ، ئێستا لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی TorVergata لەشاری رۆمای ئیتاڵیا لەقۆناخی کۆتایی خوێندنی دکتۆرادایە و، لە مانگی دیسەمبەری 2009 دەبێتە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرای پزیشکی لەبواری میکرۆلۆگی و ئیمنۆلۆگی medical microbiology and immunology. محەممەد دەتوانێ بڕوانامەی زیاتریش بەدەست بێنێت بە مەرجێک حکومەتی هەرێمی کوردستان رازی بێت لەوێ بمێنێتەوە "چونکە من لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا دەخوێنم".

محەممەد بابەکر لە شاری رانیە لەدایکبووە، قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەرانیە تەواو کردووە و پاشان لەکۆلیژی زانستی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە، دوای تەواوکردنی کۆلیژی زانست، لەبەشە پزیشکییەکانی پەیمانگای تەکنیکی کۆیە وانەی گوتووەتەوە، دواتر لەلایەن د.دلشاد عەبدولڕەحمان سەرۆکی ئەوکاتی دەستەی پەیمانگاتەکنییەکان لەسلێمانی هەڵبژێردراوە بۆ خوێندن لەو زانکۆیەی ئیتاڵیا.

محەممەد، لەبەر ئەوەی باوکی لە شەڕی نێوخۆدا کوژراوە، ناچاربووە لە پاڵ خوێندن دا کاریش بکات، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەوە ببێتە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندنی، دواجار کوژرانی باوکی و زیرەکییەکەی چانسی ئەوەیان پێدا لە دەرەوە بخوێنێ " لەبەر ئەوەی کوڕە شەهید بووم و زیرەکیش بووم لەهەموو تاقیکردنەوەکانی باڵیۆزخانەی ئیتاڵیا لە بەغدا دەرچووم، د.دلشاد و د.عادل رەشید، هەڵیانبژاردم کە لەو زانکۆ ئیتاڵییە بخوێنم".

محەممەد بارگەی تێکدەنێ و لە 2005/4/14 دەگاتە شاری رۆما و پەیوەندی بەزانکۆکەوە دەکات، وەک پێویستی خوێندن لە ئیتاڵیا سەرەتا زمانی ئیتاڵی دەخوێنێ و بە ماوەیەکی کەم بڕوانامەی نێودەوڵەتی زمانی ئیتاڵی بەدەستدێنێ و، دواتر دەست بە خوێندنەکەی دەکات.

## چۆن ڤایرۆسەکەی دۆزیەوە؟

محەممەد لەکاتی خوێندنەکەیدا سەرقاڵی پشکنینی شانەی سییەکانی منداڵێکی پێنج ساڵانی شاری رۆما دەبێ، بەدۆزینەوەی جۆرە ڤایرۆسێک لەناو شانەی سییەکانی ئەو منداڵەدا، دکتۆرو پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکەی تووشی سەرسوڕمان دەکات، چونکە بۆ یەکەمجار بوو ئەو ڤایرۆسە لەنێو شانەی سییەکان (lung tissues) بدۆزرێتەوە، پێشتر ئەو جۆرە ڤایرۆسە تەنیا لە دەردراوی رێڕەوی هەناسە دۆزرابووەوە.

محەممەد ناو لەڤایرۆسەکە دەنێت KIV-Rome. سەبارەت بەهەڵبژاردنی ئەو ناوە، محەممەد دەڵێت "بەپێی رێنماییە زانستییەکان ڤایرۆس لەکوێ بدۆزرێتەوە دەبێ ناوی ئەو شوێنەی لێبنرێت".

ئەو قوتابییە کوردە زانیاری زیاتر لەسەر ڤایرۆسەکە بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بۆ یەکەمجار ڤایرۆسەکە لە دەردراوی رێڕەوی هەناسەی مرۆڤدا لەلایەن دکتۆرێکی سویدی دۆزرایەوەو ناوی لێنا (KIV-Stokholm 60)، دوای ئەویش لەساڵی 2007 من ڤایرۆسەکەم لەناو شانەی سییەکاندا دۆزییەوە".

سەبارەت بە کاریگەری ئەو ڤایرۆسە لەسەر لەشی مرۆڤ محەممەد دەڵێت "لەبەر ئەوەی ڤایرۆسەکە زۆر تازەیە، بۆیە تا ئێستا نازانرێت دەبێتە هۆی چ جۆرە نەخۆشییەک، ئێستا زۆربەی زانکۆ پزیشکییەکانی جیهان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زیاترن لەسەر ئەو ڤایرۆسە نوێیە". وەک محەممەد باسیکرد ڤایرۆسەکەی لەچەند شوێنێکی دیکەی لەشی مرۆڤدا دۆزیوەتەوە "بەڵام جارێ ناتوانم رایبگەیێنم، چونکە پێویستیم بە تاقیکردنەوەی زیاترە".

تاکە زانیاری لەبارەی کاریگەری ڤایرۆسەکە لەسەر لەشی مرۆڤ کە لەلای محەممەد هەبێ ئەوەیە کە "رەنگە ڤایرۆسەکە ببێتە هۆی نەخۆشی لەو کەسانەی کە بەرگری لەشیان کەم بێت، بەڵام جۆری نەخۆشی و کوێ تووش دەکات، ئەمە ئێستا زۆر زووە وەڵام بدرێتەوە".



محەممەد بابەکر دەڵێ ئەگەر حکومەتی کوردستان رێگەم پێبدات لەسەر داوای مامۆستاکانم ماوەیەکی زیاتر لە ئیتاڵیا دەمێنمەوە

## ئیتاڵییەکان ماچی دەکەن و کوردیش ئاگای لێ نییە

ئاخۆ کاردانەوەی دکتۆرو پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکەکەی محەممەد چۆن بووبێت لەکاتی دۆزینەوەی ڤایرۆسەکە؟ محەممەد دەڵێت "ئەم داهێنانە لەلایەن دکتۆرە ئیتاڵییەکان بەتایبەت لەلایەن هەردوو پرۆفیسۆر کارلۆ فیدریکۆ پیرنۆ و مارکۆ سیۆتی کە زۆر دۆستی من و کوردستانن بە کارێکی زۆر گەورە دانرا و چەندین جار دەستیان لە مل کردم و ماچیان کردم، بەڵێنیشان پێدام هەرچی لەدەستیان بێت بۆ زانکۆکانی کوردستان بیکەن، داواشیان لێکردم چەند ساڵێکی دیکە لەئیتاڵیا بمێنمەوە بۆ ئەوەی داهێنانی دیکەی لەو جۆرە بکەم".

سەبارەت بە خەڵاتی زانکۆکەش بۆ ئەو دۆزینەوەیە، محەممەد گوتی " لەوێ هەر کەسێک شتێکی تازە بدۆزێتەوە رێزێکی زۆری لێدەنێن، منیشیان بەوە خەڵاتکرد کە هەلی زیاترم بۆ بڕەخسێنن بۆ ئەوەی زیاتر لەبوارەکەم پێشبکەوم".

هەرچەندە محەممەد دڵنیا نییە، وەزارەتی تەندروستی و زانکۆ و کۆلیژە پزیشکییەکانی کوردستان ئاگاداری ئەو دۆزینەوەیەی ئەون " بەڵام لەوانەیە شتێکیان هەر پێگەیشتبێت". محەممەد داخبارە کە تا ئێستا هیچ بەرپرسێکی زانستی کوردی دەستخۆشی لێنەکردووە "لە چەندین زانکۆی ئەفریقی و ئەورووپی و ئەمریکی ئیمەیلم بۆ کراوەو دەستخۆشیم لێکراوە، بەڵام جگە لەهاوڕێ نزیکەکانی خۆم لەکوردستان هیچ بەرپرسێکی زانستی دەستخۆشی لێنەکردووم".

## کوردۆ کوردایەتیش دەکات

محەممەد لەپاڵ ئەرکە زانستییەکەی، دەستبەرداری سیاسەتیش نەبووە، وەک خۆی باسیکرد لە زۆربەی ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسە زانستییانەی بەشداریدەکات بەشێک لە قسەکانی بۆ باسکردنی کوردو کوردستان تەرخاندەکات. بۆیە دکتۆرە ئیتاڵییەکان تەنیا بە (کوردۆ) بانگیدەکەن "چونکە من لەوێ خۆم بەکەسێکی کوردستانی ناساندووە، بۆیە ئەوانیش پێمدەڵێن کوردۆ".

سەبارەت بە ئاگاداری کۆمەڵگەی ئیتاڵی لە بارودۆخی کوردستان، محەممەد دەڵێت "چونکە ئەوان وەکو ئێمە کێشەی سیاسییان نییە، بۆیە زۆر زانیارییان لەبارەی کوردەوە نییە، بەڵام کەسە سیاسییەکانیان زۆر بە باشی ئاگاداری بارودۆخی کوردستانن و دەزانن کێشەی کورد چییە".

کوردۆ باس لە یەکێک لەپرۆفیسۆرەکانی زانکۆکەی دەکات کە زۆر سەرسامە بە گەلی کورد، ئەویش پرۆفیسۆر کارلۆ فیدریکۆ پیرنۆیە "ئەو پرۆفیسۆرە هەموو کات باسی گەلی کوردم بۆ دەکات و دەڵێت کورد گەلێکی ئاشتیخوازو رۆشنبیرن".



### کورد گەلێکی ئاشتیخوازو رۆشنبیرن

پرۆفیسۆر کارلۆ فیدریکۆ پیرنۆیە

# کاروباری ژنان

## کچە خوێندکارێک هەوڵی خۆکوشتن دەدات



رووداو-کەلار

◆ بەهۆی ئەوەی بەزۆر دراوەتە ئامۆزایەکی، کچە خوێندکارێک لە کەلار رۆژی 2009/1/20 هەوڵی خۆ کوشتنی دا. سەرچاوەیەکی نزیک لەو کچە خوێندکارە بە(رووداو)ی راگەیاند "باوکی ئەو کچە فشارێکی زۆری خستووەتە سەری کە شوو بەئامۆزاکەی بکات، بۆیە ئەویش دوو فیشەکی دەمانچەی لەخۆی داوە بەسەختی بریندار بووە"، سەرچاوەکە گوتیشی "لەبەر سەختی برینەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراوە".

# بەناز خۆی سووتاند یان سووتێنرا



بەناز 57%ی جەستەی سووتاوە

رۆژی 2009/1/14، لەگەڕەکی موفتی شاری هەولێر، بەناز مامەند، 20 ساڵ، دوای ئەوەی لەگەڵ مێردە تەمەن 25 ساڵەکەی، دەبێتە کێشەیان، لەو کاتەدا بەناز لەناو ماڵەکەیدا دەسوتێت. بەناز لە ئیفادەکیدا بۆ پۆلیس گوتوویەتی مێردەکەی سووتاندوویەتی، بەڵام دواتر پەشیمان بووەتەوەو گوتوویەتی خۆی خۆی سووتاندووە، (رووداو) لە رێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە بەنازەوە کرد ئەو کە بە هۆی سەختی برینەکەیەوە زۆر بە زەحمەت قسەی پێدەکرا گوتی " شەیتان پێیکردم و بەخۆم خۆم سووتاند".

بەناز 57%ی جەستەی سووتاوە، ئێستا لەنەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەولێر لە ژێر چارەسەریدایە، مێردەکەیشی لە زیندان دایە.

مێردی بەناز، کە کرێچییە و کاری کرێکاری دەکات لە هەولێر، 7ساڵ پێش ئێستا ژنی یەکەمی هێنا، بەڵام دووساڵ پێش ئێستا ئەو ژنەی بەهۆی تەقینی غازی تەباخ سووتاو گیانی لەدەستداو مونای لەدوای خۆی جێهێشت، دوای تێپەڕبوونی 8 مانگ بەسەر رووداوەکە، بەنازی هێناوە.

عەبدولکەریم داود باوکی مێردی بەناز، بە (رووداو)ی راگەیاند، کە کوڕەکەی چەندین جار داوای لە بەناز کردووە هەڵسوکەوتی لەگەڵ مونا باش بێت، بەڵام ئەو هەڵسوکەوتی باش نەبووە "بۆیە چەند جارێک ئەو و بەناز بە کێشە چوون لەسەر مونا".

عەبدولکەریم داودی، لەدرێژەی قسەکانیدا باسی لەرۆژی رووداوی سووتانی بەناز کردو گوتی کاتی نیوەڕۆ بوو سفرە راخرابوو، لەسەر ئەوەی بەناز لە مونای دا، بووە دەمەقاڵێیان و لە بەنازی دا و پێیگوت دەتبەمەوە ماڵی باوکت" بەنازیش بەوهۆیەوە هەڵچوو و، پاشان دەبەیەک نەوتی بەخۆیدا کردو خۆی سووتاند، مێردەکەی لەگەڵ هاواری بەناز بە ئاگا هاتەوە".

بەناز دوای سووتانی، سکاڵا لەسەر مێردەکەی تۆمار دەکات، کە سووتاندوویەتی، بەڵام عەبدولکەریم دەڵێت ئێستا بەناز لە ئیفادەکەی پەشیمان بووەتەوەو دەڵێت مێردەکەم بەربدەن ئەو نەیسووتاندووم. عەبدولکەریم داودی بە پچڕپچڕی و بە دەنگێکی نزم و گریانەوە قسەی دەکرد و گوتی" کوڕەکەم زۆر ماندووبوو، هەموو ژیانی خۆی بۆ بەنازو مونا تەرخانکردبوو، بەناز تەنیا لەبەر ئەوەی پێیگوترا دەتبەمەوە ماڵی باوکت خۆی سووتاند".

مامەند ئەنوەر باوکی بەناز، هەرچەندە دەڵێت ئاگاداری کێشەکە نییە، بەڵام نەیشاردەوە کە بەناز و مێردەکەی لەسەر مونای چوار ساڵان بەکێشە هاتوون. باوکی بەناز گوتی "رۆژێک پێش رووداوەکە بەشەڕ هاتبوون، مێردەکەی لە بەنازی داوەو قسەی پێگوتووە، رۆژی دواتریش دیسان بەشەڕ هاتوون، دواتریش بەناز ئاگری لە خۆی بەرداوە".

بەبڕوای عەبدولکەریم دەبوایە بەناز قسەی لەگەڵ ئەو یان باوکی خۆی بکردایە. بەڵام بەناز کەسی نەبووە ئامۆژگاری بکات، چونکە دایکی تەڵاقدراوە، خەزووری بەناز دەڵێ " بەناز بەردەوام لەمونای دەدا، پێمدەگووت ئەو منداڵە هەتیووە، تۆم وەک کچی خۆم خۆشدەوێت، چونکە ئەو منداڵە بەخێودەکەی، بەڵام ئەو بەردەوام ئازاری دەدا، پێشتریش جارێک بە هۆی ئەو منداڵە بووەتە شەڕ لەگەڵ مێردەکەی و زیزبوو".

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی بەناز باسی لەوە کرد، کە ئەوان هیچ کێشەیان نەبوو، جگە لە هەژاری، ئەوەشی رەتکردەوە کە بەناز لەلایەن مێردەکەیەوە سووتێنرابێت"ئەو کاتەی بەناز سوتا، باوکی مونا رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، لەخەمان وشک ببوو، چ ئەقڵێک قبوڵ دەکات ژنەکەی سوتاندبێت".

مەروای خوشکی مێردی بەناز کە ئێستا لەنەخۆشخانە چاودێری بەناز دەکات، ئاماژەی بەوەدا، بەناز دوو رۆژە دەتوانێت، قسە بکات و نان دەخوات و تەندروستی باشترە. بەگوێرەی قسەکانی مەروا لەوکاتەی بەناز بەهۆش خۆی هاتووەتەوە، داوای مێردەکەی دەکات وباوەڕ ناکات شکاتی لەمێردەکەی کردبێت، بەڵکو دەڵێت ئێوە مێردەکەی منتان شاردووەتەوە "دەڵێت بە خۆم خۆم سووتاندووە، تووڕەبووم، ئاگام لەخۆم نەما، شەیتان فریوی دام، ئێستا ئەو قسانەی بۆ پۆلیسیش کردووە".

باوکی بەناز باسی لەوە دەکرد کە ئەو بەردەوام ئامۆژگاری دەکرد کەلەگەڵ مێرد و منداڵەکەی باش بێت، ئێستاش داوا لەکچەکەی دەکات مێردەکەی ئازاد بکات، پێکەوە ژیانێکی بەختەوەر دروست بکەنەوە " بەڵام پێویستە مێردەکەشی چیتر نەڵێت تەڵاقت دەدەم یان دەرتدەکەم". باوکی مێردی بەنازیش پەیمانی ئەوە دەدا، ئەگەر کوڕەکەی ئەو کچەی سوتاندبێت "ئامادەم مۆری بکەم کوڕەکەم لە سێدارە بدەن".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، بەناز لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی مێردەکەم منی سوتاندووە، بەڵام پیاوەکەی ئەو قسانە بەهەموو شێوەیەک رەتدەکاتەوەو دەڵێت تەنیا لەسەر کچەکەم خۆم لێ تووڕە کردووە.

مێردەکەی بەناز کە بەپێی مادەی 405 دەستگیر کرابوو رۆژی 2009/1/25 ئازادکرا.



ئەو شوێنەی کە بەناز تێیدا ئاگری لەخۆ بەردا
(فۆتۆ:رووداو)

**سۆران بەهائەدین و کوردستان زرار**
**رووداو-هەولێر**

دەبوایە بەناز ببێتە دایکێکی بەسۆز بۆ مونای تەمەن 4 ساڵ، بەڵام خەزووری بەناز دەڵێت دایکی زۆر خراپ بوو لەگەڵ مونا، سەرەنجام لەنیوەڕۆیەکدا دوای دەمەقاڵێیەک لەگەڵ مێردەکەیدا لەسەر مونا، بەناز لەنێو ماڵەکەی خۆیدا سووتا.

---

لەسەر دەمەقاڵێ نان بخۆ و نان ناخۆم

# هەمزە لەماڵی خەزووری کوژرا

**رووداو-کەسنەزان،تۆبزاوە**

هەمزەو خێزانەکەی لەناحیەی کەسنەزانەوە بەرێدەکەون، بۆ ناحیەی رزگاری، بەمەبەستی بەشداریکردن لە رێورەسمی هەفتیانەی برایەکی خێزانی هەمزە. بەڵام هەمزە جارێکی دیکە بەزیندوویی ناگەڕێتەوە ماڵەوەو لەلایەن



هەمزە تاهیر تەمەن 29 ساڵ

برای خێزانەکەیەوە، لەناو ماڵی خەزووریدا دەکوژرێ.

ئێوارەی 2009/1/22، لە ناحیەی رزگاری (تۆبزاوە)، پیاوێک بەناوی هەمزە تاهیر 29ساڵ، دانیشتووی ناحیەی کەسنەزان، لەنێو ماڵی خەزوورەکەیدا لەلایەن کوڕە خەزوورێکیەوە کوژرا. تا ئێستاش بکوژەکەی دەستگیر نەکراوە و هەڵاتووە.

سەروان محەممەد، کە کوڕە پوری هەمزەیە، لە دووەم رۆژی پرسەی کوڕە خاڵەکەی جلێکی رەشی لەبەر کردبوو و خەریکی بەرێکردنی مێوانان بوو، باسی خزمایەتی نێوان هەمزەو بکوژەکەی کرد، هەمزە لەگەڵ (ک) ژنبەژنی کردووە، براگەورەی (ک) ژنی دووەمی هێناوە، چونکە منداڵی نەبووە "هەمزە لەگەڵ خێزانەکەی چووەتە هەفتیانەی کوڕە خەزوورەکەی".

سەروان کە لە منداڵیەوە هاوڕێی هەمزە بووە، باسی لە رەوشتی هەمزە دەکرد کە گەنجێکی بەڕێز بووە، لەگەڵ ماڵی خەزووری کێشەی نەبووە، تەنانەت لە هەمووومان زیاتر سەردانی ماڵی خەزووری دەکردو، گوتیشی "لەگەڵ ژنەکەی زۆر یەکتریان خۆشدەویست خۆیان بە قوربانی یەکتر دەکرد".

وەک سەروان باسیکرد، هەمزە رۆژی رووداوەکە نیوەڕۆ لەماڵی خەزووی بووە، ئێوارە ویستوویەتی بڕواتەوە، بەڵام لەگەڵ (ک) بەکێشە هاتووە " (ک) پێیگوتووە نانی ئێوارە بخۆ ئینجا بڕۆ، بەڵام هەمزە پێیگوتبوو کارم هەیە، چونکە خۆی کارەباچی بوو، لەسەر ئەوە دەبێتە دەمە قاڵیان، (ک) پێیدەڵێت تۆ زۆر کەللەڕەقی هەر دەتەوێت قسەی خۆت سەرکەوێت، چاکەتی یەکتریش رادەکێشن، (غ)ی برای (ک) لە ژوورەوە هاتووەتە دەرەوەو دەمانچەی دەرهێناوەو، کوشتویەتی، بێ ئەوەی بزانێت کێشەکە چییە".

لەگەڵ بیستنی دەنگی تەقە، یەحیا قادر دراوسێی ماڵی (غ)، خۆی دەگەیێنێتە شوێنی رووداوەکە، دەبینێت هەمزە لەبەر دەرگای خەزووری، لەناو خوێندا کەوتووە، خوشک و خێزان و دایکی هەمزە لەلای وەستاون و دەگریێن " (غ) و (ک) بە کۆڵانەکەوە شۆڕدەبوونەوە، لەگەڵ دوو برام بارمان کردە ناو ئۆتۆمبێل و، بۆ نەخۆشخانەمان برد، بەڵام هەر لە رێگا تەواوبوو، ئێمەیان نزیکەی 5 کاژێر زیندانیکرد".

هەرچەندە یەحیا لە منداڵییەوە دراوسێ و هاوڕێی (غ) بووە، بەڵام هیچ ئاگاداری کێشەکەیان نەبوو " (غ) کوڕێکی بێ کێشەبوو، خەریکە باوەڕ ناکەم ئەو کارەی کردبێت".

ئەو کاتەی کە هەمزە دەکوژرێت، دایک و خوشک و خێزان و خەسووی لەناو کێشەکەدا بوونەو بۆیە لە هەموو کەس زیاتر ئەوان پێی کاریگەر بوونە. وەک سەروان دەڵێت لەو رۆژەوە، ژنەکەی هەر ناوی هەمزەی مێردی ببیسێت، لەهۆش خۆی دەچێت "زیاتر لە 10جار لە هۆش خۆی چووە"، ئێستا ئامۆزاو دایک و خوشکی (غ) لە پرسەی هەمزەن، چونکە جگە لە ژنبەژنێیەکەش خزمی یەکترن.

نائیب ساڵح، کوڕە پوری هەمزە، خەمی مەرگی هەمزەت لە روویدا بەدی دەکرا، کە لەپرسەی هەمزە راوەستابوو. نائیب دەڵێت هەمزە کوڕێکی زۆر خۆشەویست و بێ کێشە بووە، بەڵام (غ) شەڕاوی بوو، نائیب ئاماژەی بەوەدا هەمزە هەر بە هەژاری گەورە بووەو دوو ساڵە کەمێک باری ئابووری باش بووە.

سەرچاوەیەکی پۆلیس کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە (رووداو)ی راگەیاند، دوای ئەوەی هەفتیانە تەواو دەبێت هەمزە ویستوویەتی بڕواتەوە، بەخێزانەکەی گووتووە بچینەوە، لە دەرەوە چاوەڕوانی کردووە، بەڵام ژنەکەی هەر لە ژوورەوە بووە، حەزی دەکرد ئێوارە لە ماڵی براکەی بێت "هەمزە چووە زللەیەکی لە ژنەکەی داوە، براکانی لەسەری بە وەڵام هاتوون، کێشەکە گەورە بووەو لەئەنجامدا هەمزە کوژراوە". گوتیشی "تا ئێستا کەس نەگیراوە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی ئێمە، یەک دوو رۆژی دیکە بکوژانی هەمزە دەستگیر دەکرێن".

---

# "سەمیرە بۆ گەڕانەوە لای مێردی یەکەم، دەیویست مارە بەجاش بکات"

**رووداو-هەولێر**

سەمیرە بەردەوام جەختی دەکردەوە کە تەنیا 7 رۆژ بەسەر منداڵ بوونەکەی تێپەڕی بوو، کە براکانی بەمێردیان دایەوە، بەڵام کەسوکاری ئەو قسەیە رەتدەکەنەوەو دەڵێن سەمیرە چلەی چوو بوو کاتێک شووی کردەوە، مەبەستیشی لەو شوو کردنە مارە بەجاش بووە تاوەکو بگەڕێتەوە لای مێردی یەکەمی.

تا ئێستا پۆلیسیش بۆی دەرنەکەوتووە ئەو قسەیەی سەمیرە راستن یان نا. نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "سەمیرە هیچ شایەتێکی نییە قسەکانی پشت راست بکاتەوەو، دەڵێت کەسوکارم شاهێدیم بۆ نادەن، بنەماڵەکەشی قسەکانی رەتدەکەنەوە، بۆیە تا ئێستا بۆمان روون نەبووەتەوە قسەی کامیان راستە".

سەمیرە محەممەد، 22ساڵ، پێنج ساڵ لەمەوبەر مێردی بە کوڕێک کردووە کە ئێستا سێ منداڵی هەیە و، شەش مانگ لەمەوبەر تەڵاقدرا، ئێستا لەگەڵ منداڵەکانی لەسەنتەری نەوا بەبێکەسی دەژیت. خزمەکانی سەمیرە دەڵێن سەمیرە کە زۆر حەزدەکات بگەڕێتەوە لای مێردی یەکەمی و زۆر خۆشیدەوێت، لەپێناو گەیشتنەوە بە مێردی یەکەمی، داوا دەکات، بەمێردی بدەنەوە و دوای سێ رۆژ لەلای مێردی دووەمی نامینێت و تەڵاق دەدرێت.

سەمیرە کە دوو مانگە، لەسەنتەری نەوایە لە هەولێر، دوو برای لەسەر سکاڵایەکی ئەو کە بە فێڵ لە مێردی یەکەمی بە تەلاقدانیان داوەو، بەزۆری بە مێردیان داوەتەوە گیراون و لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

سەمیرە باسی دەڵێ لەوە دەکرد بەزۆر لەماڵی خۆی لەلای مێردی یەکەم، بردویەتیانەوە، براکانی منداڵەکانیان لەسەر جادە فڕێداوە، بەڵام نازەنین سدیق، خێزانی برای سەمیرە، ئەو قسانەی رەتکردەوەو ئاماژەی بەوەدا لە هاوینی ساڵی رابردوو، لە نیوەشەوێکدا سەمیرە تەلەفۆن بۆ براکانی دەکات، دەڵێت مێردەکەم تەڵاقیداوم وەرن بمبەنەوە "هاوسەرەکەم تەلەفۆنی بۆ مێردی سەمیرە کرد، بەڵام گوتی سەمیرەم ناوێتەوە"، سەمیرە خۆی منداڵەکانی لەسەر جادە بەجێهێشتن، گوتبووی 9 رۆژە مێردەکەم منی بە بێ نان و پارە بەجێ هێشتووە".

ئەو کاتەی سەمیرە مێردەکەی بەجێدێڵێت سکپڕبووە، دادوەر دانیشتنەکانی دادگا دوا دەخات تا منداڵی ببێت، بەڵکو مێردەکەی پەشیمان ببێتەوە تەڵاقی نەدات. سەمیرە لە کاتی قسەکردن هەموو گیانی دەلەرزی، باسی ئەو رۆژانەی دەکرد کە لەلای براکانی بووە، دەڵێت بەردەوام لێیانداوەو، ئەونەیویستووە تەڵاق بدرێ. نازەنین دەڵێ "راستە سەمیرە نەیدەویست تەلاقبدرێ، بەڵام مێردەکەی نەیدەویستەوە، راستیش ناکات کەس لێی نەداوە".

دوای ئەوەی سەمیرە منداڵی دەبێت و لە نەخۆشخانە دەگەڕێتەوە، نازەنین ئاماژەی بەوەدا، چوار رۆژبوو منداڵی ببوو، دایکی سەمیرە ئامۆژگاری کچەکەی دەکرد، دەیگووت تۆ هێشتا گەنجی و خۆت بەو منداڵە مەبەستەوە ئەگەر دەتەوێت منداڵەکەت دەبەمەوە ماڵی خەسووت، بەڵکو بەهۆی زەحمەتی بەخێوکردنی منداڵەکەوە پەشیمان دەبنەوە، سەمیرەش ئەو قسەی زۆر پێ باش دەبێت "دایکی سەمیرە منداڵەکەی بردەوە ماڵی خەسووی، ئەوانیش منداڵەکەیان دایە ژن و پیاوێک بۆ خۆیان بەخێوی بکەن".

بەوشێوەیە ئەوکارەش نەبووە هۆی پەشیمان کردنەوەی مێرد و ماڵی مێردی سەمیرە لە وازهێنان لە تەڵاقدانی سەمیرە، هەروەک کەسوکاری سەمیرە دەڵێن و، بە فەرمی لە دادگا تەڵاق دەدرێ.

سەمیرە پێشتر بۆ (رووداو) باسیکردبوو، کە لەبەرامبەر 6 ملیۆن دینار تەڵاقدارەوەو براکانیشی پارەکەیان خواردووە، بەڵام غازی ئیبراهیم کە خزم و دراوسێی برای سەمیرەیە و بەردەوام لە ناو کێشەکەیاندا بووە، رەتیکردەوە ئەو پارەیە وەرگیرابێت بەڵکو تەنیا پارەی 19 میسقال زێڕی وەرگرتووەتەوە "سەمیرە ئەوەشی بە زێڕدا، ئێستا هەموو زێڕەکەیشی لەماڵی منە".

وەک غازی دەڵێت سەمیرە بەردەوام سەردانی ماڵی ئەوانی کردووە، هەموو رۆژ داوای لێکردووە مێردێکی بۆ بدۆزێتەوە "سەمیرە دەیگووت بە مێردم بدەن، حەز دەکەم لەبەرانبەر سەمیرەو پۆلیسی هەولێر ئەو قسانە بکەم، بۆ دەبێت حکومەت تەنیا قسەی سەمیرە وەربگرێت؟".

زۆری پێناچێت غازی مێردێک بۆ سەمیرە دەدۆزێتەوە کە تەمەنی 44 ساڵ بووەو ژنیشی نەهێناوە، بەسەمیرە دەڵێت شووی پێدەکەی "سەمیرە گوتی ئەگەر تەمەنی 70ساڵیش بێت مێردی پێ دەکەم، بەڵام براکەی رازی نەبوو مێرد بکات، بەهەزار تکاو پاڕانەوە رازیمان کرد، رۆژی مارەکردنیش سەمیرە هەر بە پێکەنین قسەی دەکرد وێنەشی گیراوە ئەو رۆژە چۆن بووە".

وەک غازی و نازەنین دەڵێن 33 رۆژ دوای منداڵ بوونەکە سەمیرە مارەکراوەو لەبەردەم مەلاش سێ جار لەسەر یەک سوێندی خواردووە لە بێنوێژی تەواو بووەو، رازییە مێرد بەو پیاوە بکات، دوای 3 رۆژ لە مارەکردنی لای مەلا لە دادگاش، مارە کراوەو، پاش 6 رۆژ لەمارەکردنی دادگا دەگوازرێتەوە. غازی گوتی "سەمیرە تەنیا بۆ مارە بەجاش مێردی کرد، تاوەکو بگەڕێتەوە لای مێردی یەکەمی، لەژێرەوە لەگەڵ یەکتر پێکهاتبوون".

غازی درێژەی بە قسەکانیداو گوتی "لە سێیەم رۆژی بوکێنی، سەمیرە موسێک لە شوێنی نەشتەرگەریەکەی دەدا، رەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن، لەوێوە دەچێتەوە لای مێردی یەکەمی، مێردی دووەمی هاتە لای من گوتی سەمیرە دەیەوێت فێڵم لێ بکات و هەڵبێت، بۆیە ناچار تەڵاقی دا".

هەر چەندە سەمیرە دەڵێت مێردەکەی بردوویەتی بۆ یەکێتی ئافرەتان، بەڵام دیسان غازی قسەی سەمیرەی رەتکردەوەو گوتی "سەمیرە هاتە لام و گوتی بەنیازم بە درۆ سکاڵا لەسەر براکانم تۆمار بکەم، منیش لەبەر ئەوەی سەمیرە ژنێکی سەر بە گیچەڵ بوو تەسلیمی یەکێتی ئافرەتانم کرد".

ئەوەی جێگەی دڵگرانی نازەنینە، 35رۆژە مێردەکەی گیراوەو نەیبینیوە، نازەنین دەیگووت "سێ هەفتەیە دەمەوێت سەر لە مێردەکەم بدەم، ناهێڵن بچمە لای مێردەکەم و مووچەکەشی بڕاوە، ئەوە دوو مانگە کرێی خانووم نەداوە".

مێردی یەکەمی سەمیرە، کە ئامادەنییە بچێتە بنکەی پۆلیس، وەک غازی دەڵێ، بۆیە پێشنیاز دەکات بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر هەموو لایەکانی کێشەکە بانگهێشت بکات و رووبەڕووی یەکیان بکاتەوە بۆ ئەوەی راستی رووداوەکە بزانن.



سەمیرە و سێ منداڵەکەی بەبێ کەسی لە سەنتەری نەوا لە هەولێر ژیان بەسەر دەبەن
(فۆتۆ:رووداو)

# کۆمەڵایەتی

## ساڵی تازە لەسلێمانی بە دۆزینەوە تەرم و خۆکوشتن دەستی پێکرد



ئازیز مەحمود -سلێمانی

◆ بەپێی ئامارێکی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لەشاری سلێمانی لەماوەی 14 ڕۆژی یەکەمی ئەم مانگەدا 38 تەرم ڕەوانەی پەیمانگای ناوبراو کراون، کە زۆربەیان بەهۆی سووتان و گوولله لێدان بووە. لەهەمان ئاماردا هاتووە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا 1712 تەرم ڕەوانەی ئەو پەیمانگایە کراون، لەساڵی 2007دا 922 تەرم و لەساڵی 2008یشدا 790 تەرم. بەپێی ئەو ئامارە زۆرترینی حاڵەتەکان بەهۆی سووتان، فیشەک، ڕووداوی هاتووچۆ بووە، تەمەنی تەرمەکانیش لەنێوان 15-44 ساڵیدایە.

### کۆنگرەی زانایانی جیهانی ئیسلامی لە قاهیرە بڕیاری داوە:

# تێکدانی کۆئەندامی زاوزێی ئافرەتان حەرامە



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو-هەولێر

"ئەو کچەی خەتەنە نەکرابێت نانی دەستی حەرامە"، ئەوە پاساوی زۆربەی ئەو کەسانەیە کە کچەکانیان خەتەنە دەکەن، بەڵام د.بەشیر خەلیل حەداد دەڵێت ئەو پاساوە هیچ بنەمایەکی ئاینی نییە "ئەگەر ژنێک خەتەنەی نەکردبێت، نانی دەستی حەڵاڵەو نوێژەکانیشی قبوڵە".



## هەتا ئێستا کەس حەدی نەبووە بێتە لای من داوای خەتەنەکردن بکات

د.عەتیە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون

خەتەنەکردنی کچان، بریتییە لەبڕینی قیتکەی کۆئەندامی زاوزێی کچان، کە بە ئامرازی جەستەیی لوتکەی چێژوەرگرتن دادەنرێ لەلای ئافرەتان لەکاتی جووتبوونیاندا.

خەتەنە زیاتر لە لادێ و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دا بەربڵاوە.

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کە لە 201 گوند و شارۆچکەی دهۆک و سلێمانی و هەولێرو ڕانیەو سۆران و بەشێک لە کەرکووک ئەنجامدراوە، لە ماوەی 2005-2007، دەرکەوتووە لەکۆی 5628 ئافرەت، 3502 کچ خەتەنە کراون واتە 62%ی کچانی لادێکانی کوردستان خەتەنە کراون. بەڵام شوان عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ ئەو ئەنجامە بە ئەنجامێکی نا باوەڕپێکراو دادەنێ و دەڵێ کەس بە وەزارەتەکەی ئەوانیشەوە، زانیاری تەواوی لەوبارەوە نییە.

لەبەر ئەوەی خەتەنە کردن زیاتر لەناو وڵاتانی موسڵمان بڵاوە، زۆرجار پەیوەست دەکرێتەوە بە ئایین، بەڵام د.بەشیر خەلیل حەداد مامۆستای زانکۆو وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات، ڕەتیکردەوە کارەکە پەیوەندی بەئاینەوە هەبێ و دەڵێت خەتەنەکردن چەندین سەدە بەر لەئیسلام هەبووە. ئەو قسەیەی مەلا بەشیر لەلایەن لێکۆڵینەوەکانی لەوبارەوە کراون، پشت ڕاستدەکرێتەوە، کە دیاردەکە لە ئەفریقیا سەری هەڵداوەو ئێستاش بەرادەی جیاواز لە وڵاتانی ئەو کیشوەرەدا پەیڕەو دەکرێ.

د.بەشیر باس لەتوێژەرێکی ئافرەت لە قاهیرە دەکات کە لە زانکۆیەکی ئەمریکییە، ناوی ماری ئەسعەدە "ئەو توێژەرە دەڵێت لە میسر موسڵمان و مەسیحییەکانیش ئەم کارە دەکەن، بۆیە هیچ بنەمایەکی ئاینی نییە".

دکتۆرە عەتییە حەمەسەعید، ڕاوێژکاری تەندروستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون، ئەو خەتەنەیەی لە کوردستان دەکرێت بە "زۆر ئاسایی" دانا لەچاو وڵاتانی ئەفریقاو دەڵێت "لە بەریتانیا بەچاوی خۆم ژنێکی ئەفریقیم بینی، هەر دوو لێوی ئەندامی زاوزێی دوو کونی تێکرابوو، تا پیاوەکان لە کاتی سەفەردا قوفڵی لێ بدەن".

لەماوەی ڕابردوودا ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمریکی ڕاپۆرتێکی مەیدانی لەسەر خەتەنەکردنی ژنان لە کوردستان بڵاوکردەوە، کە تێیدا بە وردی باسی حاڵەتێکی ئەو دیاردەیە لە دوزخورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین دەکات.دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە شاندێکی ئەمریکی هاتە کوردستان، کە یەکێک لە کارەکانی لێکۆڵینەوەبوو لەڕاستی ئەو ڕاپۆرتە. د.عەتییە پێیوایە ئەو بیانییانە بە هەڵە دێنە کوردستان گوایە پێداچوونەوە بۆ خەتەنەی کچان دەکەن "خەتەنە جۆری زۆرە، پلەی هەرە سووکی لە کوردستانە، لەسەردەمی فیرعەونەکان شفرەکان بەتەواوی لێدەکرانەوە".

پێغەمبەری ئیسلام لەچەند فەرموودەیەکدا باسی خەتەنە دەکات، بەڵام د.بەشیر پێیوایە هیچ لەو فەرموودانە بەشێوەیەکی ڕوون باسیان لەخەتەنەکردنی ژنان نەکردووە، جگە لە فەرموودەیەک نەبێت کە بە فەرموودەی (دایکی عەتییە) بەناوبانگە "ئەو کاتەی پێغەمبەر (د.خ) هات بۆ مەدینە، پیانگووت لە مەدینە ژنێک هەیە ژنان خەتەنە دەکات، پێغەمبەریش بەدوایدا ناردو پێیگوت زۆر کەم برینداری بکە، نەکەی بەتەواوی بیبڕی، چونکە مانەوەی ئەوە ڕووخسار جوان دەکات، بۆ مێردیش بەو شێوەیە خۆشەویستترە"، ئەو فەرموودەیەش زانایانی فەرموودە، جگە لەوەی ئیمامی موسلیم و بوخاری ڕیوایەتیان کردووە، ئەوانیتر بە لاوازی دادەنێن، لە فەرموودەکەشدا واتای واجبوونی خەتەنە نییە".

### 87%ی ژنانی کوردستان خەتەنەکراون

وەک دکتۆر عەتییە دەڵێت لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستان خەتەنەی کچان بەو شێوەیە نەبووەو ئێستا زیادی کردووە. ئەو بەپێی ئەو ڕاپرسییەی لە نۆرینگەکەی خۆی لە هەولێر لەناو ژنانی تەمەن 17-45 ساڵ دا ئەنجامیداوە، بۆی دەرکەوتووە "87%ان خەتەنە کراون، زۆربەشیان خەڵکی هەولێر، سلێمانی و کەرکووک بوون، بەڵام لەدهۆک حاڵەتەکە کەمترە".

زانایانی ئیسلام لەسەر خەتەنەکردنی کچان هاوڕا نین، د.بەشیر ئاماژەی بەوەدا کە زانایانی ئیسلام حوکمەکەیان نەبڕاندووەتەوە "بە کۆی دەنگی زانایان بە واجب و سونەتیان نەزانیووە، بەڵام هیچ لەو زانایانەش بە حەرامیان دانەناوە، بەڵکو ئەوەی کەمترین ڕای لەسەر بووە گوتویەتی موباحە و ڕێگە پێدراوە".

### تێکدانی کۆئەندامی زاوزێی ژنان حەرامە

لە 22-2006/11/23 کۆنگرەیەک لە زانکۆی ئەزهەر بەسترا بەناوی (کۆنگرەی زانایانی جیهانی ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەهێشتنی تێکدانی کۆئەندامی زاوزێی ئافرەتان)، ئەو کۆنگرەیەش دوای ئەوە هات کە کچێکی میسری بەهۆی خەتەنەکردنەوە گیانی لەدەستدا.

د.بەشیر باس لەو فتوایە دەکات کە لەبارەی خەتەنەوە لەو کۆنگرەیە دەرچوو، لە فتواکەدا هاتووە "هەر کارێک ببێتە هۆی تێکدان و شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت، پێچەوانەی بەها بەرزەکانی ئیسلامە، بۆیە بە تاوان دەژمێردرێت و سزای لەسەرەو حەرامە"، بەڵام د.بەشیر دەڵێت کۆک نەبوون لەسەر خەتەنەکردنی سووک کە پێغەمبەری ئیسلام ڕێگەی پێداوە، ئایا ئەوە تێکدانە یان نا، ئەوەیان بەجێهێشت بۆ پزیشکەکان.

دەقی هەڤپەیڤینەکەی د.بەشیر و د.عەتیە لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

یەکێک لە پاساوەکانی خەتەنەکردنی کچان، کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکسییە، بەڵام دکتۆر عەتییە ئاماژەی بەوەدا، خەتەنەی کچان هیچ کاریگەری لەسەر سێکس نییە، بەتایبەتی ئەگەر پیاوەکە لەگەڵ ژنەکەی ڕێکبێت، بەهێمنی لەگەڵی بجولێتەوە، تەنانەت دکتۆر عەتییە دەڵێت "من زۆر ژنی سودانیم بینیون، ئەو ژنە سودانیانەی خەتەنە کرابوون، لە هەموو ژنەکانی دیکەی سوودانی سێکسیترن، زۆر گەرمترن لە پەیوەندی لەگەڵ پیاوان، چونکە لاشەی کچان هەمووی ناسکە، هەستیارە".

خەتەنەکردن لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری زۆر لەسەر کچی خەتەنەکراو جێدەهێڵێت، وەک دکتۆرە عەتییە گوتی بەپێی ئەو ڕاپرسییەی لە ناو نۆرینگەکەی خۆی کردوویەتی 40%ی ئەو ژنانەی خەتەنە کراون ئاماژەیان بەوە داوە کە تا ئێستاش ڕووداوی خەتەنەکردنەکەیان لە بیر نەکردووە و، بەتایبەتیش ئەو کاتەی مێردەکانیان دەچنە لایان ئەو حاڵەتەیان بەبیردێتەوە.

لەبەر ئەوەی خەتەنەکردنی کچان بڕینی پارچە گۆشتێکە لە هەستیارترین شوێنی ئافرەت، بۆیە بەشێک لە پزیشکان بە مەترسی دادەنێن و بە هۆکارێکی لێکەوتنەوەی نەخۆشییەکانی دادەنێن، د.بەشیر ئاماژەی بەوەدا هەر شتێک لە ئیسلامدا دەقێکی ڕوونی لەسەر نەبێت، دەمێنێتەوە بۆ حوکمی ئەقڵ و زانست "هەرکاتێک ئەقڵ و زانست شتێکی پێ باش بێت قورئانیش دەڵێت باشە".

بەڵام د.بەشیر پێیوایە دکتۆرەکان هەموو ناڵێن خراپە، ناوی هەندێک دکتۆری بیانی هێنا کە قەدەخەیان نەکردووە، ئەگەر بەشێوەیەکی کەم بکرێت، بۆیە د.بەشیر دەڵێت دوو جۆر خەتەنە هەیە خەتەنەیەک کە هەموومان لەگەڵ ئەوەین نەکرێت "ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە بە تەواوی بڕا، منیش دەڵێم ئەوە حەرامە، چونکە ئەوە تێکدانی جەستەی ئافرەتە، بەڵام جۆری دووەمی خەتەنە ئەوەیە کە پێغەمبەر (د.خ) ڕێگەی پێداوە، کە زۆر کەم ببڕدرێت".

د.بەشیر نمونەی دکتۆرە عەتییە دەهێنێتەوە، کە بە یەکێک لە پزیشکە هەرە باشەکانی دادەنێت ودەڵێ "قسەم لەگەڵ دکتۆرە عەتییە کردووە، ئەو دکتۆرەیە دەڵێت هەیە تەمەنی 18ساڵە داوا دەکات خەتەنەی بۆ بکەم، بەڵام بەشێوەیەکی کەم، دەڵێت منیش دەیکەم، چونکە دەزانم بە کەمی سوودی هەیە".

بەڵام دکتۆر عەتییە ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی "هەتا ئێستا کەس حەدی نەبووە بێتە لای من داوای خەتەنە لە من بکات، چونکە دەزانن 50 ساڵە دژی خەتەنەکردنی کچان کارم کردووە".

### مامۆستایانی ئاینی دەبێ ڕوونی بکەنەوە

د.بەشیر، خەتەنەکردنی کچان بە چەند حاڵەتێکی کەم دادەنێت و باس لەوەدەکات کە نەیبیستووە خەڵک لەناو شاری هەولێر کردبێتی و بنەماڵەکەی خۆیشی نەیکردووە "بۆ کچی خۆم نەکردووە، خێزانم و دایکم و نەنکم و خزم و کەس و عەشیرەتم نەیانکردووە، نەمزانیووە خەڵک لەهەولێر کردبێتی، ڕەنگە لە دێهاتەکان کرابێت، ئەوەش وەک داب و نەریتێک ماوەتەوە، وایان زانیووە کە ئەوە نەریتێکی دینییە، بۆیە پێویستە مامۆستایانی ئاینی ڕوونی بکەنەوە، کە سوننەتکردنی کچان واجب و خواپەرستی نییە".



## بە کۆی دەنگی زانایانی ئیسلام خەتەنەکردن واجب و سوننەت نییە

د.بەشیر خەلیل حەداد،وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات

### ئەوانەی کچەکانیان خەتەنە دەکەن بایعیان ببڕن

د.بەشیر جگە لەوەی دەڵێت کە ئەو بابەتە لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوە،گومانیش لەو ڕێکخراوە بیانیانە دەکات کە ئەو بابەتە دەوروژێنن و دەڵێت "ئامانجی دیکە لە پشت ئەو مەسەلانە هەیە، نەک بەرژەوەندی کوردو مافی ئافرەت، یەک لە ئامانجەکانیان ناشرینکردنی ئاینی ئیسلامە".

دکتۆرە عەتییەش، ڕەخنە لە ڕاگەیاندن و پەرلەمان دەگرێت و پێیوایە کێشەی زۆر گەورەتر هەیە باس بکرێت "پەرلەمان بۆ باسی ئەوە ناکات ساڵانە چەندین دایک لەکاتی منداڵبوون دەمرن، دەیان منداڵ بەمردوویی لەدایک دەبن، زۆر عەیبە پەرلەمان باسی خەتەنە بکات".

بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی خەتەنەکردنی کچان دکتۆرە عەتییە بەپێویستی دەزانێت سزای دارایی بخرێتە سەر ئەو کەسانەی کچان خەتەنە دەکەن و، ڕوو لە حکومەت دەکا و دەڵێ "داوا لە حکومەت دەکەم هەر دایک و باوکێک کچەکانی خەتەنە کرد، پسولەی خۆراکیان ببڕن".



ژنێکی خەتەنەکار لە خورماتوو خۆی بۆ خەتەنەکردنی کچێکی حەوت ساڵان ئامادە دەکات (فۆتۆ:The Washington Post)

# هەرکییەکان داوای پیاوێکی خاوەن ژنی سوورچی ناکەن

## دەمەقاڵێیەکەی بەستۆرە کوشتنی عەزیزی لێکەوتەوە

ڕووداو-هەولێر

ئەو شەوەی سەباح بۆ زانینی کێشەی نێوان برادەرێکی خۆی لەگەڵ سورچییەکان دەچێتە ناو کێشەکەوە لەلایەن سێ کەسەوە لێی دەدرێت، سەلاحیش بە خەیاڵی تۆڵەکردنەوە دەخەوێت، بەیانی لەگەڵ دوو براو عەزیزی ئامۆزای لەسەر تۆڵەکردنەوەیان ڕێکدەکەون، بەڵام پلانەکە بە کوژرانی عەزیزی باوکی 8 منداڵ کۆتایی دێت.

ڕۆژی 2009/1/3 لە کۆمەڵگەی بەستۆڕەی سەر بەشاری هەولێر، دوو بنەماڵەی عەشیرەتی هەرکی و سورچی بەشەڕ هاتن، لە ئەنجامدا 3 کەس لە بنەماڵەی سورچییەکان بریندار بوون و، یەکێکیش لە هەرکییەکان بەناوی عەزیز موسا، تەمەن 38 ساڵ، کە خاوەنی چوار منداڵە کوژرا. هەروەها هاووڵاتییەکی بێ لایەنیش لە شەڕی نێوان هەردوولادا بریندار بوو.

لەسەر ئەو شەڕە، کە بووە هۆی تێکدانی باری ئاسایی کۆمەڵگەکە، 4 کەس لە بنەماڵە سورچییەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران.

کۆمەڵگەی بەستۆڕە نزیکەی 1400 ماڵی تێدایە، لەوانەش 400 ماڵیان لەعەشیرەتی هەرکین و 100 ماڵیشیان لەعەشیرەتی سورچین.

سەلاح شەهاب، کە ئامۆزای عەزیزی کوژراوە، سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکەی بۆ (ڕووداو) باسکردو گوتی سەرەتای کێشەکە لەنێوان هاوڕێیەکی سەباح و 3 کەسی سوورچیدا دروستبوو. سەلاح دەڵێ سەباح تەنیا ویستوویەتی بزانێت کێشەکە لەسەر چ بووە "سەباح نەیزانیوە کێشەکە لەسەر چ بووە، کە بەرەو ڕوویان چووە، سورچییەکان هەر بە مەخزەنی چەکەکانیان لە دەموچاویان داوەو برینداریان کردووە".

بەڵام بەپێی گێڕانەوەی جەعفەر عومەراغا، کە ئامۆزای ئەو کەسانەیە لەهاوڕێکەی سەباحیان داوە، سەباح میلی چەکی لێڕاکێشاون و ئەوانیش چەکیان کردووەو لێیانداوە "ئەوان ویستبوویان هەر بەو شەوە سکاڵا لەسەر سەباح تۆمار بکەن، بەڵام ئەفسەری بنکەی پۆلیس لەوێ نەبوو، بۆیە لەلای ئاسایش سکاڵایان تۆمار کرد".

سەلاح ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان هیچ کێشەیان لەگەڵ سورچییەکان نەبووە، هەر ئەو شەوەش پەیوەندییان بە عومەر سلێمانی مامی سۆران کردووە کە یەکێک بووە لەو 3 کەسەی لە سەباحیان داوە، بەڵام عومەر سلێمان، بەبیانووی ئەوەی قسەی لەگەڵ براکەی نییە تەدەخولی کێشەکەی نەکردووە.

ئەو شەوە سەلاح چەند کەسێک دەنێرێتە ماڵی حوسێنی باوکی سۆران، ئەوانیش دەڵێن بەیانی کێشەکەمان لەلای پۆلیس چارەسەر دەکەین، بۆیە سەلاح دەڵێت ئەو شەوە خزمەکانی ڕازی کردووە ئارام بگرن، تا بزانن کێشەکە لەسەر چییە، بۆ بەیانی کە سەلاح دەچێتە دەوام، وەک دەڵێت ویستویەتی کێشەکە زوو لەڕێگەی پۆلیسەوە چارەسەر بکات، بەڵام زۆری پێناچێت، گوێی لە دەنگی تەقە دەبێ و بەپەلە خۆی دەگەیێنێتە شوێنی ڕووداوەکە، دەبینێت سەفین و عەزیزی ئامۆزای و دوو لەسورچییەکان و هاووڵاتییەکیش بریندارن.

دوای 20خولەک عەزیز لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر گیان لەدەستدەدات، لە بنەماڵەی سورچییەکانیش، هەر یەک لەسۆران و حوسێنی باوکی و کەریمی مامی و هەڤاڵی خزمیان دەستگیر دەکرێن.

وەک جەعفەر ئاماژەی پێدا، ئەو بەیانییە سۆران و هەڤاڵ، ئەوانەی لە سەباحیانداوە ویستویانە سکاڵا لەلای پۆلیس تۆمار بکەن، بەڵام ئەفسەری پۆلیس لەوێ نەبووە، لەگەڕانەوەیاندا، بنەماڵەی هەرکییەکان بە سێ ئۆتۆمبێل هێرش دەکەنە سەریان. جەعفەرگوتی "هەرکییەکان لەشکرێکی زۆریان کۆ کردبووەوە، بەسەر ماڵی ئێمەدا بدەن، لە کاتێکدا لە سۆران و هەڤاڵ درابوو و، خەڵک هاتبوون بە مامیان گوتبوو کوڕەکانتان کوژران".

سەلاح ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو هێرشکردنە بەبەرنامە و بۆ تۆڵەکردنەوە بووبێت، بەڵکو گوتی شۆڕشی برای بۆ بەیانی کە دەچێتە دەرەوە، دەبینێت سۆران و هەڤاڵ، کە بە شەو لە سەباحیان دابوو، بەوێدا دەسوڕێنەوە، تەلەفۆن بۆ براو ئامۆزاکانی دەکات "سۆران دەمانچەی لەبەر پانتۆڵی نابوو، دوو برام و عەزیزی ئامۆزام بۆیان چووبوون، سۆران دەمانچەی لێ ڕاکێشابوون، ئەوانیش دەمانچەکەی لێ دەستێنن و زۆری لێدەدەن، لەو کاتەدا هەڤاڵ ڕادەکاتە ماڵی سۆران، کە نزیکەی 100مەتر دووربووە، بەباوکی دەڵێت کوڕەکەی تۆیان کوشت، باوکی بەچەکەوە دێتە دەرەوەو، دەبێتە شەڕە تەقە".

جگە لەوەی هەڤاڵ و سۆران بە سووکی بریندار دەبن، حوسێنیش کە دەچێتە هانای کوڕەکەی خۆیشی بریندار دەبێ. سەلاح باس لەوە دەکات لەو کاتەدا حوسێن و کەریمی برای حوسێن، بەسەر خانوو دەکەون "براکانم ویستوویانە شوێنەکە جێبێڵن، بەڵام حوسێن و کەریم تەقە لە عەزیز دەکەن و، دەیکوژن و، سەفینی براشم بریندار دەکەن".

بەڵام جەعفەر دیسان قسەی سەلاح ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ بنەماڵە هەرکییەکە هێرشیان کردووەتە سەر ماڵیان و مامەکانیشی تەنیا بۆ بەرگریکردن چەند فیشەکێکیان بە ئاسمانەوە ناوە. جەعفەر دەڵێ "لە ڕاپۆرتی پزیشکیش دیارە، عەزیز گوللەی لە دواوە پێکەوتووە، کەواتە گوللەی خۆیان بووە، بەپێی هەموو یاساو شەریعەتێکیش ئەگەر یەکێک هێرش بکاتە سەر ماڵت، تۆش مافت هەیە بەرگری لە خۆت بکەی".

بەڵام سەلاح دەڵێت هێرش نەکراوەتە سەر بنەماڵە سورچییەکە و، شەڕەکە تەنیا لەماڵی ئەوان نزیکبووە، تەنانەت دەڵێت ئەو خانووانەی حوسێن و کەریم تەقەیان لەسەر کردووە ماڵی هەرکی بوونە.

کێشەی ئەو دوو بنەماڵەیە تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، سەلاحیش چارەسەری کێشەکە بەزەحمەت دەزانێت، بەڵام هەردوو لا کە لایەنگری پارتین، چاوەڕێ دەکەن پارتی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات. هەروەک جەعفەر گوتی "پێیانگوتووین تا نەورۆز کێشەکەتان بۆ چارەسەر دەکەین".

سەلاح و جەعفەر جەختیانکردەوە کە پێشتر هەردوولایان هیچ کێشەیان لەگەڵ یەکتر نەبووە، بەڵام سەلاح گلەیی لەبنەماڵە سورچییەکە کرد، کە لەئاست کێشەکە کەمتەرخەم بوون "نەهاتن داوای لێبووردن بکەن تاوەکو کێشەکە گەورەتر نەبێ".

هاووڵاتییانی کۆمەڵگەکە کێشەی لەو جۆرە بە کێشەیەکی ئاسایی دەزانن و پێیانوایە شەڕێکی وا سادە نەدەبووایە بگاتە ئاستی خوێن ڕشتن.

وەک چارەسەرێکی سەرەتایی بۆ کێشەکە 6 ماڵ لە سورچییەکان کۆمەڵگەکەیان جێهێشتووەو، ئێستا لەگوندێکی نزیک هەریر هێزەکانی پێشمەرگە پارێزگاریان لێدەکەن. بەڵام سەلاح ڕەتیکردەوە فشاریان خستبێتە سەر سورچییەکان تا کۆمەڵگەکە جێبهێڵن، تەنانەت دەڵێت هەندێک لەوانەی باریان کردووە، ئەگەر بهاتنایە پرسەی عەزیز کەس لە گوڵ کاڵتری پێ نەدەگووتن "ئێمە کێشەمان لەگەڵ عەشیرەتی سورچی نییە، بەڵکو کێشەمان لەگەڵ چەند خێزانێکیان هەیە".

دەنگۆی ئەوە هەیە، کە ئەو بنەماڵە هەرکییە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو بنەماڵە سورچییە لە جیاتی خوێنی عەزیز، کەسێکی خاوەن ژن و منداڵی خۆیان تەسلیم بکەن تاوەکو ئەوانیش بیکوژنەوە. بەڵام سەلاح ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی "ئەوە ڕاست نییە و هەر دەنگۆیە". هەروەها بنەماڵە سورچییەکەش گوتی ئەوە درۆیە.

دەروێش ئاغا، بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ (ڕووداو) گوتی کێشەکە نەهاتووەتە لای ئەوان، مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی 16ی پارتیش کە کێشەکە لەسنووری ئەوان ڕوویداوە ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک لەو بارەوە بدەن.



عەزیز دوای کوژرانی 8 منداڵەکەی بێ باوک بەجێمان

# ئەمریکا لەشکر دەنێرێتە ئەفغانستان

**روودلو- ئەڵمانیا**

سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما، بەپێی ستراتیژێکی نوێ لە ئەفغانستان کار دەکات. بەپێی ئەو ستراتیژەشی لە لایەک هێزی زیاتر رەوانەی ئەفغانستان دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە هانی تالیبان دەدات بۆ چەک دانان و، هەروەها شەڕ لە دژی قاعیدە توندتر دەکات.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەتا هاوینی داهاتوو، 30 هەزار سەربازی دیکە رەوانەی ئەفغانستان دەکات . بەم جۆرە ژمارەی سەربازانی ئەمریکا لە ئەفغانستان دەبێتە دوو قات.

لە لایەکی دیکەوە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئەمریکا میکە موڵەنیش پشتگیریی لە ستراتیژی نوێ کرد و گوتی، ئەوان ژمارەی سەربازانیان زیاد دەکەن . موڵەن هەفتەی رابردوو لە سەردانی کابولی پایتەختدا لێدوانێکی دا، کە ئەوان لە بەهاردا دەست بە ناردنی یەکەی نوێ دەکەن.

سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباماش بەر لە هەڵبژاردن گوتبووی، رەوشی ئاسایش لە ئەفغانستان بەرەو خراپییە، لەبەر ئەوەش ئەوان ژمارەی هێزی خۆیان لەوێدا زیاد دەکەن.

فەرماندەی گشتیی میکە موڵەن لە کابول بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند، ئەوان پێشبینی دەکەن لە ساڵی ئایندەدا لە هەرێمی هیندیکیشدا رووداوی توند زیاتر ببن . جەنەراڵ موڵەن گوتی، ئەگەر یەکەی پشتیوانی بنێردرێنە ناوچەکە، ئەوە ئەوان هەوڵەکانیان لە دژی توندوتیژی زیاتر دەکەن . هەروەها موڵەن گوتی هێزی تالیبان چالاکتر بووە و، گرووپی چەکدار لە پاکستانیشەوە بەرەو ناوچەکە دەرباز دەبن.

هۆی ئەوە بە بۆچوونی ئەو جەنەراڵە ئەمریکییە، لاوازیی پەیوەندیی نێوان هێزی ئەفغانستان و پاکستانە . ئەو فەرماندە ئەمریکییە دەڵێ " لە پێناو ئاسایش و ئارامییەکی باشتر لە هەردوو دیوی سنووردا، دەبێ هەماهەنگی هەبێت".

وا چاوەڕوان دەکرا کە لە سەرەتای ئەمساڵ 20 هەزار سەرباز وەک هێزی پشتگیری بنێردرێنە ئەفغانستان. بەڵام هەموو لێدوانەکانی فەرماندەی گشتی میکە موڵەن کە باس لە ناردنی 30 هەزار سەرباز دەکەن، جاری یەکەمە پلانەکە بۆ رای گشتی ئاشکرا دەکرێ . ئێستا 31 هەزار سەربازی ئەمریکی لە ئەفغانستانن و، بە گوێرەی قسەی بەرپرسانی ئەمریکا لە نێوان 12 تا 18 مانگی داهاتوو 20 هەزاری دیکەش دەگەنە ئەفغانستان.

لە لایەکی دیکەوە ساڵی 2008 بۆ یەکە سەربازییە بیانییەکان لە ئەفغانستان ساڵێکی خراپ بوو. لەو هێرشانەی کە لەو ساڵەدا زیاد ببوون، 2800 سەربازی بیانی گیانیان لەدەستدا. زیاتر لە نیوەی کوژراوانیش ئەمریکی بوون.

لە لایەکی دیکەوە رۆژنامەی واشنتن پۆست، روونیکردەوە کە ئۆباما سەرباری ناردنی سوپا بۆ ئەفغانستان، بۆ ئێرانیش، کە هاوسنووری ئەفغانستانە، بە دوای چارەسەرییەکدا دەگەڕێت.

بە گوێرەی رۆژنامەکە، ئەگەر تالیبان دەست لە توندوتیژی هەڵگرێت و رێز لە دەستوور بگرێت، ئەوا ئۆباما پشتگیری لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان حکوومەتی کابول و تالیبان دەکات.

هەر لەو سەروبەندەدا تالیبانیش پەیامێکی بۆ ئۆباما نارد و داوای لێکرد گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەیدا بکات. تالیبان لە بەیاننامەیەکدا کە لە ئینتەرنێتدا بڵاوی کردەوە، داوای لە ئۆباما کرد، کە سوپای خۆی لە ئەفغانستان و عیراق بکێشێتەوە. بە بۆچوونی تالیبان "سەرکەوتنی ئۆباما پەیوەستە بە کۆتایی هێنانی شەڕی گەلی ئەفغانستان".

پەیامی ئۆباما دەربارەی خەبات دژ بە رێکخراوی قاعیدە، لەکاتی وتاری دەستبەکاربوونیدا لە رێوڕەسمی سوێندخواردن دا سەرنج راکێش بوو. ئۆباما بە شێوەیەکی ئاشکرا گوتی، کە ئەوان درێژە بە خەباتی دژ بە قاعیدە دەدەن. واشنتن پۆستیش بایەخی بە گوتەکانی راوێژکاری ئۆباما دا کە دەڵێ "قاعیدە دوژمنی ئێمەیە و ئامانجی سەرەکیشمان بن لادنە".


چەند سەربازێکی ئەمریکی لە ئەفغانستان (فۆتۆ:AFP)

# 22 زانیاری دەربارەی ئۆباما!

باراک حوسێن ئۆباما، کە لەساڵی 1961 لە ویلایەتی هاوای ئەمریکا لە دایکبووە، دایکی خەڵکی کانساسە و باوکی خەڵکی وڵاتی کینیایە . ئۆباما کە شەش زڕبرا و دوو زڕ خوشکی هەیە، دووکچی لە میشێلی خێزانی هەیە و، دەرچووی زانکۆی کۆلۆمبیا و کۆلیژی یاسای هارڤەردەو، لەساڵی 2004 بووە سیناتۆر .

ئۆباما لە 20ی ئەم مانگەدا وەک سەرۆکی ژمارە 44 و یەکەمین سەرۆکی رەش پێستی ئەمریکا سوێندی یاسایی بوونە سەرۆک کۆماری خوارد. ئەمەی خوارەوە هەندێ زانیاری تایبەتین دەربارەی خۆی و ئارەزووەکانی.

1 – باراک Barak بە زمانی سواپلی کینی واتە (نرخ).

2–هەموو کتێبەکانی هاری پۆتەرHarry Potterی خوێندوونەتەوە .

3–خوشترین خواردن لای ئەو ماکەرۆنییە بە رۆبیانەوە کە ژنەکەی میشێل Michelle لێی نابێت.

4–قدیلەی لە پشتەوەش دەبنەوە .

5–چەپەیە .

6 –جووتە دەستەوانەیەکی بۆکسێنی سووری هەیە کە ئیمزای محەممەدعەلی کلای لەسەرە .

7–زمانی ئیسپانی دەزانێت.

8–کاتێک لە ئەندەنوسیا لە دایکبووە گۆشتی سەگ و کرمی خواردووە .

9–خۆشترین خواردنەوە لای ئەو چای ساردە بە توی کێوی.

10–قاوە ناخواتەوەوە زۆر بەکەمی مەشروب دەخواتەوە .

11–لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا قەت سەیری کەناڵی بەناوبانگی ئەمریکی CNNی نەدەکرد، لە جیاتی ئەوە سەیری کەناڵێکی وەرزشی دەکرد .

12 –بەڵێنی بە ژنەکەی خۆی دابوو هەرکاتێک هەڵمەتی هەڵبژاردن تەواوبوو واز لە جگەرە کێشان دەهێنێت، بەڵام بەڵێنەکەی تا ئێستا بەجێنەگەیاندووە!

13–دەتوانێت 90کیلۆگرام بەرزبکاتەوە .

14–خۆشترین کتێب لا ئەو کتێبی" Moby Dick"ی نووسەر Herman Melville .

15–لە گەنجێتی خۆیدا مەریوانەو کۆکاینی تاقیکردووەتەوە .

16–ساڵی رابردوو بەخۆی و ژنەکەی نزیکەی چوار ملیۆن دۆلاریان قازانج کردووە، زۆربەی قازانجەکەشیان لە فرۆشتنی کتێبەکانیان دەستکەوتووە .

17–ئەو مێزەی لە کۆنگرێسی ئەمریکا بەکاری دەهێنا هەمان مێزە کە کاتی خۆی کنێدی بەکاری دەهێنا .

18 –خۆشترین فیلم لای ئەو (Casablanca)و (Gok boef) ن .

19 –هەموو کاتێک سیدییەکی مادۆناو بازنەیەکی دەستی یەکێک لە سەربازەکانی ئەمریکا کە لە عێراقە لە لایە .

20 –لاپتۆبێکی Apple بەکاردەهێنێت.

21 –ئۆتۆمبێلێکی جۆری Ford Escapeبەکار دەهێنێ .

22–لەسەر مێزی نووسینگەکەی پەیکەرێک هەیە کە دەستێکە بۆ سەرەوە و هێلکەیەکی لە ناودا هەڵگرتووە، ئەمەش سیمبوولی ژیانە لە لای کینییەکان.

**سەرچاوە: رۆژنامەی Aftonbladet**



گەنجێکی هیندستان پێیوایە بە هاتنەسەرکاری ئۆباما گۆڕانکاری دەستی پێکرد (فۆتۆ:AFP)

## کارەساتی سەدە .. نەبوونی ئاوی شیرین

# نزیکەی 300 ملیۆن کەس لە ئەفریکا لە بێئاوییدا دەژین

**سەید چیایی**
**روودلو- ئەڵمانیا**

کێشەی ئاو یەکێکە لە کێشە گەورەکانی جیهان، پێشبینی دەکرێ لە دواڕۆژدا ببێتە سەرچاوەی کێشەیەکی گەورە . دەستبڵاوی و بێ بەرنامەیی مرۆڤ سەبارەت بە مادده سرووشتییەکان، کاریگەریەکی خراپی کردووەتە سەر کەمبوونەوەی ئاو . بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان راگەیێندراون، لە دواڕۆژدا لانیکەم 2تا 7 ملیار مرۆڤ بێ ئاو دەمێننەوە . لە رۆژگاری ئەمڕۆدا نزیکەی 300 ملیۆن کەس لە ئەفریکا لە سنووری بێئاوی دا دەژین. یەکێک لە هۆکارەکانیش گەرمبوونی گەردوونە . بەگوێرەی ریتمی سروشت پێویستە لەنێو هەر 150 هەزار ساڵ تەنیا یەک پلەی گەرما زیادببێت، بەڵام لە ئەنجامی ئەو گازەی مرۆڤ فڕێیدەداتە ناو هەواوە لە هەر 150 ساڵ پلەیەکی گەرما زیاد دەبێت. ئەمەش لەلایەن پسپۆڕانەوە وەکو نیشانەیەکی مەترسیدار دەستنیشان دەکرێ.

بە گوێرەی ئامارە جیاوازەکان، ئەو نەخۆشییانەی لە ئەنجامی ئاوی پیس سەرهەڵدەدەن رۆژ انە دەبنە هۆی گیان لەدەستدانی سەدان کەس، کە زۆربەیان تەمەنیان لەخوار 5 ساڵەوەیە . لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو ساڵێک 100 ملیۆن مرۆڤ لە جیهان زیاد دەبن،ئاویش بەردەوام لە کەمبوونەوەدایە بەرامبەر زیادبوونی پێویستی مرۆڤ بە ئاو، ئەگەر گەرمبوونی گەردوون بەو شێوەیە بەردەوام بێت، لە ئێستاوە دیارە کە لەناوچوون چۆن دێتە کایەوە .

رێژەی ئاوی شیرین لە جیهان تادێت کەمتر دەبێت، یەکێک لەهۆکارەکانی ئەمەش بەکارهێنانی ئاوە بەرێژەیەکی زۆر لەلایەن مرۆڤ، رووبارەکانی جیهان 97% یان ئاویان سوێرە و، تەنیا 3%ی ئاوی شیرین دەستدەکەوێت. ئەو برە ئاوەی لە زێ، رووبار، ئەو شوێنانەی ئاوی لێ هەیە،لەسەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی کە بەهۆی هەڵم و باران پێکدێت بەشی هەموو کەس دەکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئاوی شیرین لە هەندێک دەڤەر زیاد دەبێت و لە هەندێکی دیکە تا دەچێت کەمدەبێت. لە بواری کشتوکاڵدا ئاو زیاد بەکار دەهێنرێت. هەرچەندە پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکان زەمینە بۆ مرۆڤ دەخولقێنن کە ئاوی سوێر بگۆڕێت بۆ ئاوی شیرین، بەڵام ئەمەش پرۆسەیەکی زۆر گرانە، بۆیەش چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە دواڕۆژدا ئاسان نییە .

پسپۆران ئاو وەکو "نەوتی سەدەی 21 " وەسف دەکەن، بەڵام بەرپرسانی بەرنامەی ژینگە لە نەتەوەیەکگرتووەکان رادەگەیێنن کە شەڕی ئاو دەستپێکردووە . بەهۆی وشکبوونی زەوییەوە، نارەوایی لەبەکارهێنانی ئاودا زیاتر دەبێت . هەرێمە کشتوکاڵییەکان لە ئەفریکا دوو لەسەر سێ، ئەوانەی ئاسیاش یەک لەسەر سێ لە ماوەی 20 ساڵدا رووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە. دواتر کەمبوونی ئاو کاریگەری لە خێزان دەکات . بەتایبەتی لە شوێنەکانی وەکو ئەفریکا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە هەر شوێنێکی دیکە کاریگەری گەرمبوونی گەردوون بەدیدەکرێت و، رۆژ بە رۆژ کێشەی ئاو ئاڵۆزتر دەبێت.

دەتوانرێ لە رێگای ترومپا نوێیەکان، ئاو لە ژێر زەوی دەربهێندرێ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوە تێچوونی زۆرە، ئەو شێوازە لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەژارەکان بەکار نایێت.

بە گوێرەی پێشبینییەکان شەڕی ئاو زیاتر لە ئەفریکا و رۆژهەڵاتی نێزیک دێتە ئاراوە، بەڵام ئەو کێشەیە گەیشتووەتە وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش. دێهاتەکانی باشووری ئیسپانیا ئاوی یەکتر دەدزن، لە ئەمەریکاش هەمان کێشە هەیە. کێشەی ئاو لە وڵاتانی پیشەسازی بە بۆڕی درێژ و ترومپای بەهێز چارەسەر دەکرێت. هەرچەندە ئاو هێندەی نەوت و فۆسفات بەکارنایێت، بەڵام بەهەموو شێوەیەک هەست بەکەمبوونی دەکرێت.

لە ئەمریکای باکوور، کە دارستانی زۆری لێیە هەر مرۆڤێک 500 لیترە ئاوی بەردەکەوێت، بەڵام ئەو رێژەیە لە باشوور زۆر کەمترە. گەشتیارەکان دەتوانن لەناو حەوزی هۆتێلی دوورگەکان مەلەوانی بکەن، بەڵام ئەمە لەمەولا بەش ناکات. پسپۆرانی ئاو وەهەوا رادەگەیێنن کە لە ئەورووپاش رادەی باران بارین گۆڕینی تێکەوتووە.

قەیرانی ئاو، چەندان جار لە مێژوو روویانداوە، بەڵام ئەو قەیرانە تەنیا لە هەندێ شوێندا سنووردار بووە. ئەمە ئێستا دەبێتە قۆناخێکی قەیرانی گەردوونی. هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە، کشتوکاڵی پێشکەوتوو، شێوەی ژیانی نوێی رۆژئاوا، ناوەندبوون، بە شاربوون و زۆر بەکارهێنان، تا دەچێت هاوسەنگییە ژینگەیی و ئیکۆلۆژیەکان تێکدەدات. بەرفراوانبوونی ئەرۆزیۆن لە هەرلایەکی جیهان لە ئەنجامی ئەوە دێتە کایەوە.

وشکبوونی خاک لە ساڵانی 1990 گەیشتە 3440 کیلۆمەتر، کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی حەفتاکان دوو ئەوەندە زیاتر بوو. بە گوێرەی وتەی پسپۆران ئەگەر سەرچاوەکانی وزە لە جیهان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێن، مرۆڤ دەتوانێت رێ لە خراپبوون وتێکچوونی ژینگە بگرێت. یەکێک لەهۆکارەکانی کەمبوونی ئاویش ئەو مادده ژەهراویانەن کە دەکەونە ناو ئاو. بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە خاوەن ئاوێکی زۆرن و کشتوکاڵێکی زۆریان لێدەکرێت.

بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوی تییرفەند، لە ساڵی 2050، بیابانبوونی زەوی پێنج ئەوەندەی ئێستا زیاد دەکات، کە ئەوەش 2%ی خاکی هەموو جیهان پێکدێنێ . هەروەها نەبوونی ئاو دەرگا لە کۆچکردن دەکاتەوەو سەرلەنوێ رێژەکەی زیاتر دەکات. ئەگەر بەر لە گۆڕین وتێکچوونی ئاووهەوا نەگیرێت، ئەو رێژەیە لەساڵی 2050 لەوانەیە بگاتە 10 ئەوەندە و بەملیۆنان کەس لە ئەفریکا لە ئەنجامی وشکە ساڵی زیاتر بێ ئاودەبن و وڵاتەکانیان بەجێ دێڵن و کۆچ دەکەن. بە گوزارەیەکی تر وشکە ساڵی و بێئاوی دەستەواژەی " پەنابەری ئاووهەوا" دەخاتە ناو ئەدەبیاتی کۆچکردن. لەساڵی 2050 مرۆڤ لە جیاتی ئەوەی لەبەر شەڕو رژێمە چەوسێنەرەکان و بێپارەیی کۆچبکات، لەبەر بێئاوی و وشکە ساڵی کۆچ دەکات .



# ژنانی چین داوای لە منداڵێک زیاتر دەکەن



**روودلو-ئاژانسەکان**

بەرپرسانی چین رایانگەیاند ژنانی چین داوا دەکەن رێگەیان پێبدرێ زیاتر لە منداڵێکیان ببێت، ئەوەش لە راپرسییەکدا دەرکەوت کە 83%ی دایکانی چینی دەیانەوێ کوڕێک و کچێکیان هەبێت .

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە بەرپرسانی پلاندانەرانی خێزانی لەچین ئەنجامیان داوە، 70% ژنانی چین لە دوو یان زیاتر منداڵێک دەخوازن . لە چین ئەو ژن و پیاوانەی پابەند نابن بە سیاسەتی یەک منداڵییەوە، رووبەڕووی سزای پارەدان دەبنەوە. بەرپرسانی چینی دەڵێن سیاسەتی یەک منداڵی کە تاوەکو ئێستا نەرم نەکراوە، رێی لە زیادبوونی ئەو کۆمەڵگە ملیۆنییە گرتووەو هاوکاری دەوڵەمەندبوونی مرۆڤەکانی کردووە.

بەپێی راپرسییەک کە لە ساڵی 2006 لە وڵاتی چین، سەبارەت بە مەسەلەی دیاریکردنی منداڵبوون ئەنجامدراوەو، ئەنجامەکانی ئێستا لەلایەن China Daily ئاشکرا دەکرێ، زۆربەی خێزانەکان داوادەکەن بەلای کەمییەوە ببنە خاوەنی کوڕ و کچێک.

ژان فان وەزیری نەخشەکێشانی نیشتمانی چین گوتی، هەندێک لە دایکان دەڵێن یەک منداڵی تاقانە، بووەتە هۆی ئەوەی بەناز گەورە ببن، کەچی لە ژیان دا رووبەڕووی کێشە دەبنەوە.

یەکێتی منداڵانی خێزانە چینییەکان دەڵێت لەبەر ئەو خۆشەویستی و گرنگیدانەی بە هۆی تاقانەبوونەوە بە منداڵانی چین دەدرێ، لە چین بە منداڵان دەڵێن" ئیمپڕاتۆرە بچووکەکان".

چین کە خاوەن زۆرترین ژمارەی دانیشتووانە، ژمارەی دانیشتووانی 1 ملیار و 300 ملیۆن کەسە. سیاسەتی یەک منداڵی، لەساڵی 1970ەوە لە چین پەیڕەو دەکرێ و بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دەربارەی ژمارەی دانیشتووان لەو وڵاتە ئەنجامدراوە، لە ساڵی 2009 ژمارەی دانیشتووان وەکو خۆی واتە بە 1 ملیار و 360 ملیۆن کەس دەمێنێتەوە، کە ئەمەش ئامانجی دەوڵەتی چینە.



# گەنجانی سلێمانی چاوەڕێی ڤالانتاین دەکەن

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

کارزان هەموو هەستەکانی دەخاتە سەر هەڵبژاردنی جوانترین گوڵ بۆ رۆژی 2/14 تاوەکو پێشکێشی خۆشەویستەکەی بکات " هەرچەندە هەموو رۆژێک بۆ من چواردەی دووە، بەڵام ئەو رۆژە تایبەتییە". ڤالانتاین بۆ کارزان تەنها رۆژی گوڵ و خۆشەویستی نییە، چونکە ئەو لە 2008/2/14دا بوێرییەکی گەورەشی دایە بەر خۆی تا ئەو دیوارە بڕوخێنێت کە دەست و پێی بەستبوو "بۆ یەکەمین جار پێمگوت خۆشم دەوێی و گوڵێکی سووریشم پێشکێش کرد ".

ئیدی ڤالانتاینی ئەمساڵ بۆ کارزان بەدەر لە رۆژی خۆشەویستی، رۆژی دەستپێکی ساڵنامەی ئەڤینداریشیەتی.

هەر لە ئێستاوە گەنجانی سلێمانی چاوەڕێی رۆژی گوڵ دەکەن و لەو رۆژەدا، گوڵی سوور دەبێتە ئامرازی پەیوەندی نێوان ئەو کوڕو کچانەی بۆ پیرۆزباییکردن لەیەکتر پێکدەگەن و گوڵفرۆشێکیش لەو شارە دەڵێ "پێشبینی دەکەم ئەمساڵ 50 هەزار گوڵ بەهۆی رۆژی ڤالانتاینەوە بفرۆشم ".



جەمشیدی گوڵ محەممەدی، کە خۆی و تەواوی خێزانەکەی ژیان لەگەڵ گوڵی سروشتی بەسەر دەبەن، هەر لەئێستاوە دەیەوێت دوکانەکەی بخاتە ژێر گوڵی تارانەوە تا بیفرۆشێتە عاشقانی سلێمانی. جەمشیدی دەڵێ، ئەو یەکەمین کەس بووە گوڵی سروشتی هێناوەتە سلێمانی و دەیەوێت بەم کارە نێوانی خەڵک و گوڵی نایلۆن تێکبدات.

ئەو گوڵفرۆشە هەر لە ئێستاوە لە ئامادەکاریدایە بۆ رۆژ ی ڤالانتاین. جەمشیدی گوتی "ڤالانتاینی ساڵی رابردوو، گەنجان لەبەردەم دوکانەکەمدا سەرەیان گرتبوو بۆ کڕینی گوڵ، زیاتر لە 9 هەزار چڵ گوڵی سورم فرۆشت". بەو پێیەی ئێستا زۆربەی گوڵ فرۆشەکانی شاری سلێمانی لای ئەو گوڵ دەکڕن، گوڵ محەممەدی پێیوایە ئەمساڵ زۆر زیاتر دەفرۆشێت.

سلێمانی شارێکە، گەنج بەئاسانترین شێوە کەلتور و کۆمەڵگە بۆ گەمەکردن لەگەڵ خەونەکانی بێدەنگ دەکات. هەر بۆیە گەنجانی سلێمانی شانبەشانی مۆدێل و بۆنە جیهانییەکان هەنگاو دەنێن و، لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێکە کورد جەژنی ڤالانتاینی ناسیوە. توێژەرێکی دەروونی دەڵێ، لەکاتی گفتوگۆکردنمان لەگەڵ کوڕان وکچان بۆمان دەرکەوتووە کە چەند بایەخ بەو رۆژە دەدەن.

بانو نەوزاد، 19ساڵ، هەرچەندە متمانەی بەکوڕ نەماوەو دڵی بەرۆژی ڤالانتاین خۆش نییە. کەچی ئامادەیە لەڤالانتایندا جلی سور لەبەر بکات. بانو هەرچەندە بەنیاز بووە لەڤالانتاین گوڵی سوور پێشکەشی کەسێک بکات، بەڵام پەشیمان بووەتەوە، " لەبەر ئەوە ئەو رۆژە بۆمن زۆر ناخۆشە".

رۆژی خۆشەویستی لەلای هەندێک لە گەنجان شاییە و لای هەندێکیشیان شینە. دیاکۆ محەممەد، 23ساڵ، ماوەی سێ ساڵە، لەرۆژی ڤالانتاین خۆشەویستەکەی بە گوڵێکی سوور بەسەردەکاتەوە، ئەودەڵێ "لەڤالانتایندا زۆر کچ و کوڕ تەسفیەی خۆشەویستی نێوان خۆیان دەکەن و پەیمان نوێ دەکەنەوە"، بەڵام شاتو محەممەد، 22ساڵ لەکۆلێژی شەریعەی زانکۆی سلێمانی، نەگوڵ بۆکەس دەنێرێت و نە پیرۆزبایش لەکەس دەکات "تەنانەت ناچمە هیچ شوێنێکیش و پێی دڵ خۆش نابم ".

بەرای توێژەرانی دەروونی گەنجانی کورد تا ئێستا بە تەواوی لەمانای خۆشەویستی نەگەیشتوون. نێرگز حەمە سور، توێژەری دەروونی، دەڵێ "لەرووی دەروونییەوە خۆشەویستی زۆر گرنگە بۆ رۆحی ئینسان ئەگەر لێی تێبگەن". ئەو توێژەرە دەروونییە لەوە نیگەرانە، کە گەنجان زۆربەکەمی لەمانای راستەقینەی خۆشەویستی تێدەگەن و ئەوەش بەگرفت دەزانێ "تەنانەت زۆر لەوانەش کە لەرێگەی خۆشەویستییەوە شوو بەیەکتر دەکەن، لەکاتی ژن و مێردایەتیدا گوڵ نادەنە یەک و پیرۆزبایی لەیەک ناکەن". نێرگز حەمە سور بەپێکەنینەوەش دەڵێ "خەڵکم بینیوە لەڤالانتایندا گوڵی داوەتە دوو کەس، کە ئەمەش بۆ خۆی تێنەگەشتنە لەخۆشەویستی و ڤالانتاین تەنها رۆژی ئەوانەیە کەبەراستی یەکتریان خۆشدەوێت".

ئەو توێژەرە دەروونییە، کە زۆربەی کات گوێ لەگرفتەکانی گەنجان دەگرێ بۆی روون بووەتەوە کە گەنج چەندە گرنگی بەو رۆژە دەدەن. نێرگزگوتی "قسەم لەگەڵ ئەو گەنجانە کردووە کە کێشەیان لەگەڵ خۆشەویستەکەیان هەبووە، پێیانگوتوم ئەگەر خۆشەویستەکەم منی لەبیر بووایە رۆژی ڤالانتاین گوڵی سووری بۆ دەهێنام".

بەلای بژار شەهابی کۆمەڵناسەوە، کەلتوری کوردی زۆر ئامادەیە بۆ وەرگرتنی کولتوری دەرەوەی خۆی و هەر لەچوارچێوەی ئەو باوەڕەشەوە پێیوایە میدیاکان کاریگەریان لەسەر بەجەژن بوونی ڤالانتاین هەیە لەنێو گەنجانی کورد دا "نابێت گەنجان 2/14 بەتاکە رۆژی خۆشەویستی بزانن، بەڵکو دەبێت لەو رۆژەدا پەیمانی خۆشەویستی بۆ یەک نوێ بکەنەوە". بژار گوتیشی "هەستدەکەم کە گەنج ئەو رۆژە بە جەژنی خۆی دەزانێ".

تا ئێستا گەنجانی کورد بە تەواوی لەگەڵ گوڵی سروشتی رانەهاتوون، بەشێک لە گەنجان ئێستاش گوڵی نایلۆن بۆ خۆشەویستەکانیان دەبەن. غازی محەممەد، 43 ساڵ، کە دوکانی گوڵ فرۆشتنی هەیە لەوە نیگەرانە کە عاشقان گوڵی نایلۆن بدەنە دەستی یەکتری "لەڤالانتایندا کڕیاری گوڵی سورمان زۆرە، بەڵام هێشتا جێگەی دڵخۆشی نییە، چونکە زۆربەیان گوڵی نایلۆن دەکڕن".



## گەنجان لەخۆشەویستی هەرەس دێنن

# بۆ کوڕان ئەزموونە و بۆ کچان شکست

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-هەولێر**

سێ مانگ لەمەو بەر، لاوەندی تەمەن 20ساڵ، وەک نیاز پاکی دەچێتە داخوازی ئەو کچەی دووساڵە خۆشیدەوێت، بەڵام باوکی کچەکە بەهیچ شێوەیەک رازی نابێت کچەکەی بداتێ. ئەمە وا لە لاوەند دەکات بڕیاری سەر هەڵگرتن بدات "چوومە کرماشان، خۆشەویستەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی وەرەوە، هەتا مردن بێ یەکتر



ژیانی هاوسەرگیری پێکناهێنین، ئەگەر ئەو قسەکەی خۆی بباتە سەر، من بەڵێن ناشکێنم".

خۆشەویستی یاخود دڵداری، پەیوەندییەکی سۆزدارییە، لەنێوان کوڕو کچاندا، ئەو پەیوەندییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، رێگری زۆربووە لەبەر ئەوەش چیرۆکی وەک مەم و زین و خەج و سیامەند زۆرن لە مێژووی کوردی دا، ئێستاش دەیان لەو چیرۆکانە بە پەنهانی دەمێننەوە.

د. سەباح ئەحمەد، مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین، هۆکاری هەرەسهێنانی خۆشەویستی گەنجان بۆ ئەو هەست و سۆزە دەگەڕێنێتەوە کە گەنجان لە تەمەنی هەرزەکاریدا بەرانبەر بەیەکتر هەیانە "ئەو خۆشەویستییە بە سۆز دروستدەکرێ، بەڵام کە دواتر ئەقڵ بڕیار دەدات، ئەو کەسەم خۆشدەوێت، لێردا بە دوای تاکێک دەگەڕێت کە بۆ هەمیشەیی لەگەڵیدا بژێت، ئەوەی دیکە جێدەهێڵێت".

ئەو کۆمەڵناسە ئاماژەی بەوەدا سۆز وادەکات، گەنجێک چەند کەسێک هەڵبژێرێت، بەڵام دواجار ناتوانێت هیچیان بخوازێت " هەموو جار کە دەگاتە قۆناخێک سەیر دەکات ئەو دەرامەتە ئابورییەی نییە، کە ژن بێنێت، ناچار واز لەکچەکە دێنێت، کچەکەش هەست

## کوڕان زووتر دەگەنە قۆناخی عەقلانی بەڵام کچ تا شوو نەکات ناگاتە ئەو قۆناخە

د.سەباح ئەحمەد، پسپۆری کۆمەڵناسی

بەوە دەکات کوڕەکە ناتوانێت بیخوازێت، ئەو قۆناخە بەلای کوڕەوە زووتر دەگاتە حالەتی ئەقلانی، بەڵام کچ تا شوو نەکات ناگاتە ئەو قۆناخە".

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بە یەکنەگەیشتنی خۆشەویستەکان، رێگرییە خێزانییەکانن، بەتایبەتیش بەهۆی جیاوازییە خێزانیەکانی نێوان خێزانی کوڕو کچەکە .بەڵام د. سەباح دەڵێت کێشەی جیاوازی چینایەتی کەم بووەتەوە، بەڵام باس لەوە دەکات ئەگەر هەموو خۆشەویستییەک کۆتاییەکەی هاوسەرگیری بێت "ئێستا ژمارەی خێزانەکان لە کوردستان دەگەیشتە ملیۆنان".

بە پێچەوانەی ئەوانەی لە دڵەوە یەکتریان خۆشدەوێت، هێرش سەعید، 21ساڵ، دەڵێت هەر بۆ رابواردن پەیوەندی لەگەڵ دوو کچدا هەبووەو پێشتر یش پێگوتبوون و ئەوانیش قبوڵیان بووە " بەراستگۆیی بەکچەکانم دەگوت ناتوانم کچێک بێنم پێشتر پەیوەندیم لەگەڵ هەبووبێت، بەڵام دواتر بەیەکجاری وازم لەخۆشەویستی کچان هێنا، ترسام ئابڕووم پێوە بچێت".

د. سەباح لەو بڕوایەدایە، جاران خۆشەویستی هێندەی ئێستا رووبەڕووی هەرەسهێنان نەدەبووەوە، چونکە کوڕەکە بەڕاستی کچەکەی خۆشدەویست و دەبووە دێوانەی، هەتا پێیدەگەیشت، یاخود دەگەیشتە حالەتێکی وەفاداری وەک لەیلا و مەجنون "بەڵام خۆشەویستی ئێستا سووکترە، لەبەر ئەوەی کچ زۆرترن و دەرفەتی چوونە دەرەوەش بۆ کچان زیاتربووە".

ئەگەر جاران، مەجنوون بێ لەیلا، دێوانەی چۆڵ و بیابان بووبێت، ئەوا ئێستاش بە دەیان کوڕو کچی کوردستان، لەو کاتەی ناگەنە خۆشەویستەکەیان، بڕیاری مەرگ دەدەن، ئەوە لەکاتێکدایە، زۆربەی بەتەمەنەکان بڕوایان بە خۆشەویستی ئەم سەردەمە نییەو بە بێ بنەمای دادەنێن.

هەژار شاکر و خۆشەویستەکەی مانگێک لەمەو بەر لەهەولێر، کە زانیان ناهێڵن بەیەک بگەن هەردووکیان خۆیان دەرمان خوارد کرد، بەڵام تەنیا کچەکە گیانی لەدەستدا، بەهەمان شێوە لەحاجیاوا، ئەیوب پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ سازگار دروستدەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەیوب خێزاندار بووە، ئامادە نەبوونە سازگاری پێبدەن، بۆیە ئەیوب خۆی دەکوژێت و دوای چەند رۆژ سازگاریش بە شەش گوللە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

کۆسپ دروستکردنی دایکان و باوکان لە بەیەکگەیشتنی کوڕ و کچانیان لەگەڵ خۆشەویستەکانیان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەرەسهێنانی ئەو پەیوەندییانەیە، بەتایبەتی بۆ کچان.

هەروەک ئەو پسپۆرەی کۆمەڵناسی ئاماژەی پێدا، ئەگەر خۆشەویستی ئاشکرا بێت و نەگەنە یەک دەبێتە سووکایەتییەک بۆ کچەکە، بەڵام بۆ کوڕەکە ئاساییە و گوتیشی "بۆ کوڕەکە دەڵێن دەبێتە تەجرەبە بۆی، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کوڕان کچە خاوەن پەیوەندییەکە نەخوازن، بەڵام هیچ کێشەیەک بۆ کوڕەکە دروست ناکات".

جگە لەوانەی لە خۆشەویستی هەرەسدێنن، بەشێک لەگەنجان ناوێرن ئەو خۆشەویستەی نێو دڵیان بەرامبەر بە یەکتر دەربڕن، بەتایبەت بۆ کچان ئەوە لەلای هەندێ کەس بەکەمکردنەوە لە رەوشتیان دادەنرێ، بەڵام زۆرجار کوڕانیش ئەو ترسەیان لەدڵدایە.

سەرکەوت 23ساڵ، دەرچووی زانکۆی سەلاحەدینە، دوو ساڵ کچێکی هاوپۆلی خۆی خۆشویستووە، بەڵام هەرگیز نەیوێرا ئەو خۆشەویستییەی خۆی پێ رابگەیێنێ، تا لەبەر چاوی سەرکەوت مارەکرا "رەنگە لەبەر ئەوە ترسابم، نەوەک رازی نەبێت".

د.سەباح ئەحمەد، مامۆستای کۆمەڵناسی لە هەمان زانکۆکەی سەرکەوت داوا لەکوڕان دەکات خۆشەویستی بەدروشمی ژیانێکی بەختەوەر بۆ هەردوولا بکەن " پێویستە کوڕەکە بزانێت ئەو کچەش باوک و برای هەیە".



# چوار پرسیارە یان زیاترن؟

**وەزارەتی وەرزش ولاوان: وەڵامی هەموو پرسیارەکانی پەرلەمانمان داوەتەوە**

**سێ ئەندامی پەرلەمان: هێشتا وەڵامی چوار پرسیارمان بەدەست نەگەیشتووە**

**رووداو-هەولێر**

چەند ئەندامێکی پەرلەمان دەڵێن هێشتا وەڵامی چوار پرسیاریان لە کۆی هەشت پرسیار کە ئاراستەی پەرلەمانیان کردبوون وەرنەگرتوون، بەڵام وەزارەتی وەرزش لاوان دەڵێ ئەوان وەڵامی چوار پرسیارەکەی یەکەمجار بۆیان هاتوون و ئەو چوار پرسیارەی دیکەش کە دواتر ئاراستەیان کراون وەڵامدانەوتەوە، بەڵام وەڵامی چوار پرسیارەکەی دواییان لە راگەیاندن دا بڵاونەکردوونەتەوە .

دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر بڵاوکردنەوەیان، رۆژی 2008/1/19، وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە راگەیاندنێکدا وەڵامی چوار پرسیاری پەرلەمانتارانی ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستانی بڵاوکردەوە کە پێشتر بۆ پەرلەمانیان ناردبوون، بەڵام چەند ئەندامێکی پەرلەمان دەڵێن ئەوان چەند پرسیارێکی دیکەشیان ئاراستەی وەزیری وەرزش و لاوان کردبوو، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارانەیان پێنەگەیشتووە.

ئارێز عەبدوڵڵا،سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند، پاش پشووی زستانەی پەرلەمان، وەزیری وەرزش و لاوان بانگهێشت دەکات بۆ پەرلەمان، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ژمارەیەک پەرلەمانتار ئاراستەیان کردبوو و هەندێکیان وەڵام دراونەتەوە و هەندێکیشیان وەڵام نەدراونەتەوە .

تەها بەرواری،وەزیری وەرزش و لاوان لە راگەیێندراوی وەزارەتەکەیدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بە پرسیاری پەرلەمانتاران و بەکارێکی باشی زانیوە کە پەرلەمان بەدواداچوون دەکات و ئامادەیی خۆشی دەربڕیوە بۆ ئەوەی بچێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ روونکردنەوەی وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمان.

خەمان زرار، ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی وەزارەتی وەرزش و لاوان وەڵامی دوو پرسیارەکەی نەداوەتەوە .

خەمان زرار، دەڵێت " دوو پرسیارم ئاراستەی وەزارەتی وەرزش و لاوان کردووە، یەکەمیان ئەوەیە کە فەرمانبەرێک هەیە لەوەزارەت بەناوی ئاسۆس، کەسێکی دیارە، بەڵام روون نییە کاری ئەو فەرمانبەرە چییە و بەچ پێویستییەک لەو جێگەیەدا دامەزراوەو دەرماڵەکەی چەندە؟، داوامان کردووە لە رووی یاساییەوە پۆستی ئەو فەرمانبەرە روون بکرێتەوە".

پرسیاری دووەمی خەمان زرار، پەیوەندی بەو کەرەستانەوە هەیە کە کۆرییەکان داویانەتە وەزارەتی وەرزش و لاوان"باس دەکرێت و چەند جارێکیش کەوتووەتە بەرچاومان کە کۆرییەکان هەندێک کەلوپەلیان داوەتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، داوام کردووە ئەگەر راستە پێمان بڵێت کەلوپەلەکان چی بوون و چییان بەسەر هاتووە".

جگە لەخەمان زرار، تاڤگە محەممەدی ئەندامی هەمان لیژنە، دوو پرسیاری ئاراستەی وەزیری وەرزش و لاوان کردووە، بەڵام وەک خۆی وتی وەڵامی پرسیارەکەی ئەویش نەدراوەتەوە، ئەو پرسیارەش کە وەڵامنەدراوەتەوە بریتی بووە لەوەی کە وەزارەت لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا چەند چالاکی لەدەرەوەی وڵات ئەنجامداوە؟ جۆری چالاکییەکان چ بوونە؟ تێچوویان چەند بووە؟

هەرچەندە سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمان پێداگیری دەکات کە وەزارەت لەهەشت پرسیار تەنیا وەڵامی چوار پرسیاری داوەتەوە، بەڵام ئەمیر حاجی داود، بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان بە (رووداو)ی راگەیاند "هەفتەی رابردوو ئێمە چوار پرسیارەکەمان وەڵامدایەوە، پاشان چوار پرسیاری دیکەشیان بۆ ناردووین و وەڵامی ئەوانیشمان داوەتەوەو وەڵامەکانمان بۆ ناردوونەتەوە، بەڵام ئەوەمان لە راگەیاندن دا بڵاو نەکردوونەتەوە".

هەرچەندە گەنجان بەپێویستی دەزانن، پەرلەمان چاودێری کارەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان بکات، بەڵام رەخنەیان لە وەزارەت و پەرلەمانیش هەیەو پێیان وانییە توانیبێتیان کار بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان بکەن، بەتایبەتیش گەنجان .

دیار رەفیق، 23 ساڵ، دانیشتوی هەولێر، دەڵێت "پێم باشە پەرلەمان چاودێری حکومەت بکات، بەڵام نازانم وەزارەتی وەرزش ولاوان لەکوێیەو چ کارێکی باشیشی کردووە بۆگەنج، ناشزانم ئەو خزمەتە گەورە چییە کە پەرلەمانتاران لەبری ئەو موچە زۆرەی وەری دەگرن بۆ خەڵکیان کردووە".

جەمال قاسم، جێگری سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان، رەتیکردەوە کە بڕیاریان دابێت، وەزیری وەرزش و لاوان بانگ بکەنە پەرلەمان "ئەو پرسیار و وەڵامانەی کە دەدرێتەوە لەپاش پشووی پەرلەمان گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، ئەگەر رازیبین بەوەڵامەکان، ئەوە رازی دەبین و ئەگەریش نا، ئەوکات بانگی دەکەین تاوەکو وردەکاری زیاترمان پێبدات".

پەرلەمان کە لە رۆژی (2008/12/28) وەڵامی چوار پرسیاری یەکەمی پێگەیشتبوو و، لەرۆژی 2009/1/19 لە دەزگاکانی راگەیاندن دا بڵاوکرانەوە .

جەمال قاسم دەڵێت " لەوانەیە خۆمان وەڵامی پرسیارەکانمان زانیبێ، بەڵام وەکو پرسیارێک کراون، بۆ ئەوەی ئەنجامی راستییەکان لەلای ئێمە دەربکەون ".

rudaw@rudaw.net

## وەڵامێک بۆ ڕۆژنامەی (ڕووداو)

# وەزارەتی خوێندنی باڵا بەدواداچوون دەکات نەک شەڕی سارد

لە ژمارە (40)ی ڕۆژی 2009/1/19 لە لاپەڕە (7)ی ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا بە مانشێتێکی لەزیادە بەدەر (بایەخ)پێدراو، بابەتێک بڵاوکراوەتەوە کە جێی ئەوەیە بیرۆکەی (شەڕەنگێزی وفیتنەکاری) لەخۆیدا کۆبکاتەوە و خوێنەر بە ئاراستە و ئاقارێکی نابابەتیانەدا ببات. ناونیشانی (شەڕی ساردی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆی سەلاحەدین پرۆژەکان پەکدەخات) ناونیشانێکە بۆ پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی نەیار و دوور لە ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە زیان بە ڕاستییەکان دەگەیێنێت و خەڵکی لە ڕاستییەکان دوور دەخاتەوە. سەیر لەوەدایە ئەوەی ڕیپۆرتاجەکەی ئەنجامداوە ناوی نەهاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە نیازێکی شاراوە لەپشتی ئەم ڕیپۆرتاجەوە هەبێ. لە کاتێکدا دەمانەوێ ئەوە بخەینەڕوو کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە تەنگی ڕاستییەکانەوە دێت و هەمیشە پشت بە داتا و دۆکیۆمێنت دەبەستێ و بەپێی یاساکانی بڕگەکانی تایبەت بە کاری جیاجیای وەزارەت هەنگاو دەنێ و توانیوێتی لەماوەی تەمەنی چەند ساڵەیدا هەنگاوی ورد و زانستییانە بنێ و ڕووبەری خوێندنی زانکۆیی لەرووی ئاسۆیی و ستوونییەوە باشتر فەراهەم بکات و بە گوژمێکی بوێرانەی زانستیشەوە ئاستی زانست بەرز بکاتەوە، باشترین بەڵگەش بڕوا پێکردنی دنیای دەرەوەیە بە خوێندنی زانکۆیی لە هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی دەرچووانمان لە زانکۆ جیهانییەکانی دەرەوە و دانانی بنەماکانی بەسیستەم کردنی خوێندن لە ڕێگەی پرۆژە یاسای وەزارەت و پلانە کورت و مامناوەند و درێژخایەنەکانییەوە، کە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانیشدا دەنگۆ و ڕەنگدانەوەی باشی هەبووە. ئەو ڕیپۆرتاژەی کە دایان بەزاندووە لەگەڵ بەڕێزان د. محەممەد سدیق خۆشناو سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و د. کەمال خۆشناو کە پێشتر ڕاگری کۆلێژی ئەندازیاری بوو و د. شەماڵ موختار جێگری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین و د. عومەر قەرەنی مامۆستا لە کۆلێژی ئەندازیاری ئەنجامدراوە.

لەکاتێکدا وەزارەتی خوێندنی باڵا پتر بە تەنگی جێبەجێکردنی کارەکانییەوە دێت و هەوڵدەدات بەپێی باشترین سیستەم و میکانیزمی ڕاپەڕاندنی کار بەڕێوەبچێ، بەڵام ئەم بەتەنگەوە هاتنە ڕێگە لەوە ناگرێ وەڵامی نووسینی بەو جۆرەی (ڕووداو) نەدرێتەوە کە پتر قسەکانی لەسەر کەمپی زانکۆی سەلاحەدین چەقی بەستووە، جگە لەوەش ناوەناوە پەلاری نەگونجاو بۆ بواری دیکەش هاوێژراوە. کار کە هاتە سەر ئەوەی ڕاستییەکان بگوترێن ئێمەش دەڵێین:

1- پێمان باش بوو شتەکان لەناو خۆماندا چارەسەر بکرێن و نەخرێنە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان، ئەگینا شت زۆرە بۆ ئەوەی بگوترێ.

2- لە نووسینەکەدا هاتووە کە باس لە سەربەخۆیی زانکۆ دەکەن، ئێمەش وەکو وەزارەت نامانەوێ (سەربەخۆیی زانکۆ) ببێتە مایەی شکستخواردن وەکو لە (زانکۆی کوردستان) ڕوویدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەی (زانکۆی کوردستان) بەو شکستەشەوە لە ئیدارەی هەندێ لە دەزگاکانی دیکە باشترن کە قسە لەسەر سەربەخۆیی زانکۆ دەکەن.

3- وەزارەت دەستی نەخستووەتە ناو کاروباری دروستکردنی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین، پلانی ئەو کەمپە پێش دروستبوونی وەزارەتیش بووە، ئەوان پێشتر سەربەخۆ کاریان کردووە. بەڵام کە پرۆژەکە دواکەوت ئەوکات وەزارەت هاتە جواب و ناچاربوو لەوەی کە ئیتر کارەکە بەو شێوەیە نەبێ.

4- زانکۆی سەلاحەدین گرێبەستەکەیان لەگەڵ کۆمپانیای (نەورۆزکۆنسورتیومی نەرویجی) گرێداوە بەبێ ئەوەی وەزارەت لایەنێک بێت لەو گرێبەستەدا، تەنانەت وەزارەتیان لە ئامادەکارییەکانیشدا بەشداری پێ نەکردووە.

ا- بەپێی گرێبەستەکە بەرواری دەست پێکردنی کارەکە 2007/1/1 دەبێت.

ب- ماوەی گرێبەستەکە یەک ساڵی ڕۆژمێرییە.

ج- بەپێی گرێبەستەکە ڕۆژی تەواوبوونی کارەکان 2008/1/1 دەبێت.

د- وەزارەت لە قۆناغەکانی کارکردن ئاگادار نەکراوەتەوە گەرچی وەزارەت بە نووسراوی ژمارە 2197/2 لە بەرواری 2007/2/25 داوای لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین کردووە کە وێنەیەک لەو گرێبەستەمان بۆ بنێرن و لە قۆناغەکان ئاگادارمان بکەنەوە دەربارەی بەرەو پێشەوەچوونی کارەکە.

ه- لە 2007/3/6 نووسراوی ژ 3103/3/2 گەیشتە وەزارەت کە تەنها وێنەیەک لە گرێبەستەکە بوو بێ ئەوەی ڕاپۆرتی قۆناغەکانی کارەکەی لەگەڵدا بێت.

5- زانکۆی سەلاحەدین چەند کارێکی زێدەکیی لەسەر گرێبەستی پرۆژەکە نارد بۆ وەزارەت دواتر نێردرایە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی. ئەم کارە زیادەکیانە نەدەبوو بودجەکەی بخرێنە ئەستۆی حکومەت بەڵکو دەبوو لەسەر بەڵێندەربووایە و لەناو بڕیاری گرێبەستەکەدا بووایە. نەک پارەی حکومەت بەفیڕۆ بڕوات و بە زیادە بچێتە گیرفانی بەڵێندەرەوە. ئەو بڕگانەش ئەمانە بوون:




ا- دروستکردنی مۆدیل بە بڕی (120820دۆلار) ئەم پارە زیادەیە کە لە حکومەت داواکراوە خۆی بەپێی یاسای گرێبەست لە بودجەی گرێبەستەکەدایە. ئەم پارەیەش بەهەرحاڵ کە داواکراوە بەڕای وەزارەت خۆ ئەگەر لە هەرێم بکرایە ئەوا زۆر زۆر لەم بڕە پارەیە کەمتری تێدەچوو. کە ناکرێ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستەوەستان لێی ڕابوەستایە و وردەکاریەکانی نەزانێ.

ب- زانکۆی سەلاحەدین داوای سەرفکردنی خەرجیی کارمەندانی کۆمپانیای بەڵێندەری کردووە، بۆ هاتوچۆکردنیان بۆ کوردستان.

ئەم پارە داواکردنە شتێکی سەیرە چونکە ئەوە ئیلتیزاماتی خۆیانە بە گرێبەستەکەوە. لەو بڕوایەشدانییە کە لە هەموو کوردستاندا ئەم جۆرە بەڵێندەرایەتییە واژۆ کرابێ، چونکە ئەو پارەیە لەناواخنی مەرجەکانی گشتی بەڵێندەرایەتییە، نەک دوای گرێبەست وەکو خستنە سەر ئەم بڕە پارەیە داوا بکرێ کە نا یاساییە.

ج- زانکۆی سەلاحەدین داوای فەرقی پارەی کردووە بە پێی (هەڵاوسانی پارە) لە ڕاستیدا ئەم بڕگەیە کێشەیەکی یاسایی دروستکردووە. چونکە زانکۆ فەرقی ئەو پارەیەی لە ڕۆژی دەستپێکردنی پرۆژەکەوە هەژمار نەکردووە بەڵکو دوو ساڵ پێش ئەو بەروارەشی وەکو فەرقی هەڵاوسان داوای کردووە بۆی بکرێ. ئەمەش بە فیڕۆدانی سامانی دەوڵەت دادەنرێ و هۆکاری ئەو دوو ساڵەش کە خراوەتە سەر مێژووی دەستپێکردنی پرۆژەکە ڕوون نەکراوەتەوە.

د- زانکۆی سەلاحەدین داوای سێ مانگ دواخستنی بۆ پرۆژەکە کردووە (کەواتە سێ مانگی) دواخستنی بۆ هەژمار بکرێ کە جەزای دوا کەوتن نەدات. کەچی ماوەی دواخستنی و جێبەجێنەکردنی کاری کۆمپانیای ناوبراو نزیکەی یەک ساڵی ڕەبەقە، باشە ئەی فەرقی ئەو (7) مانگە بۆ کوێ بچێ؟ هەروا لەو گۆڕە پارەی حکومەت بدرێتە دەم ئاوەوە، لە کاتێکدا لە گرێبەستەکە دا هاتووە بۆ هەر ڕۆژێک دواکەوتنی کارەکە دەبێ بەڵێندەر 1000 یۆرۆ کە ڕۆژانە دەکاتە 1300 دۆلار وەکو جەزا بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەواتە (7) مانگ دواکەوتن دەکاتە چەند؟.. باشە دەکرێ وەزارەت بەبێ زانینی هۆیەکانی دواکەوتن چاو لەو پارەیە بپۆشێ؟. لە کاتێکدا جێی سەر سوڕمانە زانکۆی سەلاحەدین داوای ئەوە دەکات کە هەموو ئیستحقاقاتی بەڵێندەر بدرێ بەبێ بڕینی سزای دواکەوتنەکە، ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکان و مەرجەکانی گشتی بەڵێندەرایەتییە.

پێمان باشە ئەوە لای ڕۆژنامەی (ڕووداو) و خوێنەران ڕوون بێ کە:

* سەرجەم پارەی گرێبەستەکە 2334000 یۆرۆ بووە کە دەکاتە نزیکەی 3034200 دۆلار.

* ئەم پارەیە دەبوو هەموو بڕگەکان بگرێتە خۆی.

*وەزارەت پارەی قۆناغی یەکەمی داوە.

وەزارەت پارەی قۆناغی دووەمی داوە.

وەزارەت 40%ی پارەی قۆناغی سێیەمی داوە.

* ئەو پارەیەی کە ئێمە تەمویلمان کردووە 3198553 دۆلارە. ئەو پارەیەی کە ماوەو تەمویل نەکراوە (پارە زێدەکییە داواکراوەکانی بڕگەکانی پێشووە کە ڕوونمان کردنەوەو خراونەتە سەر گرێبەستەکەو بە پێی یاساش لە ناو چوار چێوەی گرێبەستدان) و بڕگەکانیش (جیاوازی پارەی هەڵاوسان+ جیاوازیی پارەی مۆدێل+ سەفەری کارمەندانی کۆمپانیان) بەم پێیەش پارەی سەرەکیی پرۆژەکە کە لە گرێبەستەکە دا هاتووە هەمووی دراوەو هیچ پارەیەک نەماوە کە نەدرێ.

*بەپێی ئەو قسانەی کە لە ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا هاتوون کە گوایە کێشەی فەیسی سێیەمی گرێبەست لە ئارادایە، ئەوا ئێمە دەڵێین هیچ کێشەیەکی فەیسی سێیەم لە ئارادا نییەو نەهاتووەتە وەزارەت، مەبەست لە لایەنی پەیوەندیدار کە (بەڵێندەرە) هیچ شتێک لەو ڕووەوە نییەو بۆ ئێمەی بەرز نەکردووەتەوە.

* وەزیری خوێندنی باڵا ڕەزامەندی داوە کە (هەڵاوسانەکەیان) بۆ بکرێ. ئەمەش بەپێی دوا نووسراو کە بۆ ئەم مەبەستە بەرز کرایەوە بە نووسراوی ژ. 2/715 لە 2009/1/15 بە دەستیش براوە بۆ وەزارەتی دارایی و کۆپیەکیشی دراوەتە زانکۆی سەلاحەدین.

*لە دوا کۆبوونەوەی بەڕێز وەزیری حوێندنی باڵا لە گەڵ کەمپی زانکۆ لە 2008/12/24 کە بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، ئەم خاڵانە داوا کراون بۆ ئەوەی زانکۆ ڕوونکردنەوەیان لە سەر بدات:

ا- دیاریکردنی دوارۆژی تەواوکردنی پرۆژەکە.

ب- ئەو ماوەیە دیاری بکرێ کە داوا دەکەن بخرێتە سەر ماوەی پرۆژەکەو دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی داواکردنی ماوەی زیاتر وەکو پێداویستییەکانی پاساوی یاسایی.

ج- دیاریکردنی بەرواری هەژمارکردنی (هەڵاوسانی پارە) بۆ ئەوەی فەرقی پارەکە بزانرێ بەپێی بڕی پارەی پرۆژەکە لێکبدرێتەوە، نەک بەشێوەیەکی خەمڵێنراو.

د- ئایا کۆمپانیاکە کارەکەی تەواوکردووە و ڕادەستی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە تا ئێمە بتوانین قۆناخی داهاتووی پرۆژەکە دەست پێ بکەین و تەندەر ئامادە بکرێ؟

*تا ئێستا وەزارەت سەبارەت بە خاڵەکانی (ا، ب، ج، د) وەڵامی بەدەست نەگەیشتووە.

*وەکو دوا بڕگە دەمانەوێ ئەوە بە بەڕێز د. کەمال خۆشناو، ڕاگری پێشووی کۆلێژی ئەندازیاری ڕابگەیێنین، کە نەخێر وەزارەتی خوێندنی باڵا تەنها وەزارەتی زانکۆی سەلاحەدین نییە، بەڵکو دەبێ ئەوە بزانرێ کە ڕێنمایی و یاسای وەزارەت لە هەموو زانکۆ و پەیمانگاکاندا جێبەجێدەکرێن کردنەوەی بەش و کۆلێژ و سەنتەر و دەزگاکانی سەر بە وەزارەت و دامەزراندن بەپێی پلانی وەزارەت ئەنجامدەدرێن، باشترین گەواهیش بۆ ئەو جۆرە ڕاو بۆچوونانە کە هەڵچوون و نا درووستیان پێوە دیارە، ئەوەیە کە سەرجەم ئەو بڕیار و ڕێنماییانەی دەردەچن پێشتر لە ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵادا تاوتوێ دەکرێن و ئەوجا دەبنە بڕیارو ڕێنمایی و واژۆی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ و دەستەی پەیمانگاکانیان لە سەرە، لەو بڕوایەشداین کە هیچ یەک لە سەرۆک زانکۆکانی هەرێمیش بەو قسەیەی بەڕێز د.کەمال خۆشناو ڕازی نابن و سەری بۆ نالەقێنێ، چونکە ئەم تەسریحاتە کەمکردنەوەی پلەی زانکۆکانیان دەگەیێنێ، لەو بارەشدا شتێکی نەگونجاوە، کە هەق نییە بەڕێزیان ڕێگا بە خۆیان بدەن ئەم بیرۆکانە بگەیێنن. ناشکرێ مرۆڤیش هەتا لە پۆستێکدا بێ شوێنەکەی خۆی لە هەموو شوێنەکانی دی بە باشتر بزانێ و کە لەو پۆستەشدا نەما ئیدی بەرد لەو شوێنە بگرێ کە پێشتر ڕێزی لێدەگرت، چونکە وەزارەت ڕێز لە هەموو پۆستەکان دەگرێ ولە کارمەندێکی زانکۆوە تا دەگاتە مامۆستا و سەرۆک بەش و ڕاگر و سەرۆکی زانکۆو سەرجەمیشیان، بەڕێزەوە بەشداری لە کاری بنیاتنانی زانستدا دەکەن و جێی ڕێز و تەقدیری وەزارەتن. لایەنێکیش کە لە ڕیپۆرتاژەکەدا هاتووەو زۆر قسەی لە سەر کراوە، مەسەلەی سەربەخۆیی زانکۆیە، ئێمەش لەگەڵ سەربەخۆیی زانکۆ داین، بەڵام کەی؟ ئەو کاتەی هەریەک لە ئاستی خۆیەوە بووە مامە خەمە بۆ زانکۆ، ئەو کاتە جێی دەست خۆشییە کە زانکۆ ئازاد بێ، بەڵام نەک بە ناوی ئازادییەوە بەرد و پەلار بگیرێتە بەرزترین دەسەڵاتی ئەو بوارەی کە مرۆڤ خۆی یەکێک بووبێ لە شانە سەرەکیەکانی ئەو بوارە، لە کاتێکدا وەزارەت بە نووسراوی فەرمی دەسەڵاتی وەزیری خوێندنی باڵای داوەتە سەرۆکی زانکۆکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە وەزارەت سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان دڵنیا دەکەین، کە هەنگاوە زانستییەکانی وەزارەت بەردەوام دەبن و کۆششەکانمان زیاتر دەکەین لە کاتێکدا دەزانین لەمپەریش دێتە ڕێگای ئەم ئەرکە پیرۆزە. بەڵام سووربوونمان لەو لەمپەرانە پیرۆزترەو بە دواداچوونیشمان لەم ڕووەوە چڕتر دەکەینەوە.

**لەگەڵ ڕێزماندا...**

**2009/1/22**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا**

**نووسینگەی وەزیر**

## ڕای شەقام

# ئەوانەی دەڵێن کێشەی کارەبا چارەسەر بووە کارەبای فولیان هەیە

سابیر عوسمان مستەفا، 30 ساڵ، لەنگە فرۆشە لە شاری هەولێر و پێیوایە کێشەی کارەبا هەر بەردەوامە لە هەرێمی کوردستان، پێچەوانەی وەزارەتی کارەبا کەدەڵێ کێشەی کارەبا نەماوە.

**ڕووداو: بارودۆخی کارەبا لەکوردستان چۆن دەبینی؟**

**سابیر:** کارەبایەکی وا نییە خەڵک سودی لێ ببینێت، چونکە بە ڕۆژ نییە و شەوانەش چەند کاژێرێک لەکاتی خەوتن دەدرێتەوە، ئەو کاتیش خەڵک لەوانەیە زۆر پێویستی پێ نەبێت.

**ڕووداو: وەزارەتی کارەبا دەڵێ کێشەی کارەبا نەماوە تەنیا کێشەی تۆڕی دابەشکردن ماوە؟**

**سابیر:** ئێمە بڕوامان بەو قسانە کەم بووە، چونکە ڕۆژ بەڕۆژ کارەبا بەرەو کەمی دەچێت، لەوانەیە ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن کارەبای فولیان هەبێت، چونکە کارەبا هەر بۆ ئەوان و سوپەرمارکێت و کارگەکان و شەقامەکانە.

**ڕووداو: وەزارەتی کارەبا بڕیاریداوە نرخی کارەبای حکومی زیاد بکات، ڕات چییە؟**



**سابیر:** لەبەرامبەر ئەو بڕە کارەبا کەمەی ئێستا بڕێکی زۆر پارە لەخەڵک وەردەگیرێت بۆ نموونە ئەو مانگە 24 هەزار دینار بۆ ماڵی ئێمە هاتبوو، بۆیە ئەگەر بیر لە زیادبوونی پارەی کارەبا دەکرێتەوە دەبێت بیر لە ژیانی خەڵکیش بکرێتەوە.

# ئۆباما بۆ هەژاران باش دەبێت

نەوزاد عەبدولرەحمان، 50 ساڵ، دانیشتووی شاری هەولێرەو، ڕای خۆی هەیە لەسەر هاتنە سەرکاری باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا:

**ڕووداو: پێتوایە بەهاتنی ئۆباما گۆڕانکاری لەکوردستان و عێراق روو بدات؟**

**نەوزاد:** هەرچەندە هێشتا ئەوە ڕوون نییە چونکە تازە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، بەڵام بەبۆچوونی من لە جۆرج بوش باشتر دەبێ بۆ عێراق باشتر، چونکە کەسێکی دیموکراتخوازەو لەوانەیە بەم هۆیەوە زیاتر دیموکراتی بچەسپێت.

**ڕووداو: ئۆباما وەک کەسێکی ئەفرۆئەمریکی، پێتوایە هاوسۆزی هەبێت بۆ وڵاتانی هەژارو ژێر دەستە؟**

**نەوزاد** بەدڵنیاییەوە هاوسۆزی دەبێت بۆ میللەتانی کەم دەرامەت و ژێردەست.

**ڕووداو: جۆ و بایدن کە جێگری ئۆبامایە خاوەن پرۆژەی دابەشکردنی عێراقە بۆ سێ هەرێمی فیدرالی، پێتوایە ئەو کاریگەری لەسەر ئۆباما هەبێت ؟**

**نەوزاد:** بەڵێ من پێموایە کاریگەری دەڵێ و هەر ئەوەش دەرمانی دەردی عێراقە.

**ڕووداو: پێت باشە کورد چی بکات بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ئیدارەی ئۆبامادا بگونجێنێت؟**



**نەوزاد:** پێویستە خۆنزیککردنەوە هەبێت، بەڵام نابێت پەلە لەوە بکرێت. هەمووشتێک لەیەک کاتدا لەبەرژەوەندی ئێمە تەواو دەبێت، چونکە ئەوانیش بەرژەوەندییان لەو ناوچەیە هەیە.

## بۆ بەر چاوی وەزیری پەروەردە

# هەڵسوکەوتی قوتابخانەیەکی نموونەیی

چەند ساڵێکە باس لە سیستەمی نوێی پەروەردە دەکرێت و، باس لەو شێوازە سەردەمیانە دەکرێت کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئاستی قوتابی بەرزبکرێتەوە، دیارە هەنگاوی جیدیش بۆ ئەم مەبەستە هاوێژراون و بەپێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردە لێدان و سوکایەتیکردن و هەموو ئەو شێوازانەی کە کاردانەوەی خراپ دەکەنە سەر قوتابی قەدەخەکراون. کەچی ئەوەی باسی دەکەم ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ڕۆژی 2009/1/20 قوتابخانەی 16ی ئابی نموونەییە لە نێو شاری هەولێر.

هەموومان دەزانین قوتابی پۆلی یەکەم وەکو پەپولەیە، لە یەکەم قۆناخ و تاقیکردنەوەی کە دەکەوێتە بەردەستی مامۆستا. چۆنی بوێ مامۆستا دەتوانێ وای دروست بکات، جگە لە مانە قوتابی پۆلی یەکەم جگە لە خوێندنی ناو پۆل بەپێی سیستەمی تازە ناکرێت ئەرکی ماڵەوە بخەیتە ئەستۆی، کەچی لە قوتابخانەی 16ی ئاب ڕۆژانە مامۆستا زیاتر لە دوو لاپەڕە ئەرک دەخاتە سەر قوتابی پۆلی یەکەم، کە ئەمەش بۆ قوتابییەکی پۆلی یەکەم ئاسان نییە، ئەمەش وادەکات کە قوتابی خۆشەویستی بۆ ئەو وانەیە نەبێت، تا ئێرەش ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێت.

بەڵام ئەوەی سەیرە، قوتابییەکی پۆلی یەکەم لە قوتابخانە دەربکرێت و بەتەنیا ڕەوانەی ماڵەوە بکرێت، لەکاتێکدا ماڵی قوتابییەکەش یەک کیلو مەتر زیاتر، دووری قوتابخانە بێت، بەبیانووی ئەوەی کە کتێبی کوردی لە بیر کردوە. ئەگەر ئەو قوتابییە ونبووبا، یان تووشی کارەساتێک بووبا کێ بەرپرسیاربوو، بەتایبەتیش کە قوتابخانەکەش لەسەر شەقامێکی قەرەباڵغی ئۆتۆمبێلەکانە. چۆن دەکرێ منداڵێکی شەش ساڵان لەسەرنەهێنانی کتێبێک لە قوتابخانە بەتەنیا ڕەوانەی ماڵەوە بکرێتەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەی چۆن ڕێگای دا منداڵێک ڕەوانە بکرێتەوە! ئەی نازانێ بەرپرسیارێتی ئەو منداڵە تا تەواوبوونی کاتی دەوامی ئاسایی لە ئەستۆی ئەواندایە.

هەڵسووکەوتی بەوشێوەیەی مامۆستای قوتابخانەیەکی نموونەیی لەگەڵ منداڵێک چ خزمەتێک بە پەروەردەکردنی ئەو منداڵە دەکات، بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتیی هەولێر بەرامبەر بەم ڕووداوە بێدەنگ نەبن و وەڵامی پێویستیان هەبێت بۆ ئەوەی کاری لەم شێوەیە دووبارە نەبێتەوە.

**گزنگەند مستەفا**

**باوکی قوتابی لاوەند**

# ڕوونکردنەوەیەک لە سەر ئەو تۆمەتەی خراوەتەپاڵم بە کوشتنی مەهاباد عەلی عارف

زۆر جار مرۆڤ لە قوڵایی خەوێکی ئاساییدا بە بینینی خەوێکی دێوەزمانە ئاسا ڕادەچەڵەکێ، دوای ئارام بوونەوەی هەزارو یەک جار سوپاس و ستایش دەکات کە ئەو دێوەزمەیە تەنها خەون بووە و چیتر نا.

من لە هۆشیارییەکی تەواودا و لە کاتی بینینی ئەرکی فەرمیمدا ئەو دێوەزمەیەم لە ماڵپەری چاودێر و ڕۆژنامەی ئاسۆ و ماڵپەری ڕوداونێت دا بینی، بەڵام نەک خەون بەڵکو بینینی ڕاستەوخۆ. بەڕاستی گومانم کرد کەدەبێت تووشی بیرچوونەوە هاتبم، ئەوە وێنەی منە! ئەوە ناوی منە! وەک تۆمەتبار نووسراوە.

لای من ئەو بڵاوکردنەوەیە لە حەوت شتە سەر سوڕهێنەرەکەی جیهان سەیرتر بوو. منێک کە هەرچەندە لە سەرەتای ژیانمەوە نەفرەتی کوشتنی مرۆڤ دەکەم، کەچی ئێستا بەبکوژی ئافرەت بناسرێم.

خوێنەرانی بەڕێز هەرچەند بیرم کردەوە لە چ ڕێچکەو لایەکەوە من ئەم ناوەم بیستبێ؟ یان لەم ساڵانە لە چ کات و ڕۆژێکدا ڕووم لەو شارەو لەو گەڕەکە کردبێ؟، ئەو تۆمەتە بە چ هۆکارێک خرابێتە پاڵم؟ من تاسەر ئێسقان پاکانەی خۆم ڕادەگەیێنم و بەو پەڕی بەرائەتەوە دەڵێم: کە لەو سات و کاتەی ئەو ئافرەتە ناوبراوە کوژراوە، من لە سلێمانی نەبووم و ئەو باسەم لەلا، لە غەریبیش غەریبترە.

بەڵام بۆ زیاتر سەلماندنی ڕاستی بوونی من لە هەولێر کە شوێنی دانیشتنی خۆم و ماڵ و منداڵمە، دەیان شاهێدحاڵ هەن کە من لە کاتی ئەو ڕووداوەدا لە هەولێر بووم.

بۆیە بەپێی ئەو هەواڵەی کە لەو ماڵپەرانە بڵاو کراوەتەوە کە گوایە کوژراوی ناوبراو مهاباد عەلی لەڕۆژی 2008/9/12 لەگەڕەکی ئاوبارەی سلێمانی کوژراوە.

بەپێی زانیاری من کە لە پارێزەری ئەو دۆسیەوە زانیومە: لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی ناوەڕۆکی ئەم دۆسیەیەی نەخوێندۆتەوەو زانیاری تەواوی لەسەری نەبووە و ئەو هەواڵەی بڵاوی کردووەتەوە، بۆیە من وەک مافی ئاسایی خۆم داوای یاسایی لەسەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییەو ئەو ماڵپەڕو ڕۆژنامانە تۆمار دەکەم ئەگەر داوای لێبووردن نەکەن کە ئەم تۆمەتەیان خستووەتە پاڵ من.

**سالار جەبار 2009/1/22 هەولێر**

# وەزیری ناوخۆو دەزگای خێرخوازی بارزانی هاوکاری گوڵاڵە دەکەن



دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لە ژمارە (29)ی (ڕووداو)دا لەسەر ژیانی گوڵاڵە هیدایەت، کە لە گەڕەکی قالاوای شاری سلێمانی لەژێر خێوەتێکدا بەدەست نەخۆشی دڵکونییەوە دەیناڵاند، عوسمان حاجی مەحمود، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە بڕی یەک ملیۆن دینار هاوکاری کرد و دەزگای خێرخوازی بارزانیش خەرجی نەشتەرگەرییەکەی گرتە ئەستۆ.

باوکی گوڵاڵە لەنامەیەکدا، کە ئاراستەی (ڕووداو)ی کردووە سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی (ڕووداو) کردووە کە بووە پردی هاوکاریکرانی کچەکەی، لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی و وەزیری ناوخۆ.

# هەمەجۆر



## بلند ئیبراهیم ریکلام بۆ 236 دەکات

کارزان حەیدەر
رووداو - شنگار

◆ چەند رۆژێکە هونەرمەند بلند ئیبراهیم بەهاوکاری گرووپێکی موزیکژەنی شاری دهۆک گەیشتوونەتە شاری شنگار بەمەبەستی سازدانی کۆنسێرت و ریکلامکردن بۆ لیستی 236. هونەرمەند بلند ئیبراهیم بە(رووداو)ی راگەیاند مەبەستیان لەو گەشتەیان بۆ دەڤەری شنگار پشتیوانیکردنە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و هاندانی جەماوەر بۆ دەنگدان بەلیستی 236 (لیستی برایەتی نەینەوا)، ئەویش بەسازدانی چەند کۆنسێرتێک لەشنگارو کۆمەڵگەکانی دەوروبەری، کە دوێنی 2009/1/25 کۆنسێرتەکان دەستپێکران و تا رۆژی هەڵبژاردن بەردەوام دەبێت.

## هەتا نەورۆزی بەتەمای حەسەنی مەبن



**رووداو- سوێد**

هونەرمەند حەسەن شەریف لەپەیوەندییەکدا بە (رووداو)ی راگەیاند ئێستا لەسوێدەو خەریکی دوایین بەرهەمی خۆیەتی کە تائێستا نێوی بۆ دیاری نەکردووە کە لە 12 گۆرانی پێکهاتووە و ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، حەسەن دەڵێ لەبەر ئەوەی یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەو ئەلبوومەی بەنێوی (نەورۆز)ە، لەنەورۆزی ئەمساڵ بڵاوی دەکاتەوە".

ئەو ئەلبوومە هۆنراوەکانی لەلایەن ئەمین بۆتان و رزگار کیستەیی و ئەدیب چەلکی دانراون و 3 لەگۆرانییەکانیش ئاواز و هۆنراوەکانی لەلایەن خودی هونەرمەندەوە دانراون، دەڵێ "سێ لە گۆرانییەکانی نەورۆز، فۆلکلۆرن و نوێمکردوونەتەوەو گۆرانییەکی عیسا بەرواریم گوتووەتەوە". هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە یەکێک لە گۆرانییەکانی بە زاراوەی سۆرانی گوتووەو دەڵێ "متمانەی زۆرم بەو ئەلبوومە هەیە کە سەرکەوتوو بێت".

## کۆترە سپییەکەی کوردستان دەچێتە سوێد



**رووداو- ئیلاف**

فیلمی کوردی (کۆترە سپی)ی دەرهێنەر ڤیان مائی، بەشداری لەفیستیڤاڵی نێودەڵەتی ژنان دەکات کە بریارە لەمانگی 2009/4دا لەسوێد ساز بکرێت.

ژنە دەرهێنەر ڤیان مائی لەبارەی ئەو بەشداریکردنە دەڵێ "داوەتنامەیەکم لەلایەن فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ژنانەوە بەدەست گەیشتووەو بەشداریکردنی فیلمی (کۆترە سپی)یش دوای ئەو نمایشکردنە دێت کە لەچەند شارێکی کوردستانی عێراقو وڵاتە ئەوروپییەکاندا کراوە، فیلمەکەش بەنێوی کوردستانەوە بەشداری لەو فێستیڤاڵە دەکات کە لەسوێد ئەنجامدەدرێت".

روونیشیکردەوە کە ناوەرۆکی فیلمەکە باس لەو توندو تیژییانە دەکات کە لەدژی ژنان بەتایبەت ئەو تاوانانەی کە بەبیانووی شەرەفەوە ئەنجامدەدرێتو دەڵێ "مەبەستیشم ئەوە بووە کە بینەر لەچوارچێوەی فیلمەکەوە ئەو ڕاستییە بزانێت کە هەر مرۆڤێک کەسێکی نزیکی خۆی بەو هۆیەوە بکوژێت، لەدوای ئەنجامدانی تاوانەکە ناتوانێت ژیانی ئاسایی بەسەر ببات".

فیلمی (کۆترە سپی) یەکێکە لەو فیلمانەی لەکوردستاندا بەرهەم هاتووەو باس لەتوندوتیژییەکانی دژی ژنان دەکات، وێنەگرتنی فیلمەکە لەشاری دهۆکو لەلایەن وێنەگر هاوکار فەرهاد ئەنجامدراوە.

بوش:

## ئیشوکارم بووە زبڵ فڕێدان



**رووداو-CNN**

لەگەڵ گەیشتنەوەی بۆماڵەکەی بۆ تەکساس، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا جۆرج بوش لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دۆست وهەوادارانی پێشوازییەکی گەرمی لێکرا کە زۆریان هاتبوونە سەر رێگە بۆ پێشوازیکردنی، بوش لە وتەیەکدا سوپاسی کردن وگوتی ئەو هیچ هەست بە خەم وخەفەت ناکات بە هۆی تەواو بوونی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی "چەند سەرۆکێکی پێشوو پێیانگوتم کە دوا ساتی ماڵئاوایی لە کۆشکی سپی زۆر ناخۆش وخەفەتبارە، بەڵام من زۆر ئاسوودەم وخۆشحاڵم کەبەسەر بڵندی گەڕاومەتەوە نێو ماڵەکەم وکەسوکارەکانم".

بوش بە گاڵتەو پێکەنینەوە گوتی " لۆرای هاوسەری زۆر خۆشحاڵە بەوەی کارنامەی داهاتووم بریتییە لە بایەخدان بە رەزوباخەکەمان وفڕێدانی زبڵ وپاشەڕۆ"!

## کورد مافووری پەرلەمانی نیجیریایان تەواوکرد



**رووداو- سەردەشت**

مافوورچنەکانی شارۆچکەی رەبەتی سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو مافوورەیان تەواو کرد کە لەلایەن پەرلەمانی نێجیریاوە داوایان لێکرابوو بۆیان بچنن. دوای ئەوەی 9 مانگ لەمەوبەر لەلایەن پەرلەمانی نیجیریاوە داوا لە فەرشچنە کوردەکانی سەردەشت کرابوو مافووریان بۆ بچنن، رۆژی 2009/1/22 مافوورەکە تەواو بوو کە 116 مەتر چوارگۆشەیە. مافوورەکە بە 47 ملیۆن و 840 هەزار گرێ دروستکراوە، 18 رەنگی تێدا بەکار هاتووەو نرخەکەی گەیشتووەتەوە 98 هەزار دۆلار.

ئەو مافوورە کە تائێستا زۆرترین رەنگی تێدا بەکار هاتووە لەلایەن 40 فەرشچنی کوردەوە چنراوەو بەمزووانە دەبردرێتە نیجیریا.

## سارکۆزی خەریکی سێکسۆلۆژییە



**رووداو-لەندەن**

سەرۆکی فەرەنسا خەریکی راهێنانە بۆ بەهێزکردن وپترکردنی چالاکییە سێکسییەکانی.

رۆژنامەی The Daily Mail ی بەریتانی رایگەیاند کە سەرۆکی فەرەنسی نیکۆلای سارکوزی 10 مانگە خەریکی وتنەوەی وانەی سێکسی وچەند راهێنانێکە بۆ بەهێزکردنی چالاکییە سێکسییەکەی، بۆ ئەم مەبەستە پسپۆرێکی بوار سێکس بەناوی جولی ئیمپریالی کە هاوڕێی کارلای ژنی سارکوزییە هاوکاری سەرۆکی فەرەنسا دەکات.

ساڵی رابردوو سارکوزی تەمەن 53 ساڵ لەگەڵ نمایشکاری جلوبەرگی ئیتاڵی کارلا برۆنی چووە ناو ژیانی هاوسەرییەوە.

رۆژنامە بەریتانییەکە ئاشکرایکرد کە سارکوزی لەبەرامبەر هەر وانەیەکی سێکسی 300 دۆلار دەداتە خاتوو جولی، کە داوای لە سەرۆکی فەرەنسا کردووە چەند راهێنانێک بکات لەوانە یۆگا بۆ زیادبوون وبەهێزبوونی چالاکییەسێکسییەکانی.



## لیلی بێ وێنە شوو دەکا

**رووداو- مادەرزن**

لیلی سۆبیس کچە ئەکتەری ئەمریکی رایگەیاند کە بەمزووانە شوو دەکات و دەڵێ "مەراسیمەکەم دەبێ وێنەی نەبێ"

لیلی پێش ئەوە گرێبەستێکی سینەمایی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی مۆر کردووە کە بە 10 ملیۆن دۆلار بەشداری فیلمێک دەکات کە لەو فیلمەدا 4 جار بەدیار دەکەوێت و لەچەند رۆژی داهاتوودا وینەگرتنی دەست پێدەکات. لەوبارەیەوە لیلی دەڵێ "تا رۆڵی من لەو فیلمە تەواو نەبێ، مەراسیمی شوو کردنەکەم ئەنجام نادەم، چونکە بۆ مەراسیمێکی بێ وێنە پێویستم بەو پارەیەیە کە لەو فیلمە بەدەستی دێنم".

بەپێی گۆڤارێکی ئیتالی، لیلی لەریزبەندی شەشەمی ژنە دەوڵەمەندەکانی سینەمای هۆلیوودە، کە سامانەکەی دەگاتە 450 ملیۆن دۆلار.

## ئۆباما دەبێتە مۆم



**رووداو — BBC**

پەیکەرێک لە مۆم بۆ سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکا ئۆباما دروستکراو بڕیارە ببردرێتە کۆشکی سپی.

پێش ئەوەی باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستبەکار بێت، لەلایەن مۆزەخانەی (مادام تۆسۆ)وە، ئاشکراکردنی پەیکەرێکی مۆمی دروستکراو بۆ ئەو سەرۆکە راگەیێنرا. ئەو پەیکەرەی ئۆباما بڕیارە لەکۆشکی سپی دابنرێت کە زەردەخەنە بە سیمایەوە دیارە.

## ژنان کەمتر بەرگەی دەگرن

**رووداو- CNN**

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی پزیشکی، ژنان بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا کەمتر بەرگەی برسێتی دەگرن.

دکتۆر جین جاک کە سەرپەرشتی تیمی توێژینەوەکە بووە، دەڵێت "ژنان کاردانەوەیان بەهێزترە بەرامبەر خواردنو ئەو بەشەی مۆخ کە کۆنترۆڵی دەرکردنی برسێتیو ئارەزوی خواردن دەکات، ئاماژەی بەهێزترە لەلای ژنان". وانگ کە سەرۆکی بەشی پزیشکی تاقیگەری بروکافنی نەتەوەییە لەنیویۆرک، نوێترین ئامێری سیتی سکانیان بۆ وێنەگرتنی ئەو بەشەی مۆخ بەکارهێناوە کە پەیوەندی بەهەڵسوکەوتی خواردنەوە هەیە لەلای مرۆڤ.

تیمە پزیشکییەکە خواردنیان بۆ ماوەی 187 کاژێر لە13 ژنو 10 پیاو گرتووەتەوەو خواردنی هەمە چەشنەیان پیشانداون، بەر لەوەی مۆخیان بە ئامێری PET بپشکنن.

## لەوانەیە ماتۆرسکلیتی کارەبایش بگاتە کوردستان



**رووداو- ئیرنا**

کۆمپانیای هۆندا لەژاپۆن رایگەیاند لەبەرنامەیدایە ماتۆڕسکیلێک دروست بکات کە بەکارەبا کار بکاتو لەساڵی داهاتوودا بیخاتە بازاڕەکانی جیهانەوە.

کۆمپانیای هۆندا ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ماتۆرسکیلیتە توانای هەڵگرتنی 3 کەسی هەیەو ئەگەر پاترییەکەی فول چارج (شەحن) بێت ئەوا دەتوانێ تا 3 رۆژ کار بکات بەبێ کارەبا. چاوەڕواندەکرێ نرخی ئەو ماتۆرسکلیتە 60 هەزار دۆلار بێت.

## بەختی رووداو

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

باری سۆزداریت باش دەبێ و بەخت یاوەرتە، ئەم ماوەیە چاوەڕێی هیچ لە کەسانی دیکە مەکە بەڵکو خۆت هەندێک دەستپێشخەری بکە.

### گا
Apr 20–May 20

دڵنیا بوون و شادی زیاتر رووی لە تۆیە، ئیتر کێشە دەرەکییەکان بەرەو کۆتایی دەچێت. لەبواری سۆزداریشەوە بەرەو پێشچوونێک هەیە.

### جمک
May 21–Jun 21

زیرەک و چالاکتر دەبیت و هەست بە دڵنیایی زیاتر دەکەیت، ئاسمانی ساف و بێ گەرد لەگەڵت هەنگاو دەنێ، بەڵام پەلەت نەبێ، چونکە پەلەکردن یەکسانە بە شکست.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

گرنگی بدە بە ئیش و کار و خێزانەکەت، خواستەکانت زۆرن، هەندێکتان بەمزووانە دێتە دی، مژدەیەکی خۆشت پێدەگات. رۆژی خۆشیت چوارشەممەیە

### شێر
Jul 23-Aug 22

هەست بە دابەزینی ورەو ماندوویەتی دەروونی دەکەیت، هەوڵبدە بە ئاگا بێت و گوشارەکان کە م بکەیتەوە، لەوانەیە کارێکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەیت.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

گرفتێکی زۆر روو لەکارەکانت دەکات، هانا بۆ کەسێکی ئازیزت بەرە، سەرکەوتنێکی باش بەدەست دێنیت، بەشداری لە بۆنەیەکی ناخۆش دەکەیت.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

پێویستت بە هاوڕێیەکی راستگۆ هەیە، بۆ ئەوەی رێگای رووناکت نیشان بدات و لەم تاریکییە دەربازت بێت، رۆژێکی ناخۆشت لەپێشە.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

خۆشەویستییەکی راستەقینە لەرێگادایە، بەڵام پێویستە پێش ئەوە کارەکانی خۆت رێکبخەیت بۆ ئەوەی تووشی شکست نەبیت، سبەی رۆژێکی گرنگە بۆتۆ.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

پێویستە چاوێک بخشێنێتەوە بەو کارانەی کە تا ئێستا ئەنجامتداوە، هەست بە شۆڕشێک دەکەیت لەناختدا، دەرفەتێکی خۆشەویستی باشت هەیە.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

هەوڵدەدەیت لەگەڵ کەسێک ببیتە دۆست، بەڵام بەهۆی ئەوەی تووشی کارەساتێکی ناخۆش دەبیت، ئەو دۆستایەتییە دوادەخرێت.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

هەست دەکەیت ئەو گرنگییەی جارانت نەماوە لای هاوڕێیەکانت، هۆکارەکانیش هەر خۆتی، گۆرانکارییەک لە هەڵسووکەوتەکانت بکە.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

لەچەند رۆژی داهاتوودا چاوپێکەوتنێک دڵخۆشت دەکات و لەکەسێکی ئازیزت زیاتر نزیک دەبیتەوە، جگە لەوە دەرفەتێکی باشت دەست دەکەوێت بۆ ئەوەی بتوانی کارە دواکەوتووەکانت پێشبخەیت.

لە تۆرنتۆوە



# تاڵەبانی و ئەفسانەی سەروەری یاسا (دیسپۆتیزمی ڕۆشنگەر)

رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

لەسەدەی نۆزدەدا مێژووناسانی ئەڵمانی وەک Wilhelm Roscher و Reinhold Koser دەستەواژەی دیسپۆتیزمی ڕۆشنگەر بەکار دەهێنن وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو شێوەیە لە پاشایەتی کە بە توندی لە ژێر کاریگەری ئایدیاکانی ڕۆشنگەریدایە. سەرباری ناکۆکی و گفتۆگۆیەکی زۆر دەربارەی ڕەنگدانەوەی مەعریفە لەسەر میری و دەسەڵات لە میانەی ئەم تێرمەوە بە گوێرەی تێڕوانینی مارکسییەکان هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە گۆڕێ نییە لە نێوان ڕۆشنگەری و دیسپۆتیزمدا، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕۆشنگەری ئایدیۆلۆجی ڕەسمی بۆرجوازییە و پاشایەتیش وەک پارێزەری بەرژەوەندی فیودالی و ئەرستۆکراسییە. لەم ڕوانگەیەوە پاشایەتی سەدەی هەژدە ڕووبەڕووی ئەرکی ئاشتەوایی نێوان دوو بەرژەوەندی ناکۆکی بووەوە کە فیودالیزم و کەپیتالیزمە، یان بۆرجوازی و ئەرستۆکراسی.

هەندێک لێکۆڵینەوە ئاماژە بە پەیوەندی ڕۆشنگەری و دەوڵەت دەکەن لە میانەی کاردانەوە دژی ناکۆکی ئاینی هاوکات (ریفۆرمەیشن) دەستی تاک و گرووپەکانی کردەوە کە ڕەخنەی بێ سنور ئاراستەی پاشاو حوکمڕانەکان بکەن کە وایکرد هەندێک حوکمڕانی سەدەی هەژدە لەوە بوەستێت کە نوێنەری ئەخلاق بێت و وایکرد ئایین بەرەو بوارێکی تایبەت بڕوات. بە کورتی ئەو ئایدیایەی لە پشت ئەم تێرمەوەیە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی بیری ڕەخنەگرانە لەسەر میرو هەڵگرتنەوەی بەشێک لەو خواستە سیاسییانەی نێوەندی ڕووناکبیری و بزوتنەوەی ڕووناکبیری بانگەشەی بۆ دەکات لەلایەن میرییەوە.

لێرەدا هیچ خەوشێک لەوەدا نییە ئەگەر یاساسەروەری لەلایەن تاڵەبانییەوە بانگەشەی بۆ بکرێت و هیچ لە نرخی بانگەوازەکە کەم نابێتەوە ئەگەر ئەو داواکارییانەش ساڵانێکی زۆر لەلایەن خەڵکی سەربەخۆو ڕووناکبیرانی هەرێمی کوردستانەوە بانگەشەی بۆ کرابێت، چونکە ئامانجەکە ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان یاسا پاشا بێت. یاسا سەروەری بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەردەمی لیبرالیزمدا گەشەی کردو بە یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی لیبرالیزم دەژمێردرێت و ئامانج لە یاسا سەروەری تەنیا فەرمان خوازی نییە. پەیوەندییەکی گرنگیشی بە ئازادی و سەروەرییەوە هەیە. ڤۆڵتیر بەر لە کانت زۆر بە ڕوونی مانیڤێستی ئەوەی کردووە (مرۆڤی ئازاد کەسێکە گوێڕایەڵی هیچ کەسێک نەبێت جگە لە یاسا)، هۆبز ئازادی و یاسا وەک دوو تێرمی هاوپەیوەند دەخوێنێتەوە، یاسا لای هۆبز وەک فەرمان پێناسە دەکرێت، هاوکات مرۆڤ لای ئەو ئازادە هەرشتێک بکات کە یاسا قەدەغەی نەکردووە. واتە ئازادی بریتییە لە کردنی شتێک کە قەدەغە نەکراوە. یاساسەروەری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیموکراتیزەکردندا بە دیوێکدا تاکەکەس لە دەستدرێژی دڕندانەی میری دەپارێزێت بە دیوێکی دیکەشدا وا دەکات کە تاکەس بتوانێت بەشداری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە کاروباری جڤاکەکەیدا بکات.

کە قسە لە یاسا سەروەری دەکەین دوو بناخەی گرنگ دێنە پێشمان یەکەمیان دروستکردنی سەروەرییە بەو مانایەی سەروەری شتێک نییە قابیلی پارچە پارچەکردن بێت و سەروەری سەت لە سەت چەمکێکی نوێیە، واتە ناتوانین قسە لە یاسا سەروەری بکەین لە ناو پارچە پارچە بوونی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. هاوکات یاسا سەرورەی پەیوەندییەکی گرنگی بە یەکسانییەوە هەیە، یەکسانی لە دیدی لیبرالەوە بە مانای یاسا لەسەروو هەموو کەسێکەوەیە. بەشێکی گرنگی ئەم بانگەوازە لەوێدایە کە یاساسەروەری لە بنەڕەتدا بە حوکمی پەیوەندی بە کولتوری لیبرالیزمەوە پرۆژەیەکە دژی پایەداری privilege گرنگترین خاڵی بانگەوازەکەی تاڵەبانیش ڕووبەڕوو بوونەوەی پایەداری و ڕێکخستنی خەڵکی هەرێمە لە ناو هەرەمییەت و پایەداریدا واتە یەکسانکردنی هەموو کەسێک لەبەردەم یاسادا و هیچ کەسێک نابێت بە هۆی پایەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و پلەی حیزبییەوە لەسەروو یاساوە بێت. لێرەدا دوو گفتوگۆی گەورەمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، یەکەمیان سەبارەت بە چەمکی یاسای دادپەروەرو نادادپەروەرانەیە کە ڕێگەمان بۆ دەکاتەوە بۆ تێگەشتن لە یاخیبوونی مەدەنیCivil Disobedience، دووەمیان ڕەخنەکردنی رادیکالیزمە، من بۆ ئەمە دەبێت لەسەر دیدی مارتن لوسەر کینگ و ئێدمەند بێرک قسەبکەم، یەکەمیان فێری هونەری گۆڕین و چاککردنی یاساکانمان دەکات، دووەمیان فێربوونی ئەو ڕەخنانەیە بێرک بۆ ڕۆشنگەری و رادیکالیزم دەیهێنێتە ئاراوە وەک باوکی دامەزرێنەری ئایدیۆلۆجی سیاسی کۆنسەرڤەتیزم.



# وەرزی پڕۆژە و ریفۆرمی وشکە ساڵی

بۆتان تەحسین

هەوڵەکانی چاکسازی نێو یەکێتی کە بە یاداشتێکی سێقۆڵی بەڕێزان نەوشێروان مستەفا و کۆسرەت ڕەسول عەلی و عومەری سەید عەلی دەستی پێکرد، ئێستا بەهۆی تەوژمێک پڕۆژەوە لە نێو چوارچێوەی یەکێتییەوە بازی بۆ دامەزراوەکانی حکومەت و لایەنەکانی دیکەی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هاوێشتووە. کار گەیشتووەتە ئەو ئاستەی پەکەکەش داوا لە لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی کوردستان بکات سەکۆیەکی هاوبەش بۆ دانانی ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی دابمەزرێنن.

ئامانجی نەوشێروان مستەفا لە دەسپێکی بانگەوازەکەی بۆ ریفۆرمی ناو یەکێتی بەشێوەیەکی تەواو جیاواز بوو لەو ئامانجانەی کە دوای دامەزراندنی کۆمپانیای وشە ڕایگەیاند، سەرنجی ئەو لە سەرەتای بانگەوازەکەی پتر بۆ جێگیرکردنی پێگەی یەکێتی بوو لە نێو ململانێی سیاسیی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکی فرەوانی مەکتەبی ڕێکخستن لە ساڵی 2005، کە بەشێک لە قسەکانی لە (کوردستانی نوێ) بڵاوکرایەوە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە دەبێ مام جەلال کەسی ژمارە یەکی کوردستان بێت.

بەبنبەست گەیشتنی بەشێک لەم هەوڵانە بەشێک لە گرفتە ناخۆییەکانی یەکێتی هەناردەی دەرەوە کرد و لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی حکومەت ڕەنگی دایەوە، دۆخی حکومەت بەگشتی لە هەولێر و دهۆکیش خاوی تێکەوت، لەکاتێکدا چاوەڕوان دەکرا دۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە وەرگەڕێ، چەندین کەلێنی زەقی لە ڕەوتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەجێهێشت، یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە لە مەودایەکی بەرتەسکدا چەقی و فشارەکانی تایبەت بە چاکسازی و نوێکردنەوە، لە جیاتی کاراکردن و بەرەودان، سستی و پەکخستنی لەگەڵ خۆی هێنا.

پڕۆژەی هەرچوار پارتەکەش کە پارتی و یەکێتی بە بەرپرسی یەکەمی ئەو دۆخە دادەنێ، بەشێکە لە دەرهاوێشتەی درێژەکێشانی مانەوەی گرفتەکان بە هەڵپەسێردراوی. سەرنەکەوتنی بانگەوازەکانی پێشتری چاکسازی و نوێکردنەوەش تا ئاستێک میسداقیەتی دروشمەکانی خستووەتە ژێر پرسیار و، وایکردووە بە چاوی گومانەوە بڕوانرێتە هەموو پڕۆژەیەک، چونکە زۆربەی پڕۆژە و داخوازییەکانی چاکسازی لەجیاتی چاککردن و نوێکردنەوە تێکدان و ئاڵۆزکردنی پتری لەگەڵ خۆی هێناوە، لەوانەیە بەشێکی بە بێ ئاکام گەیشتنشیان پەیوەندی بە نیازی شاراوەی خاوەن پڕۆژەکانەوە هەبێت، کە لە هەناوی خۆیدا مەرامی تەسک و بەرژەوەندی تایبەت و یەکلاکردنەوەی حساباتی ڕابردووی لەخۆ گرتبێت.

یەک لەو پڕۆژانەش کە پێش چەند ڕۆژێک لە لایەن فەرید ئەسەسەردەوە خرایە ڕوو، لە نێوەڕۆکی خۆیدا هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرۆکایەتی لە خۆگرتووە و سیستەمی پەرلەمانی وەک جێگرەوە پێشنیاز دەکات، لە کاتێکدا سیستەمی پەرلەمانی بۆ دەسەڵاتێک کە هەلومەرجێکی سەقامگیر و خودان پەرلەمانێکی کاراو ناسراو شیاوە، ئەو جۆرە سیستەمە پێشنیازێکی گونجاوە لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ڕۆتین و گرێ هیشکەکانی بەردەم ڕەوتی کارەکان و خێراکردنی میکانیزمی دەرکردنی یاسا و پڕۆژەکان، بەڵام تاچەند ئەو دۆخە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای کوردستان گونجاوە، کە لە شەڕێکی سەختدایە بۆ هەندێ پرسی چارەنووسساز، ئایا بۆ پرسێکی هاوشێوەی داهاتووی کەرکووک پەرلەمان حازر بەدەستترە لە ئیدارەی ململانێکە یان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان؟ ئەو پڕۆژە ڕەخنەئامێزانەی حیزبەکانیش خستیانە بەردەم ڕای گشتی کوردستان لەسەر کاری هەردوو سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەبوو لە سەر ئاستی دەرەوە، بەڵکو زیاتر بۆ کەموکوڕی و کێشە ناوخۆییەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بوو. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی سەرۆکی ئەمریکا لە هەلومەرجی شەڕو نالەباریدا لەهەر وەختێکیتر کراوەترە، تەنانەت سەرۆک بۆی هەیە پتر لە 8 ساڵ لە سەرۆکایەتی بمێنێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی شیرازەی بەڕێوەچوونی دۆسیە ستراتیژییەکان لەسەر ئاستی وڵات لە کاتی گواستنەوەدا تێکنەچێت، دوور لەهەموو مەراییەکیش بۆ ئەمڕۆی کوردستان دەبێ دۆخی بەڕێوەچوونی هەردوو دامەزراوەی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شێوەی سەرۆکایەتی ئەیزنهاوەر و ڕۆزفلتی ئەمریکا بێت لە سەردەمی هەردووجەنگی جیهانیدا.



# ئۆباما دەبێ بە کوردەکان بڵێ واز لە کەرکووک بێنن

## ڕێوشوێنی دەرچوونێکی وشیارانە لە عێراق

پیتێر بێرگن*

ئاخۆ ئۆباما چۆن دەتوانێ لەسەر ئەو شتەی کە بەگشتی بە ئاشتییەکی سست لەناوعێراقدا ناسراوە، بناخەڕێژی بکا؟

هەروەک چۆن ئۆباما زۆرجار تێبینیی کردووە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "بەهەمان ئەو ڕادەیەی کە بێباکانە چووە ناو عێراق بەهەمان ڕادەش بە وریایی بکشێتەوە"، چونکە بەپێچەوانەی ڤیەتنام، عێراق خاوەن پێگەیەکی بنەڕەتی ستراتیژییە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

عێراق لە جیهاندا دووەم گەورەترین وڵاتی خاوەن نەوتی یەدەگ و هەڵگیراوە، هەروەها لە ئیسرائیلیش نێزیکە و لە سەقامگیریی ئەو بەشەی دونیادا کە ژمارە لە سەر نرخی جیهانیی نەوت دادەنێ، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ و هەڵگەڕانەوەی بۆ دەوڵەتێکی دۆڕاو، زەمینە بۆ خۆ ڕێکخستنەوەی گرووپەکانی وەک قاعیدە خۆش دەکات.

هەرچەندە داهاتی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بەڵام باری ئابووری عێراق شڕە. سەرەکیترین ئاریشەی ئابووری بریتییە لە کار و پیشە. بێکاری گەنجان بەرەو میلیشیاکان پاڵدەنێت.

بۆ وەگەڕخستنەوەی باری ئابووری پێویستە ئۆباما لەگەڵ دەوڵەتەکانی کەنداودا کار بکات بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ڕووی داراییەوە لەهەوڵی ئەمریکییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق وەک هاوبەش یان وەبەرهێنەر بەشدار بن. تا ئێستا چەند هەنگاوێکی بچووک لەم پێناوەدا هەڵێنراون بەوەی کە بەحرێن و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی باڵیۆزەکانی خۆیان بۆ عێراق دیاریکردوون، بەڵام ئەم پرۆسەیە پێویستە بەلەز بکرێ.

هەستیارترین کێشەی سیاسیی کە هێشتا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە چارەنووسی کەرکوکە. ئەم شارە ناوەندی پیشەسازیی نەوتی باکووری عێراقە و کوردەکان ئەم شارە بە بەشێکی شەرعیی کوردستان دادەنێن.

ڕاستی و ناڕاستییەکانی پێوەست بەم کێشەیە هەر چۆنێک بن، هیچ لەوە ناگۆڕن کە عەرەبەکانی عێراق بەگشتی حەز ناکەن کەرکووک جیا ببێتەوە و تورکەکانیش بەئاشکرا ئەم کارە بە زەمینەی هەڵگیرسانی شەڕ لە دژی کوردەکان لەقەڵەم دەدەن.

ئیدارەی ئۆباما دەبێ بە کوردەکان بڵێ کە لە کەرکوک پاشگەز ببنەوە، چونکە مکوڕبوون لەسەری هەڕەشەیەکە بۆ دووبارە نقوومبوونەوەی عێراق لە شەڕێکی نێوخۆییدا.

کوردەکان لە ساڵی 1991ەوە لەژێر چەتری ئەمنیی ئەمریکادا، بەڕاستی بوونەتە خاوەنی دەوڵەتێکی تاڕادەیەک سەرکەوتوو و سەربەخۆ و لە یاسای بودجەی نوێدا 17%ی بودجەی وڵاتیان پێ بەخشراوە. زۆربەی ئەم بودجەیە لەداهاتی نەوتەوە دابینکراوە و بەڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە کوردەکان کەمتر لە یەک لە سەر پێنجی تەواوی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن، بڕی ئەو بودجەی پێیان بەخشراوە، دادوەرانەیە.

تیمی ئۆباما دەبێ بە بێدەنگی بە کوردەکان بڵێ لەو بڕەی پێیان بەخشراوە باشتریان چنگ ناکەوێ و، بە خەون و خەیاڵەکانیان بۆ هێنانی کەرکوک بۆ ناو کوردستانێکی مەزنتر، تەنیا ئەم بەشە پێبڕاوەیان دەخەنە مەترسییەوە.

کێشەیەکی سەختی دیکە کە ڕەنگە بەرەوڕووی ئۆباما ببێتەوە پێشبینیکردنی لێدانی تاقیگە ئەتۆمییەکانی ئێرانە لەلایەن ئیسرائیلەوە. بەگشتی شتێکی زانراوە کە هیچ ڕێگەیەک بۆ لەنێوبردنیان نییە. بەڵام ئیسرائیل کە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە دەزانێ، ئامادەیە دەست بۆ هەر شتێکی پێویست ببا لەپێناو دواخستنی ئەم پرۆگرامە چونکە ئێران لە وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی نێزیک بووەتەوە.

ئەم هێرشەی ئیسرائیل بە شێوەیەکی بێ سنوور هەوڵەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان ئاڵۆز دەکا چونکە ئێران وای بۆ دەچێ کە ئەمریکا ڕێگەی بەم هێرشەی ئیسرائیل داوە و بەم شێوەیە هێزی قودسی نیمچە سەربازیی خۆی بەردەداتە سەر ئەمریکییەکانی نێو عێراق و ئەفغانستان.

ئیدارەی ئۆباما دەبێ بە حکومەتی ئیسرائیل بڵێ ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بەم جۆرە هێرشە نادا. ئۆباما بەڵێنی دابوو هەموو سەربازە ئەمریکییەکانی ناو عێراق تا ساڵی 2010 بکێشێتەوە، هەرچەندە ئاماژەشی بەوە دابوو کە "هێزێکی پاشماوە"یش دەهێڵێتەوە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی لەدژی تیرۆریستان و ئەندامانی قاعیدە لە ناو عێراق و، هەروەها بۆ پارێزگاریکردن لە داوودەزگا ئەمریکییەکان لەم وڵاتەدا، هەروەک باڵیۆزخانەکەی لە عێراق، کە بە گەورەترین نووسینگەی دیپلۆماسی دەژمێردرێ لە جیهاندا.

لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئۆباما خۆی لە درکاندنی ژمارەی کتومتی سەربازانی ناو ئەم هێزە پاشماوەیە دەپاراست، چونکە درکاندنی هەر جۆرە وردەکارییەکی ئەم بابەتە ڕەنگە لەگەڵ پێگەی دژە شەڕوەستانی ئەودا نەگونجابا.

ئاخۆ ئەم هێزە چەند فراوانە؟ بە بۆچوونی شرۆڤەکارانی پلە یەکی بواری سەربازی کە خۆم لەگەڵیان دواوم، بۆ مانەوەی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا کەمترین ژمارەی ڕێتێچووی هێزەکان کە توانای بەرگریکردن لە خۆیان هەبێ، لانیکەم بە چوار تا پێنج لیوای جەنگی مەزندە دەکرێ و ڕەنگە ژمارەکە بگاتە 8 لیواش.

ئەم لیوایانە پێویستیان بە لایەنی "توانستبەخش" هەیە بۆ ئەوەی کرداری دیکەی وەک هەواڵگری جێبەجێ بکەن و لەڕووی پزیشکی و فرۆکەوانی یارمەتییان بدا. لەم بارەدا ئەو ژمارەیەی کە ئۆباما لە ڕاوێژکارە شرۆڤەکارەکانی دەبیستێ ڕەنگە بکەوێتە نێوان 30،000 تا 60،000 سەرباز، کە تاوەکو پاش 2010 لە عێراقدا بمێننەوە.

بەگوێرەی مەرجەکانی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە2008/11/27 دا لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کرا، پێویستە ئەو سەربازانە تا کۆتایی 2011 بکشێنرێنەوە. (هەرچەندە وێ دەچێ بێ ڕەچاوکردنی مەرجەکانی ناو ئەو ڕێککەوتنە، ژمارەیەکی زۆر کەمتر لە ڕاوێژکاران و هێزەکانی تایبەت پاش ئەم ماوەیەش لە عێراقدا بمێننەوە).

ئیدارەی ئۆباما تووشی بەرپەرچدانەوەی دیکەی پێشبینیکراو دەبێتەوە کە لە عێراقدا بەڕێوەن و لەسەر ئاستی کەرکووک نین، بەڵام هەریەک لەم بەرپەرچدانەوانە دەشێ ئاشتییە لەرزۆکەکەی ناو عیراق لەنێو بەرن.

حکومەتی عێراق تەنیا 20%ی ئەو 100000 چەکدارەی سەحوەکانی عێراق لەناو سوپا یان هێزی پۆلیسدا وەردەگرێ، چونکە بەوەرگرتنی ژمارەیەکی زیاتر هاوسەنگیی نەتەوەیی ئەم هێزانە تێکدەچێ. چارەنووسی ئەو 80000 کەسەی دیکە کە بەزۆری سونین وەک گرێکوێرەیەک وایە، چونکە هەر هەموویان چیتر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە مووچە وەرناگرن. دەشێ زۆربەیان بگەڕێنەوە ناو ڕیزی یاخیبووانەوە.

کێشەیەکی دیکەی چارەسەر نادیار گەڕانەوەی پەنابەرانە. لە ڕاستیدا نە ئەمریکییەکان و نە حکومەتی عێراقی پلانیان بۆ نیشتەجێکردنەوەی ئەو میلیۆنان عێراقییە نییە کە پاش نزمبوونەوەی ئاستی توندوتیژی ڕەنگە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. زۆربەی پەنابەران سونین و دەگەڕێنەوە بۆ ناو ئەو خانووانەیان کە لە لایەن شیعەکانەوە داگیرکراون.

دەکرێ وانەی گرنگ لە ئەزموونی گەڕاندنەوەی 5 ملیۆن پەنابەری ئەفغانی کە لە ساڵی 2002ەوە بە زۆری بەسەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێکوپێکییەوە گەڕێندراونەتەوە، وەربگیرێ.

قاعیدەش لە عێراقدا ڕەنگە دووبارە ڕۆڵێکی سەرەکی وەربگرێتەوە، هەرچەندە ئێستا پێگەیەکی زۆر بێهێزی هەیە.

لەگەڵ کوژرانی ئەبو موسعەب زەرقاوی لە ساڵی 2006دا، قاعیدە سەرکردەیەکی کاریزمایی نەما. چوونی شەڕکەرانی بیانیش بۆ ناو عێراق لە نزیکەی 120 کەس لەمانگێکدا بۆ 20 کەس لە یەک مانگ دابەزیوە.

ئەمەش هۆیەکی سەرەکییە بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی، چونکە نیوەی ئەم شەڕکەرە بیانیانە خۆیان بۆ تەقینەوەی خۆکوژانە بەختدەکەن، لە ئەنجامدا بۆ هێرشی خۆکوژانە، قاعیدە پڕژاوەتە سەر بەکارهێنانی ئافرەتان بە شێوەیەکی ڕووەو زیادبوون. هەڵبەت ئەمەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ زیاترکردنی نێوبانگی قائیدە نەبووە.

وا چاوەڕوان دەکرا کە کردەوەکانی دژ بە قاعیدە کە لەم هاوینەی ڕابردوو لە دەوروبەری موسل (لە باکووری عێراق)دا ئەنجامدران، بە یەکجارەکی قاعیدە بنبڕ بکەن، کەچی دەرکەوت ئەم گرووپە پاش تێکشکان، سەرسوورهێنەرانە خۆی ڕێکدەخاتەوە. کارمەندانی هەواڵگری نیگەرانن لەوەی قاعیدە بتوانێ لە باکووری عێراقدا زۆر کاریگەرانە سوود لە مەسەلەی نەتەوەیی وەربگرێ، بەڕادەیەکی زۆریش بۆ کێشەی کەرکووک، هەرچەندە سەرکردەکانی قاعیدە بەزۆری بیانین، بەڵام زۆربەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە عێراقین.

***پیتێر بێگن ئەندامی "نیو ئەمێریکا فاوندێیشن"ە. لە سەنتەری یاسا و ئاسایشی زانکۆی نیۆیۆرک، دەستەی شارەزایانی ئابووری و سیاسیی نیو ئەمێریکا فاوندێیشن لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان برەو بە بیری نوێگەرانە دەدەن. بێرگن نووسەری کتێبی "ئەو ئۆسامە بن لادنەی کە من دەیناسم: مێژوویەکی زارەکیی لەبارەی سەرکردەی قاعیدە"یە. شرۆڤەکاری کەناڵی CNN ە لەبواری ئاسایشی نەتەوەیی.**

ڕووداو

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# درۆی زل زل

ناشێ یەکێتی و پارتی چاوەڕێ بن منداڵێکی ساوا باوەڕیان پێبکات، کاتێک دەڵێن دەمانەوێ دەسەڵاتەکانی حیزب لە حکوومەت دوور بخەینەوە؟ تۆ بڵێی هێندە ساویلکە بن، خەڵکی کوردستان بە گێل بزانن؟ تۆ تەماشا بکە، لە لایەک ڕاپۆرت و پرۆژە و ڕاسپاردە بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکوومەت ئامادە دەکەن، لە سەرێکیشەوە، ڕۆژانە چەند جارێک، شکۆی ئەو حکوومەتە دەڕوشێنن، کە هەر خۆیان بێ ڕکابەر تاپۆیان کردووە. ئەی ئەوە نییە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان، کە تا ئێستا یاسالێسن، داڕشتنی یاساکەیان بۆ مەکتەبی سیاسی هەردوولا گێڕایەوە! زانیمان پەرلەمانی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە شایانی باس بێت، بەڵام هەر نەبێ خۆ ئامادەکارییەکانی پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگەکانی کوردستانیان نزیک تەواوبوون کردبوو، کەچی لە بری ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، دەسەڵاتی ئەنجوومەنە بێدەسەڵاتەکانیان تا کۆتایی ئەمساڵ درێژ کردەوە و پرۆژە یاسایەکەشیان کێشایەوە بۆ ژوورە بێ گوێ و بێ چاوەکانی مەکتەبی سیاسیی هەردوولایان.

دەستەواژەی (داو و دەزگەی حکوومیی و حیزبی) کە ڕۆژانە لە ڕۆژنامە نەخوێندراوەکانی خۆیاندا و لەناو هەواڵە بێتامەکانیاندا دووبارە دەکرێتەوە، نەک هەر ڕاست نییە، درۆیەکی زل زلیشە. ڕاستت دەوێ، لە کوردستاندا هەر دەزگەی حزبیی هەیە و داو و دەزگەی حکومەتی، جارێ خەونێکی وەدینەهاتووە.

ناوی وەزیرێکم پێ بڵێن لەبەر لێهاتوویی لە بوارەکەی خۆیدا نەک لە دابەشکردنی حیزبیدا پۆستی وەرگرتبێت، نزیکەی هەموو وەزیرەکانی کوردستان، پتر لە براوەی لۆتەری دەچن و پۆستەکانیان وەک لە یانەسیبدا بۆ دەرچووبێ وایە. ئەگەر نا، کە توور لە ئێرانەوە بێت، وەزیری کشتوکاڵمان بۆ چەس؟ کە خاوەن مووەلیدەی گەڕەکەکان منەتیان بەسەرمانەوە هەبێ، وەزیری عەلەتریک کاری چییە؟ کە مرۆڤ بێنرخترین کاڵای ئەم وڵاتە بێت، وەزارەتی مافی مرۆڤ گاڵتەجاڕی نییە؟ کە یاسا هەر لە کتێباندا هەبێ، وەزیری داد چ پێویست دەکات خۆی مشەوەش بکات؟.

خۆ حاڵی پەرلەمانیش لە حکوومەت خاستر نییە، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان کوردییەکەیان کەڵکی ئەوەی نییە دوو دەقیقە قسەی پێبکەن، بە من ناڵێن نوێنەرایەتی کێ، بە چی دەکەن؟ حیزبیش کە ئەمجۆرە خەڵکەی ناردووەتە پەرلەمان، هەر ئەوەندە کاری پێیانە ناو بەناو دەست بەرزبکەنەوە و نققە نەکەن. ئەوە نەبوو سەرۆکی فراکسیۆنی کەسک، جارێک لە جاران، سووکە ناڕەزاییەکی لەسەر یاسایەک کە لە چێشتخانەی هەردوو مەکتەب سیاسیدا لێنرابوو، نیشاندا، چلەی نەچوو لە شوێنەکەی دایانبەزاند! ئەوە ینک و پدک خۆیانن، بە تەواوی هۆشیارییەوە، کار بۆ شکۆشکاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەن. هەموو پرۆژە و ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانتان بۆ خۆتان، لەوانەیە خەڵکی کوردستان، تۆزێک ساویلکە و نەدیتکە بن و باوەڕ بە هەندێ لەو گەمانە بکەن کە بە ناوی دیموکراسییەوە دەیکەن، بەڵام هێندەش گێل نین، ئێوە بە خاوەنی پرۆژەی بەهێزکردنی حکوومەت و سنووردارکردنی حیزب بزانن.




پەیامی ڕووداو

# مالیکی بۆ نەهات

کۆتایی ساڵی رابردوو هەر گوتیان عەبدوڵڵا گیولی سەرۆک کۆماری تورکیا ئەمڕۆ نا سبەی دێتە بەغدا و سەرێکیش لە هەولێر دەدات، بەڵام عەبدوڵڵا گیول گوتی گوێم دێشێ، تا ئێستاش دیار نییە کەی گیول لەو نەخۆشییەی چاک دەبێتەوە. لە کۆتایی ساڵی رابردوو و سەرەتای ئەمساڵیش عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گوتی و دووپاتیکردەوە کە د.نوری مالیکی لەم رۆژانەدا سەردانی هەولێر دەکات، بەڵام ئەویش هەر خەریکی گەڕانە بە نێو شارەکاندا وەک سەرۆک وەزیر، بەڵام بەکردەوە ریکلام بۆ لیستەکەی دەکات بۆ دەرچوون لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکان.

وای لێکدەدەمەوە کە مالیکی هاتنی خۆی بۆ کوردستان پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە عێراق، بە باش دانانێت، چونکە یەکێک لە بەهێزترین ئەو دەستکەوتانەی! مالیکی خۆی پێوە هەڵدەکێشێ بۆ دەنگ بەدەستهێنان پێ برینی کورد و نەهێشتنی دەستبالایی کوردە، هەروەک لە پەیامی هەڵبژاردنی لیستەکەیدا زەقیکردووەتەوە.

حیزبەکەی مالیکی ئێستا کە تەنیا نۆ کورسی لە پەرلەمان هەیە و، تەنیا ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلای بەدەستەوەیە، بەو شێوەیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی رابردوو لاوازی پێگەی جەماوەری ئەویان پیشاندا. ئەمجارە دەیەوێ، هەروەک ستوونووسی کەنەدی ترودی رۆبن دەڵێ، وەک "سەدامێکی باش" ببێتە جێی متمانەی عەرەبی سوننەش.

مالیکی ئەو سیاسەتەی لەسەر حسابی کێشە دروستکردن و چارەسەرنەکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر جێبەجێدەکات، لەبەر ئەوە بە هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو بالابوونەی خۆی لای ئەو عەرەبانە دەشکێنێ کە پێیانوایە مالیکی بووەتە رێگری بەدیهاتنی داواکانی کورد.

حیزبی دەعوە، کە بە تایبەتمەندێتی عروبی بوون لە حیزبە شیعە عێراقییەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، لەدوای رووخانی رژێمی سەدامەوە نمونەیەکی دیموکراسی نیشان نەدا، بەڵکو نمونەیەکی کودەتایی لە ژیانی نێوخۆی حیزبی خۆیدا نیشاندا، بەوەی کێ سەرۆک وەزیربێ هەر ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەیەوە ببێتە سەرۆکی حیزب، وەک چۆن لە نمونەی لابردنی ئیبراهیم جەعفەری لە سەرۆکایەتیکردنی حیزبی دەعوەدا دەرکەوت. بەهەمان شێوە مالیکی کە ئێستا بەخۆی وەک سەر لیستی (ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا) کەتووەتە نێو هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە نمونەیەکی پابەند نەبوون بە یاساوە نیشاندەدات و پارەی حکومەت بۆ حیزبەکەی بەکاردێنێ هەروەک رکابەرەکانی دەڵێن.

ئاکۆ محەممەد



# دەستودامانی بەرپرسان

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

من دەستم لەوە شوشتووە کە هەیە و ترسی لە دەستدانی داهاتوو و چارەنوسی ئەو منداڵانەش دایگرتووم کە هێشتا نەهاتوونەتە دنیاوە. دوژمن توانیویەتی وڵاتمان داگیر بکا و ماڵمان بسووتێنێ و ئاوارەمان بکا و بمانکاتە کۆیلەی زەلیل و جاش و باش و جاسووس، بەڵام هیچ دوژمنێک نەیتوانیوە زمان لە خەڵکی کورد سەقەت بکا، کەچی خۆمان، بەکاوەخۆ سەقەتی دەکەین و لە بناخەشەوە پێیدا دێین و بنخانی دەکەینە زبڵ تا سەرخان بە خۆیەوە نەگرێ. هەر ئەوە وایکردووە خوێندکاری زانکۆی ئەم سەردەمەی خۆمان نەختێک لە دەرچووانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی سەردەمی پاشایەتی و دواتر خوێندەوارتر بن.

کاتی خۆی نووسینێکم لە سەر مانشێتی هەڵە و نابەجێی رۆژنامە حیزبییەکان نووسی و وەک هەر نووسینێکی دیکە کە بە لای گوێی بەرپرساندا تێدەپەڕێ، تێپەڕی و مەگەر لە داهاتوودا و بۆ شایەدیدان رۆڵی هەبێ دەنا بۆ ئێستا بە گەرووی حەزیادا چوو. ئێستا سەد رەحمەت بۆ ئەو مانشێتە هەڵانە دەنێرم چونکە خەریکە لە بناغەوە زمانی کوردی وێران دەکەن. دەڵێم بناغە، مەبەستم پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتاییە. منداڵی کورد دەچنە قوتابخانە تا بەر لە هەموو شتێک خۆیان و زمان و نیشتمانی خۆیان بناسن و ببنە خاوەنی پێناسە و بناغەیەکی بەهێزیان بۆ کەسایەتییان هەبێ، کەچی سەرنج دەدەم رۆژ بە رۆژ بەرەو نەهامەتی دەبرێن و بۆ وێرانبوون ئامادە دەکرێن. قوتابخانەی منداڵانی بەرپرسان جیاوازییان لەگەڵ قوتابخانەی برسییاندا هەیە، بەڵام ئەو بەرپرسانە بیریان لەوە نەکردووەتەوە ئەگەر بە دیار سەری ئەو هەموو تێکشکاوەوە پاشاش بن، دەبنە پاشای کۆمەڵێک کۆیلەی زەلیل نەک میللەتێکی چاوکراوەی لێهاتووی خاوەن داهێنان، ئەوەش نە سەروەرییە نە شەرەفمەندی!

لە کتێبی زانستی پۆلی دووەمی سەرەتاییدا ئەم رستەیە نووسراوە و سەراپای ئەو کتێبە و ئەوانیتر پڕن لە هەڵەی لەو بابەتە و بابەتیتر:

"بۆم دەردەکەوێت بۆچی جل و بەرگ هەڵواسراون لە سەر گوریسی جل شۆردن."

کە دەڵێ گوریسی جلشۆردن، گەڵاکوتکم بە بیردا دێ کە جاران، ئەو دەمانەی چۆغانیان لە بری سابوون بەکار دەهێنا، جلیان پێ دەشوشت، ئەوەش کاری گوریس نییە. ئەو رستەیە بۆ ئەوە نییە منداڵ فێربن کە کورد دەزوو و مەچیر و بەن و خرێنە و شۆرتک و گۆلەسار و گوریس و کەژووی هەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە منداڵ بزانن با و خۆر جلی تەڕ وشک دەکەنەوە بۆیە ئەو جلانە بە تەنافەوە دەکرێن و هەر یەکێ لەو کەرەسە چندراوانە بکرێتە تەناف، بە گوریسیشەوە، پێیدەگوترێ تەناف نەک گوریس یان کەژوو. ئیدی منداڵی کورد چۆن شارەزای زمانی خۆیان ببن و چۆن رێزی بگرن لە کاتێکدا لە کتێبەکانیاندا شتی وا هەبێ؟ گەورەساڵان باسی فەلسەفە و داهێنان و زمانی یەکگرتوو دەکەن و لە سەر شێوەزارەکان شەڕیانە کەچی ئاوڕ لەو پیلانانە نادەنەوە کە بە ناوی پەروەردەوە منداڵی کورد سەقەت دەکەن. لەبەر ئەوەی ئەو زمانە سەقەتکراوە نابێتە زمانی دایک، پێم خۆشە وەزارەتی پەروەردە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بداتەوە: منداڵ بچێتە قوتابخانە تا زمانێکی سەقەت فێر ببێ باشە یا لە ماڵەوە فێری کوردییەکی دەستکارینەکراوی ئاسایی بێ؟! ئایا منداڵ بە تورکییەکی باش یا عارەبییەکی باش بخوێنێ باشە یان بەو کوردییەی کە هەزاران شەهید لە پێناویدا دراوە و ئێستا ئاوها سەقەتە؟ ئاخر پەرلەمانێک بڕیاری خۆی بە کوردی دانەڕێژێ چۆن لە کێشەی ئاوها دەکۆڵێتەوە، یان تێیدەگا؟

کتێبەکان پڕن لە هەڵە و بابەتی ناڕوونی وا کە نەک منداڵ، بگرە گەورەساڵیش ناتوانن ڕوونیان بکەنەوە. دڵمان خۆشبوو قوتابخانەکان لاسایی خوێندنی ئەوروپا و مەنهەجی ئەوروپا، بە تایبەتی سوید دەکەنەوە، بەڵام ئەم بابەتە باسانە بە سەر خاوەنیاندا بدەیتەوە نە دەیانناسێتەوە نە ڕازی دەبێ هی ئەو بن! دوای ئەوە، پۆلێکی قوتابخانە 42 قوتابی تێدا بێ و ژمارەی مامۆستای کەمبێ و ئەوەش خوێندنی بێ، لاساییکردنەوەی سیستەمی قەرەقۆشە یا هی سوید؟! منداڵ لە سوید، کە دەچنە پۆڵەوە، چاکەتی لێ دادەنێن و بە جلی تەنک و سووکەوە لە پۆلێکی گەرموگوڕدا دادەنیشن و هەر پۆلێکیش دە دوانزە منداڵی تێدان و مامۆستا فریای هەموویان دەکەوێ. بەڵام منداڵی کورد کە ئەو مەنهەجە سەقەتە دەخوێنن، لە پۆلە بلۆکە چەمەنتۆڕێژکراوەکەیاندا، کە بە زستانان زەمهەریرە و بە هاوین فرنە، زۆپایەک نییە گەرمیان بکاتەوە ساردکەرەوەیەک نییە فێنکیان بکاتەوە، چ جای جلی سووک و خۆراک و چاودێری تەندروستی و دەروونی. ئیدی بەرنامەی سوید چۆن ئاوها عیبرەت دەکەن! لە سوید، منداڵی بەرپرس، لە پاشای وڵاتەوە بگرە تا دەگاتە منداڵی گسکدەر، لە یەک پۆلدا دەخوێنن و یەک مامۆستا و یەک مەنهەج و یەک خۆراکیان هەیە و لەم کاولەسارەی ئێمەدا، بە پێی جیاوازی پلەی حیزبی قوتابخانەی جیاوازیش هەیە و خراپترین بەرنامە و قوتابخانە و کەمترین ژمارەی مامۆستا و سەرما و نەخۆشی بۆ ئەوانەن کە لە حیزبدا یا دامێنن یا ئەندام نین و ململانێی حیزبایەتیش لەو دڵە پەپوولانەدا دەچێنن!

کاتی خۆی، لە مزگەوتەکاندا دەیانگوت: منداڵ لە قوتابخانە عیلمی شەیتان فێر دەبن!

بە بەختم ئەوەیە عیلمی شەیتان! تۆ سەرلەبەری نەوەی داهاتوو عیبرەت دەکەیت و دڵیشت خۆشە کورد فیدراڵی هەیە و خۆی خۆی بەڕێوە دەبا و قوتابخانەکانیشت مۆدێرنن! عیلمی شەیتان چۆنە؟

دەستودامانی بەرپرسان دەکەوم دەستبەرداری هۆشی منداڵی کورد بن و تێکیان نەدەن، ئەگەر لە پاشەڕۆژدا ببنە جاشیش، جاشی خوێندەوار و کوردیزان بن باشترە! ببنە چەکداری خۆتانیش چەکداری کوردیزان و خوێندەوار بن لەوە باشترە ببنە نەقیب و زەعیمی نەخوێندەوار! ئەدی نابینن ئەوانەی تۆخترین بەعسی بوون، باشترین کوردی لە سایەی بەعسدا فێر بوون و ئێستا خزمەتیان دەکەن و ئەوانیش بە زمانێکی پاراو خزمەتتان دەکەن؟!



# لێبووردن بەس نییە

ئیبراهیم گوچلو- ئامەد
ibrahimguclu21@gmail.com

مانگی رابردوو ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکیا TESEV، لێکۆلینەوەو پرۆژەیەکی سەبارەت بە کێشەی کورد بڵاوکردەوە. ئەو لێکۆلینەوەو پرۆژەیە بەرئەنجامی ئەو پرسیارانە بوو کە لە رۆشنبیر، سیاسەتمەدار، بەرپرسانی پارتە سیاسییەکان و دەزگا کۆمەڵایەتی و کۆمەڵە مەدەنییەکان کرابوون. ئەزیش بەوشێوەیە یەکێکبووم لە بەشدارانی ئەو لێکۆڵینەوەو پرۆژەیەی TESEV. بەداخەوە لەبەر ئەوەی وەڵامەکانم بە گوێرەی دڵی ئەوان نەبوون، نەیانویست ناوی من بخەنە لێکۆلینەوەکەیانەوە.

TESEV لێکۆڵینەوەکەی وەک پرۆژەیەک خستە بەردەم رای گشتی. لەو لێکۆڵینەوەیە لەنێو داواکاریەکانی کوردان دا پەروەردە بەزمانی کوردی زەقکراوەتەوە. بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی مافی چارەنووس و بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان لەلایەن کورد خۆیانەوەو مافە سیاسیی و ئیداریەکانی کورد ناکات، تەنیا باس لە مافە کولتووریەکان دەکات.

بەکورتی ئەو لێکۆڵینەوەیە بنچینەیەک دروستدەکات چونکە بە گوێرەی کۆنسێپتی نوێی دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بەکێشەی کورد، ئامادەکراوە. بەم لێکۆڵینەوەیە عەقلێکی نوێ بۆ دەوڵەت دروستدەبێ و لەهەمان کاتیشدا رێگەیەکی نوێی ئەنتەگراسیۆن دەستنیشانکراوە.

لەدوا بڕگەی راپۆرتەکەی TESEV دا هاتووە کە دەوڵەت قەرزاری کوردە و پێویستە داوای لێبوردنیان لێبکات. لە دوای ئەو داوایەی TESEV بەشێک لە رۆشنبیرانی کورد جا چ بەرێگەی نووسراو بێت یان بە قسە بێ گوتیان ئەوە داواکاری و پێشنیازێکی باشە و پێویستە کۆماری تورکیا داوای لێبووردن لە کورد بکات.

ئەو هەڵوێستە سەلماندی کە رۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی کورد تا ئێستا خۆشیان لە کێشەی کورد تێنەگەیشتوون و،خاوەن بۆچوونی تایبەتی و زانستیانە نین سەبارەت بەکێشەی کورد و کوردستان، بەڵکو دەزگا و رۆشنبیرانی تورک چیان گوت و چ بخەنە پێش ئەوان، ئەوە پەسەند دەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی ئیمپریالیزمێکی کولتووری لەسەر رۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی کورد. ئەو راستیە دەیان ساڵە بووەتە هۆی هەڕەشە و بە بنبەست گەیشتنی کێشەی کورد.پێویستە ئیدی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد لەو مەترسییە دەرکەون و ناسنامەیەکی نوێ و سەربەخۆ بەدەستبخەن.

" لێبووردن" بۆ هەلومەرج و شتێکی تایبەتی واتادارە، ئەویش کە دەزگایەک کەموکورتییەکی بچووک بەرامبەر کەسێک یان دەزگایەکی دیکە ئەنجامبدات کە هەستی بریندار کردبێ و زیانێکی مەعنەوی پێگەیاندبێ، نەک کەسێک کەسێکی دیکەی کوشتبێ، یاخود دەوڵەتێک نەتەوەیەکی جینۆساید کردبێ وسەت ساڵ بێ مافەکانی زەوتکردبێ، ئەوە بە"لێبووردن" چارەسەر ناکرێ.

لەبەر ئەوەش پێویستە هوردبینانەتر سەیری پەیوەندییەکانی کورد و کۆماری تورکیا بکەین و، لە ئەنجامیشدا پێویستە داواکاریەکانمان دیاری بکەین.

کوردستان، لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا خاوەن دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار بوو.بەڵام هەرچەندە کورد رۆڵێکی گەورەی لە دامەزراندنی کۆماری تورکیادا گێڕا، پێش دامەزراندنی کۆمارەکە پەیماننامە لەنێوان بەرپرسانی تورک و کورددا کرابوو، بەڵام دوای دروستکردنی کۆماری تورکیا، دوای ئەوەی لەنێوخۆ و دەرەوەدا پێگەی خۆی بەهێزکرد نکۆلی لە بوونی کورد و کوردستان کرد و گوتی " کورد نینە و کورد تورکن".

لەبەر ئەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەی تورک دامەزرابوو، تورک هێشتا نەتەوەیەکی کامڵ نەبوو، پێویست بوو نەتەوەی تورک دروستبکرێ، بۆ ئەمەش پێویست بوو نەتەوەی کورد لەنێو ببرێت، لەوپێناوەشدا سیاسەتێکی دژوار و دیسپۆتیک دژی کورد پەیرەوکرا.

لەو چوارچێوەیەشدا مافەکانی کورد پێشێلکران و، کوشتن و هەڵدڕینی زگی ژنانی دووگیانی کورد لەکاتی راپەڕینەکان دا بەشی کورد بوو. ناوی شار، گوند، چیا، کوێستان، دەشت و رووبارەکانی کوردستان کرانە تورکی. جلوبەرگی کوردی قەدەخەکرا، دەرگای قوتابخانە ئاینییە کوردییەکانیش داخران، ئەو کوردانەی بەکوردی قسەیان دەکرد بە پارە و زیندان سزادەدران. دایک بۆی نەبوو بە کوردی چیرۆک و لاواندنەوەش بۆ منداڵەکانی بکات. ئەوە سەت ساڵە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە کورد بەردەوامە.

پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو هەموو جینۆساید و نکۆلیکردنە بە داوای لێبووردن کردن چارەسەر دەبێ؟ بەڕای من چارەسەر ئەوەیە سوپای تورکیا لە کوردستان بکشێتەوەو، کورد ببێتە فەرمانڕەوای وڵاتەکەی و وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکە ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی، بەپێی بنەمای یەکسانی گەلان پەیوەندی لەگەڵ تورک و نەتەوەکانی دیکە هەبێت.



# بێ کەڵک!

هاوڕێ باخەوان- لاهای- هۆڵندا
hawreh@bakhawan.com

زۆر جاران لێرە و لەوێ، لە سکرینی تەلەڤزیۆنەکان یان لە ماڵپەڕ و رۆژنامە کوردییەکانەوە، دیمانە یاخود بابەتی کەسانێکم بەر چاو و گوێ دەکەوێت کە بە وتەی خۆیان کەسانێکی ئەکادیمی و خاوەنی ئەو پیتی "دال"ەن کە رەوا بێت یان ناڕەوا کردوویانەتە پێشگری ناوەکانیان. زۆرینەی ئەوانە نە دەتوانن دوو وتەی بەسوود لە دەمیانەوە بێتەدەرەوە، نە دەشتوانن تەنانەت دوو دێری بێ هەڵەی کوردی بنووسن! کەچی پێیشیان دەگوترێت دکتۆر و ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ و پێگەیێنەری نەوەکانی دوواڕۆژ!.

زۆر جاریش لە دڵی خۆمدا بەراووردێکی ئەوانە دەکەم بە زمانزانێکی بێدکتۆرای وەکو مەسعود محەممەد و دەڵێم ئەگەر ئەوان دکتۆر و ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ و پێگەیێنەری نەوەکانی دوواڕۆژ بن! ئەدی دەبێت کەسێکی وەک مەسعود محەممەد چ بێت!.

کە دەبیستم فلان مامۆستای زانکۆ بەو شێوەیە رەفتاری کردووە و قوتابییەکانی دەڵێن هیچ نازانێت و کەچی دکتۆرایشی هەیە! لام سەیر نییە، چونکە دەزانم زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی لە دەرەوە خوێندنیان تەواوکردووە، لە یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوسای بلۆکی رۆژهەڵات بوون و سەرجەمی ماندووبوونی زۆرینەی زۆریان بە هەموو خوێندنەکەیانەوە ناگاتە ماندووبوونی مانگێکی خوێندنی ئەوروپای خۆرئاوا! دەشزانم ژمارەیەکی باشیان بە بەرتیل و بوتڵە ویسکی و دۆلار بوونەتە خاوەنی بڕوانامەی "ئەکادیمی". ناوی کەس ناهێنم، دکتۆرێکی زۆر بەنێوبانگ کە ساڵانێکە مامۆستای زانکۆیە، بەدڵنیاییەوە بە فەرشێکی کاشان لە یەکێتیی سۆڤیەت نامەی دکتۆراکەیان بۆ نووسیوەتەوە.دیسانەوە ناوی کەس ناهێنم یەکێکیتریان نامەی دکتۆراکەی لە هەشتاکاندا بە هەزار دۆلار خودی پرۆفیسۆری بەرپرس بۆی نووسیوە و، زۆریتر.

چەند رۆژێک لەمەوبەر لەگەڵ خانمێکی "گانا"یی کەوتمە گفتوگۆ و باسی بڕوانامەماندەکرد، زۆرجار لە گفتۆگۆکانیدا دەسڕی توالێتی بۆ بڕوانامەی ئەو کەسانە بەکاردەهێنا کە چیی واهییان پێنییە و کەچی خاوەن بڕوانامە و پلەوپایەشن. پاشانیش دەیگووت دەسڕی توالێت زۆر لە بڕوانامەکانی ئەوان باشتر و بەبەهاترە، چ نەبێت ئەو دەسڕە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات، بەڵام بڕوانامەکانی وان کەسانێکی کردووەتە مشەخۆر بەسەر مرۆڤایەتییەوە بەبێ ئەوەی شتێک پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن. کاریان هەر تێکدانی کۆمەڵگەکانە.

بەپێی پێوەری ئەو خانمە گاناییە، دەکرێت بڕوانامەی نیوەی زۆرتری دکتۆرا و ئەکادیمییەکانی کوردستان بە دەسڕی توالێت بزانرێت. ئەوانە نەک پێگەیێنەری نەوەی داهاتوومان نین، بەڵکو یەکێکن لە کارەساتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە.

خۆزگە بڕوانامەش بۆ ماوەیەکی کاتی بوایە و هەر چوار ساڵ جارێک خاوەنەکەی پاش برینی چەند ئەزموونێک نوێی بکردایەتەوە. ئەوسا دەمانزانی زۆرینەی ئەو خاوەن دکتۆرایانەی کە بۆ نموونە لە مۆسکۆ خوێندنیان تەواو کردووە، تەنانەت زمانی رووسیش نازانن!.

# له هەولێر زێڕ دەخەنە ناو دایبی

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-هەولێر**



ماڵێک لە هەولێر دەچنە سەفەر، ژنی ماڵەکە بۆ شاردنەوەی 70 مسقال زێڕەکەی لە دزان، دەیانخاتە ناو دایبی (حەفازە)ی منداڵەکەی، کە گەڕابوونەوە ژنەکە دایبی منداڵەکەی گۆڕیبوو، پیاوەکەش وایزانبیوو دایبییە پیسەکەیە و یەکسەر فڕێیدابووە ناو تەنەکەی زبڵ.

زیاد رەشـــید، سەرپەرشتیاری گشـــتی کۆمپانیای جەنائین، کە کاری پاککردنەوەی هەولێر ئەنجامدەدات، بە (رووداو)ی راگەیاند، شـــەوی 17لەسەر 2009/1/18 لەلایەن مامۆستایەک، لەگەڕەکی شۆڕشی هەولێر ئاگادارکرانەوە، کە 70مسقاڵ زێڕیان لە ناو حەفازەی منداڵەکەیان داناوەو بە هەڵە فڕێیان داوە.

زیاد رەشید گوتی"بەو شـــەوە چووینە زبڵخانەی کانی قرژاڵەو بۆ ماوەی 4 کاژێر گەڕاین تا زێڕەکەمان دۆزیەوە".

# هەر فیوزبکات 10هەزارە

**رووداو-سۆران**



دوای ئەوەی سیستەمی کارەبای 20 ئەمپێری بە رێگەی سرکێت لە قەزای سۆران جێبەجێکرا، هاووڵاتیان کەوتنە داوی کارمەندانی کارەباوە.

هەر ماڵێک کە سـرکێتەکەی فیوز دەکات، دەبێ لەلایەن کارمەندانی کارەباوە چاکبکرێتەوە، بۆیەش ژمارە تەلەفۆنی ئەو چەند وەستایەی کارەبا لای هەموو ماڵەکان هەیە و زۆرجار ئەو کارمەندانە لەبەر زۆری کار تەلەفۆنەکانیان دادەخەن. بەڵام لەوەش خراپتر ئەوەیە هەر ماڵێک لەبەرامبەر چاککردنەوەی کارەباکەی دەبێ 5هەزار بداتە کرێی گواستنەوەی قاڵدرمەی کارەبا و 5 هەزار ی دیکەش بداتە کارمەندەکە، هەرچەندە کارمەندەکە مووچەی لە حکومەت هەیە و ئەو پارەیەی وەریدەگرێ نایاساییە.

# عەبدوڵڵا گیول و ئەردۆغان چەپڵەیان بۆ لێدام

**عیسمەت سیڤەرەکلی**
**رووداو-ئیستەنبوڵ**



نیلۆفەر ئیقبال، کارمەندی کەناڵی کوردی دەوڵەتی تورکیا TRT6، کە لە رێورەسمی کردنەوەی تەلەڤزیۆنەکەدا لە سەرەتای ئەمساڵ بەکوردی گۆرانـــی گوت، بـــە (رووداو)ی راگەیاند کە هەر یەک لە عەبدوڵڵا گیولی ســـەرۆک کۆمار و ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران دڵخۆشبوون و چەپڵەیان بۆ لێداوە " ئەوە بۆ من هەستێکی زۆر خۆش بوو" . بەڵام هەندێک کورد بەهۆی کارکردن لەو تەلەڤزیۆنەدا ئەویان بە خیانەت و خۆفرۆشی تۆمەتبارکرد. ئیقبال لەوەڵامی ئەوانەدا دەڵێت "ئەو هەڵوێستە تووشی سەرسوڕمانی کردم، برادەرە تورکەکانم لێم دەپرســن بۆچی پێتدەڵێن خۆفرۆش؟، ئەز شەرم دەکەم، نازانم چۆن وەڵامیان بدەمەوە".

لاپەڕە 10


# Rûdaw

Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەورووپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاین : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997
ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی
Tel: 0750 488 5696 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net



